#ماسك بەستن XEBAT کەبات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5995) یەکشەممە 30ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

فەرەنسا هەمیشە مامەڵەی دۆستێکی نزیکی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کردووە



ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە 2020/8/27 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە خاتوو فلۆرانس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنسا و شاندێکی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا دواییەن پێشهاتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و جموجۆڵی داعشیان لە عێراق تاوتوێکرد و جەختیان لە پێویستیی بەردەوامیی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و مەترسییەکانی دڵنیابوون لە بنەبڕکردنی یەکجاریی داعش کردەوە.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سوپاسی رۆڵی کاریگەری فەرەنسای لە تێکشکاندنی داعشدا کرد و ئاماژەی بە ڕۆڵی هێزە فەرەنسییەکان لە هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتیش مەشق و ڕاهێنانیان بە پێشمەرگە و هاریکاریی بواری ئەمنی و هەواڵگری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر،

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی وەڵامی دۆران کاڵکان و دەمامکدارەکانی پەکەکە دەداتەوە:

دەتانەوێت بە بەخشینەوەی تۆمەت شکستەکانتان پەردەپۆش بکەن و بەرچاوی خەڵک بگرن؟

بەشی رۆژنامەوانیی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی دۆران کاڵکان و دەمامکدارەکانی پەکەکە دەداتەوە، لە بەشێکی ئەو راگەیەندراوە وەڵامدانەویەدا دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دەڵێت: کێشەی ئەم تاقمەی پەکەکە لەوەدایە لەنێو ژینگەی وەهمدا خەرقبوون و لە بەرگێکی ئیفلاسی فکری و لە بازنەیەکی بەتاڵدا بەدەوری وەهمێك دەخولێنەوە کە نیەتی دژە کوردانەی ئەم تاقمە حەشار بدات.

(دەقی وەڵامەکە لە ل8 بخوێنەوە)

مەسرور بارزانی:

گفتوگۆکان لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز مستەفا کازمی و کابینەکەی بەردەوامن و هیوادارین لە کاتێکی زوودا بگەینە ئەنجامێک کە سوودی بۆ هەموو لایەک دەبێت



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە 26ی ئابی 2020 چاوپێکەوتنێکی تایبەتی بە بەشداری ڕۆژنامەنووسانی دیاری هەریەك لە کەناڵەکانی (العراقیە، زاگرۆس، الشرقیە، العربیە الحدث، الجزیرە و الحرە) ئەنجامدا، ئەم چاوپێکەوتنەش دوای ئەوە دێت ڕۆژی 24ی ئابی 2020، سەرۆکوەزیران چاوپێکەوتنێکی هاوشێوەی لەگەڵ میدیای کوردستانی ئەنجامدا و تێیدا بەوردی باسی لە پرۆسەی چاکسازی و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و لێکەوتەکانی کۆرۆنا و ڕەوشی دارایی هەرێمی کوردستانی کرد. لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ژمارەیەك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی و عەرەبی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەوردی تیشکی خستە سەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. لەمبارەوە ڕایگەیاند: هیچ کاتێك هەرێمی کوردستان پشکی ڕاستەقینەی خۆی لە داهات و بودجەی عێراقەوە بە دەست نەگەیشتووە. پێشکەوتن و گەشانەوەی ئابووری و ژێرخانی هەرێمی کوردستان بەڵگەیە لەسەر ئیدارەی باشتری ئەو بڕە بودجەیەی، کە هیچ کاتێك (17%) و تەنانەت (12.6%)ی کۆی گشتیی بودجەی عێراق نەبووە کە بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە کراوە. هەروەها گوتیی: پێمخۆشە خەڵکی خۆشەویستی عێراق ئەوە بزانن، کە هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك ماف و شایستە داراییەکانی خۆی لە حکوومەتی عێراق وەرنەگرتووە.

(دەقی دیمانەکە لە لاپەڕەکانی 3 و 4 و 5 بخوێنەوە)



وەزیری پەروەردە:

دەرفەتی کارمان بۆ 3299 خاوەن بڕوانامەی جیاواز ڕەخساندووە

2



ئەنفال و جینوسایدا بێ لێبورین

وتارێکی عادل حەسەن ڕەشید مزوری - فەرەنسا

9



گوتەبێژی یەکێتیی ژووڕەکانی بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان

چاوەڕێ دەکرێت لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە جووڵەی بازرگانی زیاتربێت

6



بەغدا.. ڕێوڕەسمی عاشورا دەستپێکرد

چالاکییەکانی ڕۆژی عاشورا، کە دەکەوێتە دەیەمین ڕۆژی مانگی موحەڕەم لە ساڵی کۆچی و لەو ڕۆژەدا ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی و 72 کەس لە یارانی لە شاری کەربەلا شەهید کران، دوێنێ لە بەغدای پایتەختی عێراق بەڕێوە چوو. لەیەکەمین ڕۆژی ڕێوڕەسمەکەشدا دەیان هەزار کەس لە دەوری گۆلکۆی ئیمام موسای کازم لە بەغدا کۆبوونەوە و بەم بۆنەیەوە شیوەنیان گێڕا.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

فەرەنسا هەمیشە مامەڵەی دۆستێکی نزیکی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کردووە

فلۆرانس پارلی: بە مەبەستی دەربڕینی پشتیوانیی فەرەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانم کردووە



سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

دەرگەی کار و وەبەرهێنان بۆ کەرتی تایبەت و کۆمپانیا فەرەنسییەکان لەسەر پشتە

ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە 2020/8/27 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە خاتوو فلۆرانس پارلی، وەزیری بەرگری فەرەنسا و شاندێکی یاوەری کرد.
لە کۆبوونەوەیەکدا دواییەن پێشهاتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و جموجۆڵی داعشیان لە عێراق تاوتوێکرد و جەختیان لە پێویستیی بەردەوامیی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و مەترسییەکانی و دڵنیابوون لە بنەبڕکردنی یەکجاریی داعش کردەوە.
سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سوپاسی رۆڵی کاریگەری فەرەنسای لە تێکشکاندنی داعشدا کرد و ئاماژەی بە رۆڵی هێزە فەرەنسییەکان لە هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتیش مەشق و ڕاهێنانیان بە پێشمەرگە و هاریکاریی بواری ئەمنی و هەواڵگری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، هەروەها پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ هەموو پشتگیرییەکانی فەرەنسا لە بواری سیاسی و یارمەتیی مرۆییدا بۆ ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە خاتوو پارلی سوپاس و پێزانینی حکوومەتی فەرەنسای بۆ رۆڵی پێشەنگی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لە تێکشکاندنی تیرۆرستانی داعش و حەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەران و پاراستن و بەرگریکردنی لە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان کرد و جەختی لە بەردەوامیی پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان کردەوە.
بەشداریی هەموو پێکهاتەکانی وڵات لە پرۆسەی سیاسیدا، دیالۆگی ستراتیژیی عێراق – ئەمەریکا و بەشداریی هەرێمی کوردستان تیایدا، پەیوەندییەکانی هەرێم و وڵاتانی دراوسێ، دۆخی ناوچەکە بەگشتی و گرنگیی هاوبەشی و کاری پێکەوەیی بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولا، خرانە بەر باس.
دوای کۆبوونەوەکەش سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و خاتوو فلۆرانس پارلی وەزیری بەرگریی فەرەنسا لە لێدوانێکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیدا باسیان لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە کرد.
لە لێدوانەکەیدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گوتی: بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیان لە مەدام فلۆرانس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنسا کرد. سەردانیان لە کاتێکی هەستیاردایە کە هێشتا عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشە، وەک چۆن پێویستییان بە پشتیوانیی سیاسی و ئابووریی. فەرەنسا ئەندامێکی کاریگەری هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییە بۆ بەرەنگاربوونەوە و تێکشاندنی تیرۆر، پشتیوانی و هاوکارییەکی زۆری پێشکەش بە عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە. ئێمە بە پێزانین و بایەخەوە لەم سەردانەیان دەڕوانین کە لەم کاتە هەستیاردا نیشانەی بەردەوامیی پشتگیریی فەرەنسایە بۆ هەرێمی کوردستان.

هەروەها گوتی: فەرەنسا لە زۆر وێستگە و قۆناغی دژواردا پشتگیریی لە هەرێمی کوردستان کردووە، پەیوەندییەکی لەمێژینە هەردوولامان پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر لە سەردەمی ئەنفالەکانی 1988ەوە تا ڕاپەڕینی نەوەد و یەك و ئازادیی عێراق و دوای ئەوەش، هەمیشە فەرەنسا مامەڵەی دۆستێکی نزیکی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کردووە. گەلی کوردستان هەرگیز ئەو پشتگیرییانەی فەرەنسا لە بیر ناکات.

لەبارەی پشتگیرییەکانی فەرەنساشەوە بۆ هەرێمی کوردستان گوتی: لێرەدا حەز دەکەم دووبارە سوپاسی هەڵوێستی سەرۆك ماکرۆن بکەم کە لە ئاڵۆزییەکانی پاییزی 2017دا دەستپێشخەری کرد و گەمارۆی سیاسی و دیپلۆماسی لەسەر هەرێمی کوردستان شکاند. هاوکارمان بوو لە ئارامکردنەوەی دۆخەکە و دەسپێکردنەوەی دیالۆگ و لێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی عێراق. لە کاتی شەڕی داعشدا، وێڕای پشتگیریی سەربازی و هاریکاریی ئەمنی، یارمەتیی مرۆییشی پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران لە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان کرد، بەتایبەتیش خوشك و برایانی مەسیحی و ئێزیدی، هەروەها لە فەرەنسا دەرگای بۆ کردنەوە و پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆریان کرد.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە: هەرێمی کوردستان پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندی و هاریکاری و هاوبەشییە لەگەڵ فەرەنسا، دەرگای کار و وەبەرهێنان بۆ کەرتی تایبەت و کۆمپانیا فەرەنسییەکان لەسەر پشتە، دەتوانن بەشداری و هاوبەشی لە پەرەپێدانی ژێرخانی هەرێمی کوردستاندا بکەن، بە هەمان شێوە لە بوارەکانی سیاسی، ئەمنی، ئەکادیمی و کولتووریشیدا دەتوانین بەرەوی زیاتر بە پەیوەندییەکانمان بدەین.

لە کۆتاییی لێدوانەکەیدا داوای لە خاتوو پارلی کرد سڵاو و ڕێزیان بگەیەنەتە یەکە بەیەکەی سەربازانی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان و گوتی: سوپاسی ڕۆڵیان لە تێکشاندنی داعشدا دەکەین. سوپاسی ڕۆڵی بەڕێزان باڵیۆزی فەرەنسا لە بەغدا و کونسوڵی گشتییان لە هەولێر دەکەین بۆ بەردوادن بە پەیوەندییەکانمان، هەروەها سوپاس بۆ هاوکاریی فەرەنسا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای قایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان.

دووبارە بەخێرهاتنی مەدام پارلی دەکەین، زۆر سوپاس.

لای خۆیەوە خاتوو فلۆرانس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنساش لە لێدوانەکەیدا گوتی: زۆر سوپاس جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەمەوێت بە گەرمی سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بکەم، زۆر سوپاس بۆ ئەم پێشوازییە.

دوای سەردانەکەم بۆ بەغدا، سەردانی هەرێمی کوردستانیشم کرد بەمەبەستی دەبڕینی پشتیوانیی فەرەنسا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کە ڕووبەڕووی چەندین تەحەددی گەورە بوونەتەوە لە ڕووی تەندروستی و بوارەکانی دیکەوە.

ڕێزدار جەنابی سەرۆك، ئێمە لەگەڵ ئێوەداین لەم قۆناغە سەختەدا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعیشدا ئێمە لەگەڵ ئێوە دەبین، ئێمە هەمان دوژمنمان هەیە کە ناوی داعشە، لەم جەنگەی دژی داعشدا خەباتی پێشمەرگە زۆر گرنگە و فەرەنسا شانازی بەوەوە دەکات لەگەڵ پێشمەرگە ئەم جەنگە دەکات کە ماوەی شەش ساڵە بەردەوامە. جەنگێکی سەختە، جەنگێکی قورسە، بەڵام جەنگێکی زۆر گرنگە و دەبێت بەردەوام بێت، ئێمە موکوڕین کە لەگەڵ ئێوە بەردەوام بین لە جەنگی دژی داعش لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا. لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق، هەروەها لەگەڵ جەنەرال وایت و وەزیری بەرگریی حکوومەتی عێراقی فیدرال باسی ئەوە بابەتەمان کرد.

لە کۆتاییدا دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە کە زۆر لە دۆخی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیگەرانین، لەگەڵ سەرۆك نێچیرڤان بارزانی جەختمان لەوە کردەوە کە لە پشتگیریی خۆمان بەردەوام دەبین و پشتیوانیی زیاتر دەکەین، هەروەها پێویستە سەروەریی عێراق بپارێزرێت و ئەو گرژی و دەستوەردانەی دەرەوە نابێت، پێویستە دیالۆگێکی باش لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا هەبێت و پێشمەرگە نێچیرڤان بارزانی کار بۆ ئەوە دەکات، هەروەها دەتوانین بەیەکەوە داعش تێکبشکێنین.

زۆر سوپاس.

وەزیری بەرگریی فەرەنسا :

لە پشتگیری خۆمان بەردەوام دەبین و لەگەڵ ئێوەداین لەم قۆناغە سەختەدا

به بڕیاری سەرۆکی حکوومەت

هیچ هاووڵاتییەک مافی ناخورێت

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: دوای ئەوەی کۆمەڵێك هاووڵاتی سکاڵای ئەوەیان کرد لە پرۆژەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی (وەرین ستی) لە هەولێر کارەکانی بە باشی بەڕێوە ناچن، لێژنەیەك پێك هێندراوە و لە ئێستادا سەیری سکاڵاکانیان دەکەین تا کێشەکەیان چارەسەر بکەین، چونکە ئەو پرۆژەیە پێشتر کۆمپانیایەکی دیکە پێی هەڵسابوو و دوای ئەوەی نەیتوانی تەواوی بکات، ئێمە بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت دامان بە کۆمپانیایەکی دیکە، بۆیە هاووڵاتیان وا هەست دەکەن ئەو کۆمپانیایە کێشەکانیان چارەسەر ناکات و پەلە لە کارەکان ناکات، بەڵام بڕیاری پێکهێنانی لێژنە بۆ کێشەکان دراوە، بۆیە هەر هاووڵاتییەك مافی خورابێت، دەگاتە مافی خۆی کە نزیکەی هەزار یەکەی نیشتەجێبونە.
عارەب گوتیشی: جگە لەوەش دوو پرۆژەی دیکەی یەکەی نیشتەجێبوون ماون، ئەوانیش (فلۆریا ستی) و (دەشتی بەهشت)ـن، کە نزیکەی ٥ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونن و ئەوانیش دەدرێنە کۆمپانیای دیکە و تەنها ماوە سەرۆکی حکوومەت ڕەزامەندی بدات و دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان بکرێت، کە پێشتر وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکان نەیانتوانیوە تەواوی بکەن و خاوەن یەکەکانیش دڵنیا دەکەینەوە کە مافیان ناخورێت و دەگەنە مافی خۆیان.

وەزیری پەروەردە:

دەرفەتی کارمان بۆ 3299 خاوەن بروانامەی جیاواز ڕەخساندووە



خەبات / ڕۆژنا عەلی

ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە ڕایگەیاند کە تائێستا دەرفەتی کاریان بۆ 3299 خاوەن بروانامەی جیاوازی وەك دکتۆرا و ماستەر و بەکالۆریۆس و دبلۆم و بروانامەی دیکە لەکەرتی خوێندنی ناحکومی ڕەخساندووە، لەڕاگەیەنراوێکی فەرمی وەزارەتی پەروەردە ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوەکردووە کە بەفەرمان و ڕێنوێنی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ڕێزدار مەسرور بارزانی و لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە لە ١٨-٨-٢٠١٩، بە فەرمانی وەزاری ژمارە ٣٨٢ ، بڕیاریدا بە ڕێککەستنەوەی دەوامی مامۆستا وفەرمانبەرانی باخچە و قوتابخانە وپەیمانگا ناحکومییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە ، بەجۆرێك بەرژەوەندی گشتیی ڕەچاوبکرێت و ببێتە مایەی زیاتر(ڕەخساندنی هەلی کار) بۆ دەرچووە دانەمەزراوەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان.
هەروەها وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوەشکردووە کە ڕێرای بوونی گرفتی ڕاوەستانی دەوامی ناوەندەکانی خوێندن ، توانراوە دەرفەتی کار بۆ سێ هەزار و دوو سەد و نەوەد و نۆ (٣٢٩٩) لە هەڵگرانی بروانامەی ناوبراو لەکەرتی خوێندنی ناحکومی بڕەخسێنین، هەر لەو ڕاگەیانراوە دا وەزیری پەروەردە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بۆ ساڵی نوێی خوێندنی ٢٠٢٠ ـ ٢٠٢١ ، وەزارەتی پەروەردە بە ڕێنمایی نوێ و لەسەر ڕێکخستنەوەی دەوام و ڕەخساندنی دەرفەتی کار، بەردەوام دەبێت.
جگە لە ڕاگەیەنراوەکە چەند خشتەیەك هاوپێچ کراوە کە ئاماژە بۆ ژمارەی ئەوکەسانە دەکات

مەسرور بارزانی:

جەنابی بارزانیی نەمر و ئێستاش جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەمیشە ئەو ئاموژگاریەیان کردووە، کە کێشەی کورد لەگەڵ نەتەوەی عەرەب نییە، بەڵکوو لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارانەیە بە ناهەق مافی خەڵکی کوردستان دەخۆن

ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە کەرکووک و ئەو سەرچاوە نەوتیانەی لە ناوچەکەدا هەن دەکەوتنە دەست داعش و لە دەست عێراقدا نەدەمان



- کەریم حەمادی (العراقیە):

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژی چوارشەممە 26ی ئابی 2020 چاوپێکەوتنێکی تایبەتی بە بەشداری هەریەک لە کەناڵەکانی (العراقیە، زاگرۆس، الشرقیة، العربیة الحدث، الجزیرة و الحرة) ئەنجامدا، ئەم چاوپێکەوتنەش دوای ئەوە دێت رۆژی 24ی ئابی 2020، سەرۆکوەزیران چاوپێکەوتنێکی هاوشێوەی لەگەڵ میدیای کوردستانی ئەنجامدا و تێیدا بەوردی باسی لە پرۆسەی چاکسازی و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و لێکەوتەکانی کۆرۆنا و رەوشی دارایی هەرێمی کوردستانی کرد.

لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ژمارەیەک لە کەناڵەکانی راگەیاندنی عێراقی و عەرەبی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەوردی تیشکی خستە سەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. لەمبارەوە رایگەیاند: هیچ کاتێک هەرێمی کوردستان پشکی راستەقینەی خۆی لە داهات و بودجەی عێراقەوە بە دەست نەگەیشتووە. پێشکەوتن و گەشانەوەی ئابووری و ژێرخانی هەرێمی کوردستان بەڵگەیە لەسەر ئیدارەی باشتری ئەو بڕە بودجەیەی، کە هیچ کاتێک (17%) و تەنانەت (12.6%)ی کۆی گشتیی بودجەی عێراق نەبووە کە بۆ هەرێمی کوردستان رەوانە کراوە. هەروەها گوتی: پێمخۆشە خەڵکی خۆشەویستی عێراق ئەوە بزانن، کە هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک ماف و شایستە داراییەکانی خۆی لە حکوومەتی عێراق وەرنەگرتووە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، راشیگەیاند، لە ماوەی دوای پەسندکردنی دەستوور لە (2005)ەوە تا ئێستا، خەڵکی هەرێمی کوردستان، هەستیان بەوە نەکردووە، حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا پابەندی جێبەجێکردنی دەستوور بووە وەک خۆی، لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو کێشانەی ئێستا دەیانبینین، ئەنجامی جێبەجێنەکردنی دەستوور بووە.

لەبارەی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک لە رێی هەرێمی کوردستانەوە، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان روونیکردەوە، کاتێک داعش هێرشیکردە سەر شار و ناوچەکان، مووسڵ و تکریتی داگیر کرد، ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە کەرکووک و ئەو سەرچاوە نەوتیانەی لە ناوچەکە هەن، دەکەوتنە دەست داعش و لە دەست عێراق نەدەمان. چونکە عێراق نەمابوو، سوپای ئیتیحادی لەو سنوورانە بە هیچ شێوەیەک بوونی نەمابوو. پێشمەرگە نەک تەنیا کەرکووک، ناوچە جێناکۆکەکان و کێڵگە نەوتییەکانیان پاراست، بەڵکو بە شکستپێهێنانی داعش دەرفەتی دایە حکوومەتی عێراق تا خۆی رێکبخاتەوە. لەبارەی داهاتیشەوە با بەراوردی نێوان ئەو شایستە داراییانەی هەرێم بکرێت، کە بەغدا نەیدەاون بە هەرێم لەگەڵ ئەو بڕە نەوتەی فرۆشراوە بزانین کێ قەرزار دەبێتەوە.

لەبارەی ناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتەکانی بەغدا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رەتیکردەوە کورد کێشەی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب هەبێت و گوتی: دەمەوێت ئەوە بیر هەموو خوشک و برایانی بەڕێزم لە عێراق بهێنمەوە، کە جەنابی بارزانیی نەمر و ئێستاش جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی هەمیشە ئەو ئاموژگاریەیان کردووە، کە کێشەی کورد لەگەڵ نەتەوەی عەرەب نییە. کێشە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارانەیە بە ناهەق مافی خەڵکی کوردستان دەخۆن. ئەگینا بێ ئەوەی هیچ منەتێک بکەین، دەروازەی کوردستان بە رووی هەموو خوشک و برا کاکانمان لە عێراق کراوەتەوە. ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی لە هەرێمی کوردستانن، گەواهیی ئەوە دەدەن هەرێمی کوردستان بە پەناگەیەکی ئارام بۆ خۆیان دەزانن.

لەبارەی پێشێلکارییەکانی سەروەری عێراق و دەستێوەردانی دەرەکیی لە خاکی عێراق، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای دەربڕینی نیگەرانی بۆ پێشێلکردنی سەروەری عێراق، سەبارەت بە ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا گوتی: ئێمە هۆکارێکی هاتنی سوپای تورکیا لە راستییدا بۆ بوونی پەکەکە لەو ناوچانە دەزانین. هیوادارین پەکەکە رێز لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت. چونکە هەرێمی کوردستان خوێنێکی زۆری بۆ رژاوە، سەڵانێکی زۆر خەباتی بۆ کراوە، تا ئەم ناوچەیە ئازادکراوە. رێزگرتن لە دەسەڵاتە ئیداری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان، مەرجە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی بیانەوێت وەکو میوان لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە. لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەدا، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، باسی لە گرنگی بەشداریکردنی شاندی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆی ستراتیژی عێراق و ئەمەریکا کرد و سەبارەت بە رۆڵی ئەمەریکا لە لەیەکنزیکخستنەوەی هەولێر و بەغدا، گوتی: پێش هەموو شتێک چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، پێویستە لە نێوان دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتەکانی حکوومەتی هەرێم بکرێت. ئێمە پێشوازیان لە هەموو جۆرە هاوکارییەکی وڵاتانی دۆست و هاوپەیمان لەگەڵ عێراق کردووە، کە بتوانن یارمەتیدەر بن بۆ پێشخستن و ئاسانکاری کرد لە گەیشتن بە رێککەوتنێک لە نێوان هەردوولادا.

ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە:

بەخێر بێن، خۆشحاڵم بە ئامادەبوونی هەمووتان. سەبارەت بە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ عێراقدا، حەزدەکەم، کەمێک بە پوختی باسی بکەم. ئێستا عێراق حکوومەتێکی فیدراڵییە، هەرێمی کوردستانیش کیانێکی فیدراڵییە لە عێراقدا. ئێمە خاوەنی ماف و ئەرکین. بەداخەوە لە ماوەی دوای پەسندکردنی دەستوور لە (2005)ەوە تاکو ئێستا، خەڵکی هەرێمی کوردستان، هەستیان بەوە نەکردووە، حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا پابەندیی بە جێبەجێکردنی دەستوور وەک خۆی کردووە. لەبەر ئەوە زۆر بەی ئەو کێشانەی ئێستا دەیانبینین، ئەنجامی جێبەجێنەکردنی دەستوور بووە وەک خۆی.

سەبارەت بە دەروازە سنوورییەکان و داهاتیان، پێویستە بگوترێت: ئەمە لە دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵییدا دیاریکراوە، کامە دەسەڵات هی هەرێمن، کامەیان تایبەتن بە دەسەڵاتی ئیتیحادی و کامەشیان بە هاوبەشی بەڕێوەدەبرێن. دەروازە سنوورییەکان لە دەسەڵاتی تایبەت بە ئیتیحادی نین. ئیدارەدانی ئەو دەروازانە بەشێوەیەکی گشتیی دەبێت بە هاوبەشی بێت لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی. ئێمە هەرگیز کێشەی ئەوەمان نەبووە، بەو شێوەیە ئیدارەی دەروازە سنوورییەکان بکرێت.

سەبارەت بە داهاتەکانیش، ئەو داهاتانەی پێویستە بۆ حکوومەتی فیدراڵی بگەڕێنەوە لە دەستووردا دیاریکراوە. ئێمە هەمیشە ئامادەیی ئەوەمان دەربڕیوە لەگەڵ حکوومەتی عێراق بگەینە ئەو رێککەوتنە لەسەر بنەمای دەستووری ئەو پرسانە یەکلا بکەینەوە. بەداخەوە ئێمە هەستمان کردووە، حکوومەتی عێراق شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی وەک خۆی نەناردووە. بەردەوام ئەو گلەییەمان لە بەغدا هەبووە، کە ئەو شایستە داراییانە لەسەر بنەمای (17%) نەگەیشتووەتە ئێمە و دواتر کەمکراوەتەوە، ئێمە وەرمان نەگرتووە.

تەنانەت ئەو شایستە داراییانەی پێویست بوو لە خەرجی سیادی بۆ هەرێم بگەڕێندرێنەوە، ئەوانیش نەگەڕێندراونەتەوە. بابەتەکە ئەوە نییە،

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری بەرگریی فەرەنسا کرد

مەسرور بارزانی پاڵپشتییەکانی فەرەنسای بۆ هەرێمی کوردستان بە گرنگ وەسفکرد

فلۆرانس پارلی: هیوادارین لە ماوەیەکی نزیکدا ڕاهێنانی هاوپەیمانان بە هێزی پێشمەرگە دەستپێبکاتەوە

ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە 27/8/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە فلۆرەنس پارلی وەزیری بەرگریی فەرەنسا کرد. لە دیدارەکەدا پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی پشتیوانیکردنی زیاتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان تاوتوێ کرا. سەرۆکی حکوومەت سوپاسی فەرەنسای کرد بۆ پشتیوانیی بەردەوامیی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە کاتی شەڕی داعش. ئاماژەشی بەوەدا کە داعش لە زۆر ناوچەی عێراقدا دەستی بە هێرش و پەلامار کردووتەوە و بووەتە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر دانیشتووانی ئەو ناوچانە. جەختیشی لە گرنگیی بەردەوامبوونی هەماهەنگیی ئەمنی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش کردەوە.

وەزیری بەرگریی فەرەنسا پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان وەهێزی پێشمەرگە دووپات کردەوە و گوتی هیوادارین لە ماوەیەکی نزیکدا ڕاهێنانی هاوپەیمانان بە هێزی پێشمەرگە دەستپێبکاتەوە کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ماوەیەکی کاتی وەستاوە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا جەختیش لەوە کرایەوە کە لەم قۆناغەدا جیا لە هەماهەنگیی سەربازی و ئەمنی، پەرە بە پەیوەندییە ئابووریەکانی نێوان هەردوولا بدرێت.



مەسرور بارزانی:

کێشەی ئێمە تەنیا کێشەی داهات و نەوت نییە، بەڵکوو کێشەی کوردستان کێشەیەکی میژووویی و درێژخایەنە

حکوومەتی هەرێم هەمیشە ئامادەیی دەربڕیوە بەگوێرەی دەستوور ئەو ئەرک و پابەندییانەی لە ئەستۆیەتی جێبەجێیان بکات



ئێمە ئامادە نەبین ئەو داهاتانەی هی دەسەڵاتی ئیتحادین بگەڕێنینەوە بۆ حکوومەتی عێراق، بەڵکو بابەتەکە ئەمەیە، کە کۆی گشتی ئەم پرۆسەیە وەکو پێویست حکوومەتی عێراق نەهاتووەتە پێشەوە بۆ دابینکردنی شایستە ئاماژەکانی هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوە ئەم کێشانە تا ئێستا وەك خۆی ماونەتەوە. هیوادارم بتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە. ئەگینا حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە ئامادەیی دەربڕیوە بە گوێرەی دەستوور ئەو ئەرك و پابەندیانەی لە ئەستۆیەتی جێبەجێیان بکات.

- محەمەد جەبار (زاگرۆس):

بەڕێز سەرۆك وەزیران لەبارەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق، هەمیشە کاریگەر بووە بە میزاجی سیاسی ناسەقامگیری حکوومەتەکانی بەغدا و لە بنەڕەتدا پشکی هەرێم لە بودجەی ئێتیحادی (17%) بووە و دواتر کەمکراوەتەوە و لە سەردەمی عەبادی گەیشتە (12%) و دوای وردبینی کردەییانە و پیشەییانە ئێستا دەرکەوتووە ئەوەی رەوانەی هەولێر کراوە (5%)ی بودجەی گشتیی عێراقە و لەو میانەیەشدا دەنگۆی ئەوە بڵاودەکرێتەوە، گوایە ئەو سەرکەوتنەی هەرێمی کوردستان لە بواری بیناسازی و خۆشگوزەرانی بەدەستیهێناوە بە پارەی باشوور بووە. دەوترێت پارەی نەوتی بەسرە دەدرێتە کوردستان، ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو تۆمەتبارکردنە و دەنگۆیانە چییە؟

مەسرور بارزانی:

پەیوەندی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق لەسەر بنەمای (هاوسەنگی، سازان و هاوبەشی) بووە. لە سەرەتای نووسینەوەی دەستوور لەسەر ئەو بنەمایە ڕێککەوتین. ئەوەی نەمانبینیوە: هاوسەنگی، سازان و هاوبەشی بووە.

بابەتی پشکی هەرێم، لە سەرەتاوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین، (17%) بێت لە کۆی گشتیی داهاتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە. دواتر ئەم ڕێژەیە دابەزێندرا بۆ (12.67%) لەسەر ئەوەی تەنیا بە بڕیارێکی کەسی، بێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی یاسایی هەبێت، بەڵام لە هیچ کاتێکدا هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێژەیەی لە شایستە داراییەکانی خۆی لە کۆی داهاتی عێراقی وەرنەگرتووە.

بۆ نموونە زۆربەی داهاتەکانی عێراق، کە لە داهاتی نەوتییەوە دێت، حکوومەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، پێنج ملیۆن بەرمیل نەوتی هەنارەدەی دەرەوە دەکرد، کە زۆربەی داهاتی حکوومەتی عێراق داهاتی نەوت بوو. لەوە (5) ملیۆن بەرمیلی بەرهەم دەهێنا و (4) ملیۆنی هەنارەدە دەکرد و (1) ملیۆنی بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی تەرخان دەکرد، پێویست بوو هەرێمی کوردستانیش سوودمەند بێت لەو یەك ملیۆنەی بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی تەرخانکرابوو.

ئەمە بە نزیکەیی ڕێژەی (22%) لە داهاتی عێراق بوو. ئەم بڕە نەدەخرایە بودجەی گشتیی عێراقەوە. کەواتە ئەوەی دەمایەوە (78%)ی داهاتی نەوتیی بوو وەك و داهاتی گشتیی لە بودجەی عێراق هەژمار دەکرا. لەو بڕەش بە تێپەڕینی کات، وایانکرد، خەرجی سیادی ساڵ لە دوای ساڵ زیاد بکەن، تا گەیشتە (45%) کەواتە (78%)ەکە بگەیەنینەوە بە ڕێژەی (100%)، دەبینین (45%)ی بۆ خەرجی سیادی تەرخانکرابوو. دەبوایە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.

لەو ڕێژەیە (55%)ی ماوەی ئەو داهاتە دابەش دەکرا بەسەر هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکە. ئەگەر بێین ئەم ژمارانە لێکبدەینەوە، تەنانەت ئەو (12.6%)ەی کە بۆ هەرێمیان تەرخانکردبوو، لە کۆی گشتی (55%) و (78%)ی داهات بووە، واتە لە هیچ کاتێکدا (12.6%) یش لە کۆی گشتی بودجەی (100%)ی عێراق بۆ هەرێم نەهاتووە. ئەوەی بۆ هەرێم ماوەتەوە شتێکە کەمترە لە (5%)ی کۆی گشتی بودجەی عێراق، کە بۆ هەرێم هاتووە. پێموایە ئەمە ناهەقییە بەرنبەر بە هەرێمی کوردستان دەکرێت. گوایە حکوومەتی هەرێم لەسەر حسابی پارێزگاکانی دیکەی عێراق داهاتی بۆ دێت، کە ئەوە هیچ کات وانەبووە و نییە. جارێ هیچ پێوەرێکی زانستی نییە، کە ڕێژەی هەرێمی کوردستان (12%) یان (17%)یە؟.

پێشتر لەسەر بنەمای (17%) پێکهاتبووین، بەڵام لەسەر چ بنەمایەك کەمکراوەتەوە؟ هیچ بنەمایەکی زانستی نییە. باشترین پێوەر ئەوەیە بۆ ئەوەی هەریەك بە شایستە داراییەکانی بگات، ئەنجامدانی سەرژمێرییە. بۆ ئەوەی بزانین دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانی (کورد، تورکمان، عەرەب، کریستیان) بزانین چەندە؟ بەم جۆرە ئەگەر سەیری بکەین، بزانین لە کۆی گشتیی داهاتی عێراق چەندی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت؟ و ئەو کاتە کێشەکە بەم جۆرە نامێنێت.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، گریمان ئەو داهاتە بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە، ئەگەر هەرێمی کوردستان بە بەشێك لە عێراق هەژمار دەکرێت، کە ئێمە کیانێکی فیدراڵین لە حکوومەتێکی فیدراڵیدا بە ناوی عێراق، بۆچی ئەو داهاتانەی بۆ هەرێم تەرخان دەکرێت، ئەو هەستیارییە هەیێت و خەڵکێك پێی وابێت ئەو تەرخانکردنە لەسەر حسابی خەڵکی دیکەیە. ئێمەش هاونیشتمانین و دەبێت ئەم یەکسانییە ڕەچاو بکرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە، ئەی ئەو باقی داهاتەی، کە لە دەستی حکوومەتی فیدراڵی دەمایەوە، چی کراوە بۆ تێکڕای ناوچەکانی دیکەی عێراق.

ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ڕەوشی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق بکەین، دەبینین جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەیە، ئەمە لەبەر ئەوە نییە، هەرێمی کوردستان بەشێکی زیاتر لە شایستە داراییەکانی خۆی بەرکەوتووە، بە پێچەوانەوە، سەرەڕای کەموکوڕتییەکانیش پێموایە ئیدارەیەکی باشتر لە هەرێمی کوردستان هەبووە، کە توانیویەتی بەم ئاستە هەرێمی کوردستان پێشبخات.

ئەگەر سەیری ناوچەکانی دیکەی عێراق بکەین، بەو ڕێژەی (95%)ی کۆی ئەو داهاتەی لەبەردەست حکوومەتی عێراق بووە، چی کراوە؟ نموونەیەکم بۆ بێنە، بۆ ئەوەی کوردستان چاوی لێبکات و بڵێت: چاو لەم شارە و پێشکەوتنی ئەو پارێزگایە دەکەم، بۆ ئەوەی ئێمەش بۆمان ڕوون بێتەوە، کە باقی داهاتەکان بە شێوەیەکی باشتر ئیدارە کراوە و خەرج کراوە. ئەمە تەنیا بۆ شاردنەوەی ئەو شکستە ئیدارییەیە، کە بەرپرسان لە ماوەی ڕابردوودا نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان لە شارەکانی عێراق بەجێبهێنن. کوردیش ئاسانە بۆ ئەوەی ئۆباڵی هەموو گرفتەکان بخرێنە ئەستۆی هەرێمی کوردستان.

پێموایە ئەمە ناهەقییەکی گەورەیە بگوترێت هەرێمی کوردستان لەسەر حسابی خەڵکی دیکە پێشکەوتووە و خۆی دەوڵەمەندکردووە.

سەبارەت بە خەرجی سیادی، لە دەستووردا هاتووە: پێویستە ڕووماڵی ئەو بەشانەی لە خەرجی هەرێمە بکرێت، بۆ نموونە، پارەی مووچەی شەهیدان، مووچەی هێزە چەکدارەکان، خانەنشین و بودجەی کارەساتەکان لە خەرجی سیادی دەدرێت، هیچ کام لەم خەرجیانە لە بودجەی سیادی بۆ هەرێم تەرخان نەکراون.

هەرێم پێویست بووە لەسەری مووچەی پێشمەرگە و شەهیدانیش بدات و سەرجەم ئەو خەرجیانەی دەستوور بە خەرجی سیادی دەستنیشانی کردوون، هەرێم لە بودجەی خۆی دابینی کردوون. ئەمە بەشێکە. بەشەکەی دیکەی لە دەستووردا هاتووە: پێویستە قەرەبووی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، دوای ئەو هەموو نەهامەتی و ستەمەی لە ساڵانی ڕابردوو دەرهەق بە خەڵکی کوردستان کرا، وەکو: ئەنفال، کیمیاییباران، وێرانکردنی (4500) گوندی هەرێمی کوردستان..هتد، هیچ یەك لەمانە حکوومەتی عێراق پابەندییەکانی جێبەجێ نەکردووە. نە قەرزەکانی داینەوە، نە بابەتی قەرەبووکردنەوەی خەڵکی گرتە ئەستۆ، تەنانەت لە کاتی شەڕی داعش، ئێمە کاتێکدا نزیکەی (2) ملیۆن ئاوارە و پەنابەری عێراق و سووریا لە هەرێمی کوردستان پەنا دراوون، دەبوایە لە خەرجی سیادی عێراق هاوکاری ئەم ئاوارە و پەنابەرانە بکرێت، کە زۆربەیان لە بەشەکانی دیکەی عێراق هاتبوونە هەرێم، چونکە هەستیان بە سەقامگیری و ئاسایش و ئارامی دەکرد.

حکوومەتی عێراق نەچووە ژێر باری ئەوەی بە هیچ شێوەیەك هاوکاری هەرێم بکات لە ئیدارەدانی کەمپی ئاوارە و پەنابەراندا.

لە کاتی شەڕیشدا، لە شەڕی داعشدا، کە تێچووی شەڕ یەکجار زۆر بوو، ئێمە وەك پێشمەرگە یەکەم کەس بووین ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند. داعش کە بەرەو دەروازەکانی بەغدا دەڕۆیشت، پێشمەرگە بووە هۆی ئەوەی داعش تووشی شکستی سەربازی بێت و بوار بۆ حکوومەتی عێراق بڕەخسێنێت خۆی ڕێکبخاتەوە و ئینجا بێن شەڕی داعش بکەن. تەنانەت لە دابینکردنی تێچووی شەڕیش، نەك یارمەتی هەرێمیان نەدا، بەڵکو هەموو داهات و بودجەیەك، کە پێویست بوو بۆ هەرێم دابین بکرێت، هەموویان بڕی.

کەواتە هەرێمی کوردستان، بێ بودجە، لە شەڕدا بوو، نزیکەی (2) ملیۆن ئاوارە و پەنابەری بەخێو دەکرد، ئینجا بەو داهاتەی هەرێم خۆی دابینی دەکرد، توانی ئیدارەی خۆی بکات.

کەواتە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە پێیانوایە هەرێمی کوردستان زیاتر لە مافی خۆی، لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق داهاتی وەرگرتووە، بە هیچ شێوەیەك ڕاست نییە، خەڵکی هەرێمی کوردستان هەست دەکەن ستەمێکی گەورەیان لێکراوە، نەك تەنیا لە ڕووی داراییەوە، بەڵکو لە ڕووی مەعنەویی و سیاسییشەوە، ئەم جۆرە تۆمەتانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە، لە ڕاستییدا جێی داخ و نیگەرانین.

پێمخۆشە خەڵکی خۆشەویستی عێراق ئەوە بزانن، کە هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك ماف و شایستە داراییەکانی خۆی لە حکوومەتی عێراق وەرنەگرتووە.

لە ڕووی سەربازیشەوە، لە کاتی شەڕ بە هیچ شێوەیەك حکوومەتی عێراق، نەك تەنیا یارمەتی پێشمەرگەیان نەدا، بەڵکو ڕێگرییان کرد، لەو هاوکا

ڕییە سەربازیانەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەهات. ڕێگریان کرد لە دابینکردنی جۆریی هاوکاری بۆ پێشمەرگە. نەیاندەهێشت وەك پێویست ئەو هاوکاریانە بگاتە خەڵکی کوردستان.

سەرەڕای ئەوە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك منەت ناکەین لەو کارانەی کردوومانە بەرانبەر بەو خوشك و برایانەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

لێرەش دەمەوێت ئەوە بیر هەموو خوشك و برایانی بەڕێزم لە عێراق بهێنمەوە، کە جەنابی بارزانیی نەمر و ئێستاش جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی هەمیشە ئاموژگاریان کردووە، کە کێشەی کورد لەگەڵ نەتەوەی عەرەب نییە، کێشە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارانەیە بە ناهەق مافی خەڵکی کوردستان دەخۆن.

ئەگینا بێ ئەوەی هیچ منەتێك بکەین، دەروازەی کوردستان بە ڕووی هەموو خوشك و براکانمان لە عێراق کراوەتەوە و ئەوانەی لە هەرێمی کوردستانن گەواهیی ئەوە دەدەن، هەرێمی کوردستان بە پەناگەیەکی ئارام بۆ خۆیان دەزانن.

- عەبدولسەمیع عەزاوی (الشرقیە):

لەبارەی هەنارەکردنی نەوت و پشکی هەرێم لە داهاتەکەی، دەمەوێت بڵێم، عادل عەبدولمەهدی، ئەو کاتەی وەزیری نەوت بوو لە کابینەی حکوومەتی حەیدەر عەبادی، ڕێکاری پێویستی گرتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوتی نێوان هەولێر و بەغدا و یەکەم وەزیر بوو ڕێگەی دا هەرێمی کوردستان نەوتی کەرکووك هەنارە بکات و پشکی خۆی وەربگرێت و کارەکان بەو جۆرە بە ئاسایی تێدەپەڕین، دواتر دەمەوێت بپرسم چی ڕوویدا، ئایا گرفتەکە لە هەرێمەوە بوو یان لە بەغداوە بوو، ئایا لێکەوتەی ڕیفراندۆم بوو، دواتر ئێوە چۆن وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەدەنەوە، کە دەخرێنە پاڵ هەرێم، گوایە نەوتی لە دەرەوەی سۆمۆ و لە ڕێگەی دەروازەکانی دیکەوە هەنارە کردووە؟

مەسرور بارزانی:

جارێ بابزانین هەرێمی کوردستان، کەی دەستی بە هەنارەکردنی نەوت کرد؟! دوای ئەوەی حکوومەتی عێراق بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی، ئەو کاتە حکوومەتی هەرێم بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەستی بە دەرهێنانی نەوت کرد بۆ ئەوەی بتوانێت داهاتێکی بێتەدەست بۆ ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان. چونکە بەداخەوە حکوومەتی ئیتیحادی لە بەغدا پابەندییە دەستوورییەکانی بە هەنارەکردنی بودجە و مووچە بۆ هەرێم جێبەجێ نەکرد. دواتر هەندێك گۆڕانکاری ڕوویدا و داعش هێرشیانکردە سەر عێراق و زۆرێك لە شوێنەکانیان داگیرکرد، لەوانە مووسڵ و تکریت و بەرەو کەرکووکیش دەڕۆیشت، ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە، کەرکووك و ئەو سەرچاوە نەوتیانەی لە ناوچەکە هەن دەکەوتنە دەست داعش و لە دەست عێراق نەدەمان. چونکە عێراق نەمابوو، سوپای ئیتیحادی لەو سنووراندە بە هیچ شێوەیەك بوونی نەمابوو. پێشمەرگە نەك تەنیا کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان و کێڵگە نەوتییەکانیانی پاراست، تواندرا ئەو بڕە نەوتەی لەبەر دەست بوو، هەنارەدەی دەرەوە بکرێت.

با ئەوە ڕوون بێت، چونکە زۆر جار دەگوترێت، هەرێمی کوردستان نەوتی کەرکووکی فرۆشتووە و ئەمە مافی خۆی نییە، با ئەمە بە ڕاشکاوی بڵێم: هەرێمی کوردستان نەبووایە، داعش ئەو نەوتەی دەبرد و زۆر بەهێزتر دەبوو، چونکە لە دەست عێراق نەدەما، پێشمەرگە کەرکووکی پاراست. هەرێمی کوردستان ئامادەیە، ئەو بەشەی لەو نەوتە، کە فرۆشراوە، بەشێوەی بەڕاورد لەگەڵ داهاتی عێراق و مافی هەرێمی کوردستان لە داهات و پابەندییەکانی حکوومەتی عێراق بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان بکرێت و بزانرێت چەندە و مافی هەرێمی کوردستان چەند بووە و کێ قەرزاری کێیە؟

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر سەیری کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بکەین، دەبینین، عێراق لە سنووری (5) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت بە هەرێمی کوردستانیشەوە، کە (450) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بوو، ئێستا کەمتر بووەتەوە، چونکە ئێمە هەوڵناداوە بەشداربین لە کەمکردنەوەی نەوت بۆ ئەوەی لەگەڵ پابەندی عێراق لە چوارچێوەی بڕیاری ئۆپیك بگونجێت. لە (5) ملیۆن بەرمیل، (450) هەزار بەرمیلی بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە، بە ڕێژەیی دەکاتە کەمتر لە (10%)، کەواتە حکوومەتی عێراق لە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەڵێت، دەبێت بودجەی هەرێم (12.6%) بێت دوای دابەزاندنی لە (17%) بۆ (12.6%) بۆچی لەوێ پشکی هەرێم (12.6%) بێت، بەڵام لە فرۆشتنی نەوتەکە دەبێت کەمتر بێت لەو ڕێژەیە. کەواتە ئێمە زۆر کەمتر لە پشکی خۆمان نەوتمان بەرهەمهێناوە. لەو یەك ملیۆن بەرمیلەی دەبوایە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بەکاربێت، دەبوایە (12.6%) یان (17%)ی بەر هەرێم بکەوێت، دەبوایە (120) هەزار بەرمیل نەوت بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکرابا، بەڵام نەکراوە. هەرێمی کوردستان بە هەموو بەرهەمی هەنارەدە و ماوەکەی، (20 تا 30) هەزار بەرمیلی هەیە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی، کە بەداخەوە بەشی پێداویستی خەڵکی هەرێمی کوردستان ناکات. لە ڕاستییدا

مەسرور بارزانی:

ئەو داهاتەی لە عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان نێردراوە کەمترە لە 5%ی کۆی گشتیی بودجەی عێراق

نەک تەنیا لە سنوورەکان بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق دەستوەردانی دەرەکی هەیە و سەروەری عێراق پێشێل دەکرێت



ئێمە پێشوازیمان لە هەموو جۆرە هاوکارییەکی ولاتانی دۆست و هاوپەیمان کردووە بتوانن بۆ پێشخستن و ئاسانکاری لە گەیشتن بە رێککەوتنێک لەنێوان هەولێر و بەغدا یارمەتیدەر بن

کاتێک وردەکاری و ژمارەکان لێکدەدرێنەوە، ئەو کات بەدیار دەکەوێت، کە حکوومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان لەوەشدا ستەمیان لێکراوە و ئەو ژمارانەی بە خەڵک دەوترێن راست نین. راستییەکە ئەوەیە، هەرێمی کوردستان کەمتر لە پشکی خۆی نەوتی بەرهەمهێناوە، کەمتر لە پشکی خۆی بۆ بەکارهێنانی ناوخۆی بەکاری هێناوە، کەمتر لە مافی خۆی دەستکەوتووە. کەواتە لە کاتی عادل عەبدولمەهدی دەستپێنەکردووە، بەڵکوو لە (2014)ـەوە دەستپێکراوە، بە تێپەڕینی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و داعش هاتووە، بەداخەوە لە دوا ساتەکانی حکوومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی تەنانەت موچەکانیشی بڕی.

لێرە پرسیار ئەوەیە، ئەگەر ناکۆکیش لەسەر هەندێک بابەت هەبێت، موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەبێت بڕێت؟ بۆچی ئەمە وەکو کارتێکی فشار لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەکاردێت، ئەگەر ناکۆکی سیاسییش لەسەر بابەتەکانی دیکەش هەبێت، خۆ کێشەی ئێمە تەنیا کێشەی داهات و نەوت نییە. کێشەی کوردستان کێشەیەکی میژوویی و دێرۆخایەنە. بابەتی ناوچە جێناکۆک، کەرکووک، پێشمەرگە و جێبەجێنەکردنی دەستوورمان هەیە و زۆرێک لەو کێشانە هێشتا چارەسەر نەکراون. سەرنج چڕکردنەوە لەسەر داهات و نەوت پێموایە لادانە لە پابەندییەکانی حکوومەتی فیدرالی بۆ جێبەجێکردنی بابەتەکانی دیکە.

سەبارەت بە یاسای نەوت، تا ئێستا حکوومەتی عێراق نەیتوانیوە یاسای نەوت تێپەڕێنێت لە پەرلەمان و پێشتر گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا و حکوومەتی هەرێم ئامادەیی دەربڕی بۆ ئەوەی یاسای نەوت و غاز بە هاوبەشی تێپەڕێت لە پەرلەمان. بەداخەوە حکوومەتی عێراق وەڵامی نەبوو. دەستی دەستی کرد لەوەی ئەو یاسایە تێپەڕێت. ئێستا دوو یاسا هەیە کە حکوومەتی عێراق پشتیان پێ دەبەستێت و هی سەردەمی رژێمی بەعسن. هەموو بڕیار و یاساکانی رژێمی پێشووی هەڵوەشاندەوە، تەنیا پرسی تەعریب لە ناوچەکانی کوردستان هەڵنەوەشاوەتەوە و تا ئێستا بەردەوامە و دووەمیش پرسی نەوتە.

یاساکە ئەو کاتە بۆ سیاسەتی حکوومەتێکی ناوەندیی دانراوە، نەک بۆ حکوومەتێکی فیدرالی. دوای (2005) دەستووری عێراق، دەستووری حکوومەتێکی فیدرالییە. دەبوایە ئەم یاسایانە بگونجێن لەگەڵ پێکهاتەیەکی فیدرالی. تا ئێستا حکوومەتی عێراق کەمتەرخەم بووە، لە دابینکردنی ئەم یاسایانەی کە گونجاوبن بۆ قۆناغی ئێستا.

سۆمۆش دامەزراوەیەکی سەردەمی رژێمی پێشووە. ئەمەش رەنگدانەوەی سیستمی فیدرالی پێوە دیار نییە. پێشنیازمان کردووە، ئەگەر سۆمۆ بیەوێت ببێت بە کۆمپانیایەکی هەمەلایەنە و هەموو عێراق بەرواى پێی بێت، داوامان کردووە، هەرێمی کوردستان بەشدار بێت لە ئیدارەدانی سۆمۆ، بۆ ئەوەی ئەوان چەند ئاگادارن لەسەر بەرهەم و داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان، خەڵکی کوردستانیش مافیانە بزانن لە ناوچەکانی دیکەی عێراق چەند نەوت بەرهەمدێت و داهاتی چەندە؟.

- ئەحمەد حەمدانی (العربیە الحدث):

بۆردوومانی تورکیا بەردەوامە. ملمالێنێی تورکی-تورکی ماوەی (35) ساڵە لەسەر خاکی عێراق بەردەوامە. تێبینی دەکرێت (1000 تا 1500) گوندی ناوچە سنوورییەکان لە ماوەی (25) ساڵی رابردوودا چۆڵکراون. شەهید و برینداری هەن و دواتریش پاسەوانانی سنوور بوون لە ناوچەی سیدەکات، هەولێر هیچ چارەسەرێکی دۆزیوەتەوە، هیچ هەوڵێکتان داوە لەگەڵ بەغدا و لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دەربازبوون لەو رەوشە، هەولێر لەگەڵ بەغدا و ئەنقەرە هیچ هەوڵێکی خستوەتەگەڕ بۆ دۆزینەوەی چارەسەر؟

مەسرور بارزانی:

ئەوەی دەگوزەرێت جێی داخە. نەک تەنیا لە سنوورەکان بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق دەستێوەردانی دەرەکی هەیە و پێشێلی سەروەری عێراق دەکرێت و ئەو پێشێلکارییانەش لە هەموو لایەک بەردەوامە و جێی داخەوە و هیوادارین بە زووی کۆتایی پێ بێت.

هۆکاری هاتنی سوپای تورکیا بۆ ئەو سنوورانە پەکەکەیە. بۆ زانیاری جەنابت ئەو (4500) گوندەی باسم کرد، کە وێران و خاپوور کران لەو ناوچانە بوون و دوای (1991) کە گەڕاینەوە و بە تایبەتی دوای (2003) کە بواری زیاتر بۆ هەرێم رەخسا هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی زیاتری ئەو ناوچانە درا، بەڵام بەداخەوە لەبەر هۆکاری شەڕ و پێکدادان نەمانتوانی دەستبان بگاتە زۆرێک لەو شوێنانە، چونکە بوونی پەکەکە و شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیا وایکرد ئەو ناوچانە بەکەڵکی ژیانی خەڵکی مەدەنی نەیەت و نەتوانن بگەڕێنەوە.

ئێستاش ئێمە داوا دەکەین، لە هەموو ولاتانی دراوسێ، کە ئەو کێشانەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی خۆیانیان هەیە لە سنوورەکانی ئێمە بەرنە دەرەوە. با لەسەر حسابی خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق، شەڕی خۆیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنەکانیان یەکلا نەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئێمە هۆکارێکی دیکەی هاتنی سوپای تورکیا لە ڕاستییدا بۆ بوونی پەکەکە لەو ناوچانە دەزانین. هیوادارین پەکەکە رێز لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت. خوێنێکی زۆری بۆ رژاوە. ساڵانێکی زۆر خەباتی بۆ کراوە تا ئەم ناوچەیە ئازادکراوە. ڕێزگرتن لە دەسەڵاتە ئیداری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان مەرجە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی بیانەوێت وەکو میوان لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە. لە ڕاستییدا هەرێمی کوردستان و هیچ بەشێکی دیکەی عێراق پێویستە بەکار نەیەت بۆ ئازاردانی ولاتانی دراوسێ. چونکە ئێمە داوای ئەوە دەکەین، پەیوەندی ئاسایی لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە لە نێوان عێراق و دراوسێکان هەبێت.

- ئەمیر فندی (الجزیرە):

سەرچاوە میدیاییەکان باس لەوە دەکەن، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ، لە میانی پێشوازیکردنی لە مستەفا کازمی جەختیکردووەتەوە، کە پێویستە دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێت، ئایا بەڕاستیی ئەمەریکا لەسەر هێڵە و ڕۆڵی چییە و پێشنبینیتان بۆ داهاتووی ئەو دۆسییە هەڵپەسێردراوانەی هەولێر و بەغدا چییە.

مەسرور بارزانی: پێش هەموو شتێك چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پێویستە لە نێوان دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدرالی و دەسەڵاتەکانی حکوومەتی هەرێم بکرێت. ئێمە پێشوازیان لە هەموو جۆرە هاوکارییەکی ولاتانی دۆست و هاوپەیمان لەگەڵ عێراق کردووە، کە بتوانن یارمەتیدەر بن بۆ پێشخستن و ئاسانکاری کرد لە گەیشتن بە رێککەوتنێك لە نێوان هەردوولادا.

ئەمجارە کە بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی سەردانی ئەمەریکای کرد، پێش ماوەیەك ئێمە ئامادەکاریان کردبوو، کە لە شاندی عێراقیدا شاندی هەرێمی کوردستانیش بە شێوەیەکی فەرمی بەشدار بێت. بەڕێزیان ڕەزامەند بوو و ئەمەریکاش هاوڕا بوو، کە شاندی هەرێمی کوردستان گرنگە بەشداریەکی کارای هەبێت بۆ بەشداری لە گفتوگۆی ستراتیژی لە واشنتۆن. شاندی ئێمە لە ئاستێکی باش و بەرز بەشدار بوون. لەوێ چەندین دیدار و کۆبوونەوەیان هەبوو، لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایك پۆمپیۆ و زۆرێك لە بەرپرسانی دیکەی ئەمەریکا.

ئێمە بەشێوەیەکی گشتی خوازیاری ئەوەین، عێراق بتوانێت سوود لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانان و ئەو ولاتانەو وەربگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت سەقامگیری و ئارامی بۆ عێراق بگەڕێنێتەوە و دەست بە سەقامگیرییەکی سیاسی و ئابووری بکرێت بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستانیش تێیدا سوودمەند دەبێت. لەوانەیە هەرێمی کوردستان زەمینەی لەبارتر بێت بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە کاریگەریی هەبێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق. لەسەر ئەو بنەمایەش حکوومەتی ئەمەریکا پشتیوانیکردووە و ڕاستە. پێیان خۆش بووە، ئەو گفتوگۆیانە لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز مستەفا کازمی و کابینەکەیدا بەردەوامن و هیوادارین ئێمە لە کاتێکی زوودا بگەینە ئەنجامێك و پێموایە ئەمە سوودی بۆ هەموو لایەك دەبێت.

بۆ نموونە لە بەرهەمهێنانی وزەدا هەرێمی کوردستان، هەنگاوی باش نراون. ئێستا توانای بەرهەمهێنانی کارەبا (6500 تا 7000) میگاوات کارەبایە، بەڵام ئێمە دەتوانین (3500) میگاوات بەرهەمبهێنین، چونکە سووتەمەنی پێویست لەبەردەستدا نییە بۆ بەگەڕخستنی ئەو وێستگانەی کە هەن. ئەگەر لەگەڵ حکوومەتی عێراق بتوانین بەیەکەوە سوود لەو توانایانەی هەرێم بکەین و سووتەمەنی لە حکوومەتی عێراقەوە دابین بکرێت بۆ ئەو وێستگانە، دەتوانین نەك تەنیا (24) کاتژمێر کارەبا لە هەرێمی کوردستان دابین بکەین، کە ئێستا توانیومانە (21) کاتژمێر دابین بکەین، بەڵکو دەتوانین بۆ کەرکووك، مووسڵ و تکریت و زۆر ناوچەی دیکەی عێراق کارەبا دابین بکەین. جا هیوادارین ئەم جۆرە هەماهەنگیانە چ لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەوە بێت، بتوانین هەنگاوی بەکردەوە بنێین بۆ ئەوەی هەموولایەك لێی سوودمەند بێت.

- عەبدولحەمید زێباری (الحرە):

بەڕێز سەرۆك وەزیران لە دەستپێکی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەت و پێکهێنانی کابینەکەتاندا دروشمی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیتان بەرز کردەوە و بەڵێنتان بە گەل دا، کە گەندەڵی دارایی و ئیداری بنبڕ بکەن، ئەو پرۆسەیە بە کوێ گەیشت و ئایا ڕووبەڕووی ئەو تەحەداپانە لە ناوخۆی حکوومەت یان لە ناو ریزی لایەنە کوردستانییەکان بوونەتەوە لە هەمبەر جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە گەلتان دابوو؟

مەسرور بارزانی:

ڕاستە، ئێمە لە پێشکەشکردنی بەرنامەی کاری حکوومەت بۆ پەرلەمان، جەختمان لەوە کردووەتەوە، کە چاکسازی بنەمای کاری حکوومەت دەبێت. دەستمان پێکرد، لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەمان دەستمان بە چاکسازی کرد، بەڵام پێویستە بگوترێت چاکسازی پرۆسەیەك نییە لە ماوەیەکی کورتدا تەواو بکرێت، پرۆسەیەکی بەردەوامە. چی بکەیت، پێویستی بە چاکسازی زیاتر و هەموارکردنەوەیە. لە سەرەتاوە هەنگاوی باشمان ناوە. ئەو شتانەی دەمانتوانی بە زووی بیکەین کردوومانە، وەك نەهێشتنی گەندەڵی، ڕێگرتن لە بەکارهێنانی دەسەڵات لە لایەن دەسەڵاتدارانی سەربازی، حزبی و ئیداری کە خراپ کەڵك لە دەسەڵاتی خۆیان وەرنەگرن، نەهێشتنی بەرتیل و ڕەشووە، زیادکردنی دەوام، خزمەتگوزاری زیاتر، خێراترکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان، گەڕانەوەی مولك و مالی گشتی، کە دەستدرێژیان کرابووە سەر و گێڕانەوەیان بۆ حکوومەت. لە زۆر ڕووی دیکەوە، لەوانە مەسەلەی وزە و بابەتی کارەبا، ئێمە توانیمان بە هەندێك گۆڕانکاری خێرا و ئەو چاکسازیانەی لەو کەرتە کرا، توانیمان ڕێژەی بەرهەمهێنانی کارەبا زیاد بکەین. ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان یەك جۆر نەبن، بەڵکو هەمەجۆر بن، پرسی کشتوکاڵ، کە سامانێکی زۆر گەورەی هەرێمی کوردستان و عێراقە بتوانین گرنگی پێ بدەین بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر و پشتیوانیکردن لە جووتیاران، بەوەی کە هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی لە ناوخۆ دەتوانین بەرهەمیان بێنین ڕێگری لە هاوردەکردنیان بکەین بە زیادکردنی گومرگ و حکوومەتی عێراقیش هەمان ڕێکاری گرتووەتە بەر، ئێمە لێرە جێبەجێمان کردووە بۆ پشتیوانیکردنی بەرهەمی جووتیاران. هەروەها نەك تەنیا بتوانین بەشی پێداویستی ناوخۆ بەرهەمبهێنین، بەڵکو هەوڵماندواوە بتوانین بۆ دەرەوەش هەناردەیان بکەین و بازاڕیان بۆ بدۆزینەوە. کەواتە هەوڵی ئەوەمان داوە، لە ڕووی ئابووریشەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هیوادارم عێراقیش، تەنیا چاوی لەسەر هاوردەکردنی پێداویستییەکان نەبێت، بەڵکو بتوانێت بە ئاستێکی ژێرخانی ئابووری وا بگات، کە هاوسەنگییەك هەبێت لە پرسی هەناردە و هاوردەدا.

ئێمە گرنگیمان بە بابەتی پیشەسازی، ژێرخانی ئابووری، ستراتیژی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان داوە، بە دروستکردنی ڕێگەوبان و بابەتی گەیاندنە.

لە بواری پەروەردە کاری زۆر کراوە. لە کەرتی تەندروستی کاری باش کراوە. چەندین سایلۆ دروستکراون، بەنداوی ئاو کە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەم نیشتمانەن گرنگیان پێداوە و (13) بەنداوی بچووك و مامناوەند لە حاڵەتی جێبەجێکردن و دروستکردنیانین. هەندێك بەنداوی گەورەش هەیە، پێویستی بە هاوکاری و پارەدارکردنی حکوومەتی فیدرالی و هاوکارانی دەرەوەش هەیە. زۆر لەو شتانەی دەستمان پێکردووە، ئەنجامی هەبووە.

لە لایەکی دیکەوە، پرسی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکوومەتە. ڕێگریمان لە بەفیڕۆدان کردووە و ئەوەی خەرج دەکرێت، دەبێت لە خزمەتی خەڵك بێت. ئێمە بە دیجیتاڵکردن و بە ئەلیکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییەکانی هاوڵاتیانمان دەستپێکرد و بەشێکی کەوتووەتە کار و بەشەکەی دیکەی لە دوو سێ مانگی داهاتوو دەکەوێتە کار. ئەمانە هەمووی ئەو هەوڵانە بوون، کە داومانە بۆ بابەتی چاکسازی.

بیرمان نەچێت ئەمە (13) مانگە ئەو کابینەیە دروست بووە و بەداخەوە لە سەرەتای دەستبەکاربوونیشمان تووشی دوو قەیرانی گەورە بووین، یەکێکیان بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بوو، ئێمەی خاوکردەوە و خەڵك نەیتوانی وەك پێویست کار بکات و حکوومەت نەیتوانی وەك پێویست لە خزمەتی هاوڵاتیان بێت. دووەمیش قەیرانی ئابووریە، کە هەم حکوومەتی عێراق بەداخەوە پابەندی خۆی جێبەجێ نەکرد و موچەی (3) مانگی ئەمسااڵی بۆ ئێمە نەناردووە و لەگەڵ ئەوەشدا داهاتی نەوت کەمبووەوە و نرخی نەوت دابەزی. ئەمە هەمووی وایکرد لە ڕووی ئابوورییەوە تووشی قەیران بین و نەتوانین لە ئاستی خواستی خۆمان ئەو خزمەتانەی پێویست بوو جێبەجێیان بکەین، جێبەجێ بکەین، بەڵام هیچ کام لەوانە ئێمەیان نەوەستاند. دەستمانکرد بە دروستکردنی پیشەسازی خۆراك لە دهۆك، وەك شارۆچکەیەك دروستەکرێت و لە شوێنی دیکەش دروستی دەکەین. زۆر پڕۆژەی دیکەی پشەسازیان دەستپێکردووە و بەشێکی زۆریش ماون و بە نیازین لە کاتێکی زوودا جێبەجێیان بکەین.

کەواتە ئێمە هەوڵێکی زۆرمان داوە، بەڵام هەم کاتەکە کەمە و هەمیش بەداخەوە ئەم قەیرانانە کە تووشی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و جیهانیش بووەتەوە، تۆزێك دەستیان بەستووین، کە بتوانین بەو خێراییەی ئومێدمان هەبوو بەڕێوەبچێت.

لەڕووی وەبەرهێنانیشەوە، ئێمە بۆ وەبەرهێنەری بیانی و ناوخۆیی ئاسانکاریان کردووە. گرنگیمان بە کەرتی تایبەت داوە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە پێشخستنی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان بگێڕێت. پشتگیریمان لەو پڕۆژانە کردووە، کە خەڵك بتوانێت پێشکەشیان بکات لە ڕووی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و لەو چوارچێوەیەدا زیاتر لە (1000) پڕۆژە پێشکەش کراون و داوا دەکەین وەبەرهێنەران لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر و وڵاتانی دەرەوە ئەگەر بتوانن بێن ئەم پڕۆژانە جێبەجێ بکەن، هەمووی دەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە بواری ئابووری بدەین. هەروەها سیستمی (PPP) کە سیستمی بەشداری کەرتی گشتیی و تایبەتە لەگەڵ حکوومەت، بتوانین هەموو ئەوانە جێبەجێ بکەین. پڕۆژەمان زۆرە و زۆریشی کەوتوونەتە کار و هیوادارم بەو ئاسانکاریانەی بەردەوام دەیکەین، بتوانین لەم قەیرانانە دەربباز بین. ئینشەڵڵا کاتێکی باشتر بۆ کوردستان و بۆ عێراقیش بێتە پێش.



مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی بارزان مەلا خالید پێشمەرگە و تێکۆشەر و میدیاکاری دێرینی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی کۆچکردوو کرد، ئەمەش دەقەکەیەتی؛

بەڕێزان/ خانەوادەی کەسایەتی نیشتیمانپەروەر و هەڤاڵی تێکۆشەر(بارزان مەلاخالید)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی شۆڕشگێڕ و کادیر و پێشمەرگەی دێرین و هەڤاڵی تێکۆشەر (بارزان مەلاخالید)مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو و بنەماڵە کوردپەروەرەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەش و شەریکی خەمتان دەزانین.

هەڤاڵی خوالێخۆشبوو (بارزان مەلا خالید) کەسایەتییەکی ناسراو و کادیرێکی دێرینی پارتیمان بوو، هەروەها پەروەردەی خانەوادە و بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر بوو، لە ساڵی 1944 لە گوندی مورتکەی سەر بەپارێزگای هەولێر لەدایکبووە و لە ساڵی 1966 پەیوەندی بە شۆڕش مەزنی ئەیلوول دەکات، دواتر لەبواری راگەیاندندا کار دەکات وەك ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (سەفین) ئۆرگانی لقی دووی پارتیمان و لە تێزگەی دەنگی کوردستانیش بە دەنگ و سەدای کوردانەی بەردەوام دەبێ لە جۆشدانی تێکۆشان و خەباتی رەوای گەلەکەمان و وەك بێژەر و پێشمەرگە و راگەیاندنکارێکی لێهاتوو رۆڵی بەرچاو خۆی دەگێڕێ..

خوالێخۆشبوو، پێشمەرگی دێرین و کەسایەتییەکی خاوەن هەڵوێست و دڵسۆز و وەفادار بوو بەرامبەر رێبازی پێرۆزی بارزانی و کاروانی شۆڕش و خەباتی نەپساوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان، لەو پێناوەشەدا دڵسۆزانە و خەمخۆرانە لە خزمەت و تێکۆشان بەردەوام بووە، بۆیە لەدەستدانی زیانێکی گەورەیە.

هەڤاڵی خوالێخۆشبوو کەسایەتییەکی چالاکی بواری رۆشنبیریی و راگەیاندن بوو و خزمەتێکی زۆری بزافی رۆشنبیریی و نووسەر و ئەدیب و رۆشنبیرانی کردووە و پاش راپەڕینی گەلەکەمان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەندین بەرپرسیاریەتی حزبی و حکومی پێ سپێردراوە کە توانیەتی سەرکەوتووانە و لەخۆبردووانە و دڵسۆزانە بەئەنجامیان بگەیەنێ لەوانە: لە ساڵی 1992 کارگێڕی لقی دووی پارتیمان بوو و لە ساڵی1993 بەشداری لە کۆنگرەی یانزەدا دەکات و دەبێتە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان و پاشان بە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێت و دواجاریش بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

هیواخوازین هاوخەمیی هەڤاڵانی و هاوسەنگەرانی بێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بەدوور بن و جێگای هەڤاڵی کۆچکردوویشمان بەهەشتی بەرین بێت..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
26ی8ی2020

پرسەنامە

هەڤاڵی بەڕێز سەربەست تروانشی

خەمبار بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی خوشکی بەڕێزتان، خاتوو (کوردستان). بەو بۆنە خەمناکەوە، بە ناوی خۆمان و هەڤاڵانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتیمانەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون.

مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان خانەوادەی ئیسماعیل حەمە سەلکە

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری رانیە خوالێخۆشبوو (ئیسماعیل حسێن) ناوسراو بە (ئیسماعیل حەمە سەلکە)مان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم خزم و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەواییتان پێ ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

هەڤاڵی بەڕێز شێخ مەحمود وەحدەدین سورچی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دایکی بەڕێزتانمان بیست. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم کەسوکار و خزم و دۆستانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی



مەزارگەی شێخ مەندپاشا لە لالش نۆژەندەکرێتەوە

نۆژەنکردنەوەی مەزارگەکان لە پەرستگەی لالش بەردەوامە و دوای تەواوبوونی دیزاینی مەزارگەی شێخ مەند دەست بە جێبەجێکردنی پلانی نۆژەنکردنەوەی کرا.

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند، لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٨ـەوە دەست بە نۆژەنکردنەوەی پەرستگەی لالش کراوە و تاوەکو ئێستاش کارێکی زۆر باش کراوە.

خەیری بۆزانی ئاماژەی بەوەکرد، زیاتر لە ١٠٠ مەزار لە پەرستگەی لالش هەن و تاوەکو ئێستا زیاتر لە ٢٠ دانەیان نۆژەنکراونەتەوە.

لە چەند هەفتەی رابردوودا جەخت لەوە کرایەوە، دەبێت دیزاینێکی تایبەتی و جیاواز بۆ مەزارگەی شێخ مەند پاشا دیاری بکرێت، دوای ئەوەی دیزاینەکە پەسندکرا، بە ئامادەبوونی پیاوانی ئایینی و لیژنەی سەرپەرشتیکردنی نۆژەنکردنەوەی لالش و پیاوماقوولانی خێڵی هەوێریا دەست بە نۆژەنکردنەوەی مەزارگەی شێخ مەند پاشا کرا.

پەرستگەی لالش گەورەترین پەرستگەی کوردانی ئێزدییە لە جیهاندا؛ لە باکووری شێخان لەنێوان سێ چیادا هەڵکەوتووە.



نرخی کارەبا بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکان کەم دەکرێتەوە



لە ڕێگای پرۆژەیەکەوە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی کارەبا پشتگیریی پرۆژە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکان دەکەن بە مەبەستی زیانمەندنەبوونی جووتیاران و خاوەنی پرۆژەکان.

حوسێن حەمە کەریم، ڕاوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پێشتر لە ڕێگای لێکتێگەیشتنی هاوبەشی نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی کارەبا بڕی تێچووی هەر کیلۆواتێك کارەبا بۆ بەشێك لە پرۆژە کشتوکاڵییەکان کەم کرابووەوە لە ١٣٠ دینارەوە بۆ ٣٠ دینار. ئەو دەشڵێت: بۆ ئەوەی سەرجەم خاوەنی پرۆژەکان لەم بڕیارەی حکوومەت سوودمەند بن و هەروەها خاوەنی پرۆژەکان بتوانن کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکەن و لە پرۆژەکانیان زیانمەند نەبن، جارێکی دیکە داوامان لە وەزارەتی کارەبا کردووە کە نرخی کارەبا بۆ پرۆژەکانی خانووی پلاستیکی، کارگەی ئالیك، سەربڕخانەکان، پرۆژەکانی قارچك، دەواجن و پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە، پرۆژەی ماسی، کارگەی زەیتوون، پرۆژەی شیرەمەنی، دۆشاوی تەماتە و سەرجەم کارگەکانی پیشەسازیی خۆراك کە بەرهەمی خۆماڵی بەکار دەهێنن دابەزێنن بۆ ٣٠ دینار بۆ هەرکیلۆواتێك. حوسێن حەمە کەریم ئاماژەی بەوەش دا: وەزارەتی کارەبا پێشوازیی لە بیرۆکەکەی ئێمە کردووە و بڕیاریان داوە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت کاری لەسەر بکەن بە مەبەستی جێبەجێکردن و سوودمەندبوونی خاوەنی پرۆژەکان و بووژانەوەی بەرهەمی ناوخۆیی و زیاتربوونی هەلیکاری ناوخۆیی.



چونکە لە هەندێ یەکەی نیشتەجێبوون خزمەتگوزاریی زیاتر هەیە، لە دوای پێداچوونەوە، هەموویان ڕێك خراون و نرخی نوێیان بۆ دیاری کراوە.

کوردۆ ئیحسان جەختی کردەوە: ئەو پرۆژانەی پابەندی نرخی نوێی خزمەتگوزاری نابن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، چونکە بەو نرخەی ئێستاش هێشتا قازانجێکی زۆریان هەیە بۆ کۆمپانیا و وەبەرهێنەر، بەپێچەوانەوە لەکاتی پابەندنەبوون بە زیادکردنی ئاشکرا خزمەتگوزاری دەدرێتە کۆمپانیای دیکە.

دهۆک... نرخی خزمەتگوزاریی یەکەکانی نیشتەجێبوون 40 % داشکێندرا

کوردۆ ئیحسان، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی دهۆك، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لیژنەیەکی بالآ لە پارێزگای دهۆك بۆ مەبەستی پێداچوونەوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی یەکەکانی نیشتەجێبوون پێك هاتووە و دوای وردبینیی زۆر بڕیار درا نرخی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە یەکەکانی وەبەرهێنان کەم بکرێتەوە و بەگشتی ٤٠٪ی نرخ داشکێندراوە.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی دهۆك دەڵێت: لە سنووری پارێزگای دهۆك ٤٠ پرۆژەی نیشتەجێبوون هەیە و خزمەتگوزارییەکان پۆلێن کراون،

شەقامێکی نوێ لەگەڕەکی (باداوە) عەلیاوە دروست دەکرێت

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لە ڕێگەی تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چوار دەستیکرد بە پرۆژەی دروستکردنی شەقامێکی نوێ لە گەڕەکی باداوە ناسراو بە عەلیاوە. سیامەند کەریم، گوتەبێژی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: پرۆژەکە پێکهاتووە لە بڕگەکانی شەقام (بڕین و پڕ کردنەوە ، تێکەڵە جۆری ئەی، کارەکانی کربستۆن، تێکەڵە جۆری بی). ڕاشیگەیاند: پرۆژەکە لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چواری هەولێر جێبەجێ دەکرێت.

گوتەبێژی یەکێتیی ژووڕەکانی بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان

چاوەڕێ دەکرێت لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە جووڵەی بازرگانی زیاتربێت



بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرونا، لە سەرەتای مانگی سێیەو جووڵەی بازرگانی کەمبووەوە، بەڵام هەر بەردەوام بوو، گوتەبێژی یەکێتیی ژووڕەکانی بازرگانی و پیشەسازیی کوردستانیش ڕای دەگەیەنێت: ئێستا جووڵەی بازرگانی بەردەوامە و چاوەڕێ دەکرێت لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە زیاتر بێت.

کاروان سورچی، گوتەبێژی یەکێتیی ژووڕەکانی بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: ئێستا لە دەروازەکان هەموو جووڵەیەك ئاساییە و هەموو جۆرە کاڵایەك و شتومەکێك کە پێویستن بۆ ژیانی ڕۆژانە، هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن. گوتیشی: چاوەڕێ دەکرێت لە سەرەتای مانگی نۆوە، بەهۆی کرانەوەی هێڵەکانی فڕۆکەوانیی چەندین وڵاتی دیکە، جووڵەی بازرگانی و گەشت لە ڕێگای دەروازەکان و هێڵەکانی ئاسمانیش زیاتر بن، ئەو هاووڵاتییانەی کە ڤیزایان هەیە، لە ڕێگەی دەروازەکانەوە دەتوانن گەشت بکەن، ئەمەش دووبارە جووڵە دەخاتەوە نێو هاوردەکردن و هەناردەکردنی بازرگانی. گوتەبێژی یەکێتیی ژووڕەکانی بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان ئەوەشی خستە ڕوو: ئێستا جووڵەی بازرگانی زۆر باشترە و زیاترە لە مانگەکانی سێ و چوار، کە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆرونا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ژیان بەردەوامی هەیە، خواستیش لەسەر شتومەك هەیە، جووڵەی بازرگانیش بەردەوامی هەیە و لە پەرەسەندن دایە.

فەرماندەی ماندوونەناس (محەمەد عەلی خۆشناو) کۆچی دوایی کرد



خەبات- سەفەر ژاژۆکی:

لە هەولێر دوای ملمالێکی زۆر لە گەڵ نەخۆشی پێشەمەرگەی ماندوونەناس و فەرماندەی قارەمانی دەیان داستان (محەمەد عەلی خۆشناو) کۆچی دوایی کرد، تەرمی خوالێخۆشبوو لە گۆڕستانی شێخ محەمەد بەرگری لە هێران سەربە قەزای شەقڵاوە بەخاك سپێردرا.

خوالێخۆشبوو (محەمەدعەلی رەسول کاموسەکی) ناسراو بە (محەمە دعەلی خۆشناو) لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی کاموسەك سەر بە ناحیەی هێران لە دەڤەری خۆشناوەتی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروە لە دایکبووە. خوالێخۆشبوو، لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، کە تەمەنی ١٤ ساڵ دەبێت بەشداری شۆڕش دەکات و لەگەڵ شەهیدی فەرماندە، مەحمود کاوانی دەبێت و لە سەرەتای شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەشداری لە شەڕەکانی (زینی بەرسرین، سەفین و دەشتی هەولێر- زینەتر، زەرتکان و کەپکی حەمەد ئاغای کردووە و لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ لای شەهیدی فەرماندە مەلاتەمین بارزانی، لە ئاکۆیان دەگوێزرێتەوە و لەبەر ئازایەتی لە شەڕی دۆڵی ئالانە، پلەی بەرپرسیاریەتی وەردەگرێت و بەشداری لە شەڕەکانی ئاوەگرد و شەڕی دەشتی کۆیە و ئەو سنوورە دەکات و تیایاندا رۆڵی هەبووە.دوای نسکۆی شۆڕش مانگی ٣ی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبن و لە ٦-٩-١٩٧٩ کە ئەوکات مالیان لە تاران بووە لە سەر ئەمری سەرکردەی نەمر، ئیدریس بارزانی مالی دەگوازێتەوە رۆژهەلاتی کوردستان و لە نەغەدە نیشتەجێ دەبێت و مالیان دەبێت پەناگەیەك بۆ پێشمەرگەکانی بارزانی و بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکات و لەگەڵ فەرماندە رەسول فەقێ دەبێت و ساڵی ١٩٨٠ بەشداری لە شەڕەکانی قەلاتوکان و شەڕی بەناوبانگی حاجی ئومەران لە کۆتاییەکانی مانگی ١١ی ١٩٨٠ دەکات، دواتر دەبێتە بەرپرسی ڕێکخراوی شەهید مەحموود کاوانی سەر بە لقی دوو و بەشداری لە شەڕی بالیسان و قەندیل لە ساڵی ١٩٨٣ دەکات و یەکێك لەو تێکۆشەرانە بووە، کە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ناوچەی هەڕێمی یەك ڕۆیشتبوون، بەشداری لە داستانی خواکورك ١٩٨٨ کردووە و بەشداری لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەکات و دوای ڕاپەرین دەگەڕێتەوە کوردستان و دوای دانانی تەشکیلات لە هێزی کاوانی بوویتە ئامیر بەتالیۆن، پاشان بوویتە ئامیر هێز، لەگەڵ تەشکیلاتی سوپای موشتەرەك بوویتە بە ئامرسریەی بارەگا لە گیژنیکان، دواتر بەردەوام بووە لەئەرکی دا و لە سوپای ٢، لەلای فەرماندە جەمال مورتکە بەردەوام بووە. دواتر خانەشین کراوە. لە تەمەنی ٧٣ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

هەولێر بۆ دهۆك و ئیبراهیم خەلیل زۆر نزیك دەکاتەوە، ئەوەش کاریگەریی خۆی دەبێت لەسەر ڕەوتی هاتوچۆ، بە تایبەتی بۆ شارێکی وەك هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە.



بڕیارە تا کۆتایی ئەمساڵ ڕێگای هەولێر بۆ دهۆك تەواو بکرێت

مەسعود کارەش، جێگری پارێزگاری هەولێر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: تیمەکانی کارکردن هەولێرکانیان چەکدووەتەوە بۆ کۆتایی ئەمساڵ ڕێگای هەولێر بۆ دهۆك تەواو بکرێت و کراوەتە دوو بەش، بەشی یەکەم لە شەقامی ١٢٠مەتری تا دەگاتە ئۆقەرپاسی گەزنە، کە قۆناغێکە و لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە سەرپەرشتی دەکرێت و لە ئۆقەرپاسی گەزنەش بۆ گوندی چەمە، لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

جێگری پارێزگاری هەولێر گوتیشی: بڕیارە تا کۆتایی ئەمساڵ هەردوو سایدی ڕێگاکە تەواو بکرێت و بکەوێتە خزمەت هاوڵاتیان، کە لە سەنتەری شاری هەولێر تا پردی گۆپاڵە ٣٨ کیلۆمەترە و بە شێوەیەکی پێشکەوتوو دروست دەکرێت. کارەش ڕوونیشی کردەوە: بە تەواوبوونی ڕێگاکە، هەولێر زیاتر دەبووژێتەوە، لەبەر ئەوەی ئۆتۆبانێکی نێودەوڵەتییە و

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر:

مۆڵەتی هەشتا پڕۆژە هەڵوەشێندرانەوە



ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیان: دوای پێداچوونەوە، مۆڵەتی ژمارەیەك پڕۆژەی شارەوانی هەڵوەشێندراونەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ئەوانەی مۆڵەتیان وەرگرتبوو تا پڕۆژە ئەنجام بدەن، بەڵام پابەند نەبوون بە مۆڵەتی شارەوانییەوە. سەرۆکی شارەوانیی هەولێر دەشڵێت: پڕۆژەکان ژمارەیان هەشتا پڕۆژەی جۆراوجۆرە و هەموویان سەر بە شارەوانیی هەولێرن، بەپێی یاسا و بڕیارەکان هەر کەسێك پابەند نەبێت بە مۆڵەتەکەی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە، مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە.

جەختیشی کردەوە: ئەم هەنگاوەی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکان لە چوارچێوەی پڕۆسەی چاکسازی دێت لە شارەوانی و، بەردەوامیش دەبین هەر کەسێك مۆڵەتی وەرگرتبێت و پابەند نەبێت، بێگومان ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگرینە بەر.

ئاسایشی هەولێر بکوژی شوفێری تەکسیی گەڕەکی گەلاوێژ دەستگیر دەکات



فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش دەستگیری بکەین.

تاوانبار لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە دانی بە تاوانەکە داناوەو بەپێیی ماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزادان ڕاگیراوە.


بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر دەڵێت: لێرەدا چارێکیتر هاوڵاتیانی خۆشەویست دڵنیا دەکەینەوە کە هەردەم لە ئامادەباشین بۆ پاراستنی سەرو مالیان.

لە ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر هاتووە، دوای ڕوودانی تاوانێکی کوشتن لە بەرواری ١٣-٨-٢٠٢٠ لە شاری هەولێر/ گەرەکی گەلاوێژ کە هاوڵاتی (ڕەوەز حەمە عەلی قادر) شوفێری تەکسی لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی کوژرا.

تیمی لێکۆڵینەوەی بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتیان هەڵسان بە لێکۆڵینەوەو لە ئەنجامدا توانیان تاوانبار دەست نیشان بکەن، بە ناوی (هەم.ع) دانیشتوی شاری هەولێرە گەرەکی مامۆستایان ئینجا لەسەر

موخلیس سەلیم:

پلان هەیە یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرات دروست بکرێت



هەشت ساڵە پێدانی مۆڵەت بە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنانەوە ڕاگیراوە، بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی و کارگێڕیی دەستەی گشتیی وەبەرهێنانیش دەڵێ، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پلانی هەیە لە داهاتوودا یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرات دروست بکات.

موخلیس سەلیم، بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی لە دەستەی وەبەرهێنان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢ وە پێدانی مۆڵەت بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان ڕاگیراوە و لەو کاتەوە تا ئێستا مۆڵەت بە دروستکردنی هیچ پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبوون نەدراوە، ئەوەش دوای پێدانی ژمارەیەکی زۆری مۆڵەت بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبوون هات. ئەو بەرپرسەی دەستەی گشتیی وەبەرهێنان دەڵێت: ئێمە وەك دەستە، پلانی وەزارەتەکان جێبەجێ دەکەین و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش پلانی هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروست بکات. سەلیم ڕوونیشی کردەوە: پێویستە پێداچوونەوە بە کەرتی نیشتەجێبووندا بکرێت، تا بزانین چەند یەکە دروستکراون و هەرێمی کوردستان پێویستی بە چەند یەکەی دیکە هەیە، دواتر داوا لە ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بکرێت بۆ پێدانی مۆڵەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو سێ بڕیارەی پێشتر بۆ ڕاگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێبوون دراون.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی محەمەد عەلی حاجی ڕەسوڵ کاموسەکی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(محەمەد عەلی حاجی ڕەسوڵ کاموسەکی) ناسراو بە(محەمەد عەلی خۆشناو)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی هونەرمەندی کۆچکردوو خدر خۆشناو

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی میللی و نیشتیمانپەروەری کوردستان(خدر خۆشناو)مان پێگەیشت. خوالێخۆشبوو هونەرمەند کاك(خدر خۆشناو) خزمەتێکی زۆری هونەری میللی کردووە و لەو بوارەدا هەمیشە ناو و بەرهەمەکانی بە زیندووی دەمێنێتەوە. بەم بۆنە خەمناکەوە، سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم هونەرمەندان و هونەردۆستانی کوردستان و خزم و دۆستانتان دەکەین، هاوخەمی ئێوە و کەسوکارتانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو هونەرمەند خدر خۆشناو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات، ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە ئێوە و هونەرمەندان و هونەردۆستانی کوردستانیش ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێز، کاك سەربەست تروانشی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوشکی بەڕێزتان(کوردستان عومەر حەسەن)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشیان ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە نیشتمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوشکی کۆچکردوتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بەئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێز، شێخ مەحمود وەحیدالدین سورچی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

پرسە و سەرەخوشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزمانی سورچی دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی دایکی کۆچکردوتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئۆقرەیی و ئارامی بەئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی



سەرۆکی حکومەت پرسەنامەیەک ئاراستەی کەسوکاری هونەرمەند خدر خۆشناو دەکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی میلیی خدر خۆشناو پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە، تێدا دەڵێت:

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی میللی (خدر خۆشناو) م بیست . پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە بنەماڵە و کەسوکاری ببەخشێت .

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
27/8/2020

پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند خدر خۆشناو

بەڕێزان/ خانەوادەی هونەرمەند (خدر خۆشناو)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناسراوی شاری هەولێر و کوردستان (خدر خۆشناو)مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس وکار و بنەماڵەکەتان دەکەین، هەروەها سەرەخۆشی لە هونەرمەندان و هەوادارانی دەنگی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو دەکەین و، خۆمان بەشەریکی خەمتان دەزانین.

هونەرمەند (خدر خۆشناو) یەکێك بوو لەو هونەرمەندە ناسراوانەی گەلەکەمان، کە دەیان ساڵە خزمەتێکی زۆری هونەری میللی و فۆلکلۆری کوردی کردووە، هیواخوازین هاوخەمیی دڵسۆزان و هونەردۆستان ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووریتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و، خوای گەورە گیانی هونەرمەندی کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی وەڵامی دۆران کاڵکان و دەمامکدارەکانی پەکەکە دەداتەوە:

دەتانەوێت بە بەخشینەوەی تۆمەت شکستەکانتان پەردەپۆش بکەن و بەرچاوی خەڵک بگرن؟

سەدان گوند و ناوچەتان داگیرکردووە و نە لێدەگەڕێن خەڵکەکەی بە ئارامی بژین و نە ڕێگەش دەدەن حکوومەتی هەرێم خزمەتگوزاریان پێشکەش بکات

بەشی ڕۆژنامەوانیی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی دۆران کاڵکان و دەمامکدارەکانی پەکەکە دەداتەوە، لە بەشێکی ئەو ڕاگەیەندراوە وەڵامدانەویەدا دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دەڵێت: کێشەی ئەم تاقمەی پەکەکە لەوەدایە لەنێو ژینگەی وەهمدا خەرقبوون و لە بەرگێکی ئیفلاسی فکری و لە بازنەیەکی بەتاڵدا بەدەوری وەهمێك دەخولێنەوە کە نیەتی دژە کوردانەی ئەم تاقمە حەشار بدات. ئەمەش دەقی وەڵامەکەیە:

دوای ئەوەی جەمیل بایك و بەسێ هۆزات هاوسەرۆکانی کەجەکە، لە بەخشینەوەی تۆمەت بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و، پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتوو نەبوون و هەڵمەتە ڕاگەیاندنەکەیان شکستی برد، ئەمجارە دۆران کاڵکان و تاقمێکی پەکەکە؛ شانۆیەکی دیکە دەگێڕن بە بەخشینەوەی تۆمەت و قسەی نابەجێ دەرهەق بە پارتی دیموکراتی کوردستان، کێشەی ئەم تاقمەی پەکەکە لەوەدایە کە لەنێو ژینگەی وەهمدا خەرقبوون، لە بەرگێکی ئیفلاسی فکرییەوە و، لە بازنەیەکی بەتاڵدا بەدەوری وەهمێك دەخولێنەوە کە نیەتی دژە کوردانەی ئەم تاقمە حەشار بدات و، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا نەتوانێت تەکان بە ماف و چالاکییە مەدەنییەکانی خۆی بدات. ئەمان بە هەر جۆرە دەستکەوتێکی سیاسی کە کورد لە ناوچەکەدا تۆماری کردبێ زۆر قەڵسن، یانیش هەر دەرفەتێك بۆ پێشخستنی قەزیەی کوردی هاتبێتەپێش لە دژی قەزیەکە جوڵاون. بۆیە ئەمجارەیش بۆ پەردەپۆشکردنی ڕابردوویان دەیانەوێ خۆیان بخزێننە نێو شێواندنی مێژووی ناوچەکە و، بە نائومێدییەکی زۆرەوە دەستیان بۆ هەندێ لێدوانی نابەجێ بردووە کە ئەم جۆرە لێدوانانە هەر لەم تاقمە دەوەشێتەوە....

لەدەسپێکدا دەیانەوێ پاکتاوی نێوخۆیان لە تەسفیەی حساباتی هەواڵگریی و ئیفلاسی سیاسی بخەنە پاڵ هەرێمی کوردستان و پارتی، بەم وەهمە دەیانەوێ لە پاڵ هەندێ جوڵەی دەمامکدار ڕووی خۆیان لەنێو لایەنگرانیاندا سپی بکەنەوە و، بەسەر کارەچەوت و خراپکارییەکانیان بازبدەن و، بیانوو بە هێزە کوردستانییەکان بگرن، ئەوان باش دەزانن پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبێکی جەماوەری و مەیدانی لە تێکۆشانی سیاسی خۆیدا و، لە مێژووی ناوچەکەشدا خاوەنی گەورەترین تۆمار و وەرەقەی دێکیۆمێنتکراوی پرشکۆی کوردستانییە، بۆیە لێرەوە بە دۆران کاڵکان و تاقمە دەمامکدارەکە دەڵێین، لە ئەدەبیاتی پارتیدا (سەروەری گەل، تێکۆشان و بەرخودان) لەپێناو کورد و کوردستان بەبەردەوامی لە هەناوی پارتییدا دەستکەوت و دەرفەتی مێژوویی بۆ کوردستان خولقاندووە و ناسنامەی کوردایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دروستکردووە و پاراستوویەتی، نەوەك قڕکردنی گەل و گەمەکردن بە چارەنووسی گەل



پرس و کێشەی کورد خاک و شکۆیە با تەنها لە مووچەدا بچووک نەکرێتەوە

ڕێبوار حەمەلاو شوانی

لە قۆناغە جوداکانی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان بەدرێژایی مێژوو توانیوێتی بە یەکهەڵوێستی و تەبایی نێومااڵی خۆی بە سەر زۆرێك لە کۆسپ و تەگەرەکان دا زاڵ بێت و سەرکەوتوو بێت و هەروەها دەستکەوتی گەورە وشانازی گەورەش تۆمار بکات .

ئەگەر هەڵوەستەیەکی واقعبینانە بکەین ، هەر ئیرادەی یەکهەڵوێستیان بووە تا بە ئەمڕۆ کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان خاوەن چەندین دەسکەوت و حوکمرانی خۆیەتی. هەروەها توانیوێتی خاك و نیشتیمانەکەی لە هەموو ئەو هەڕەشە و پیلانگێرییە بەردەوامەکانی ناوچەکە و داگیرکەران بپارێزێت .

ئەوەی ئەمڕۆ لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە و بەتایبەت باشووری کوردستان هەستی پێدەکرێت ، هەندێك تاقم و گروپی دروستکراوە و دوور لە هەستی کوردپەروەری و نیشتیمانپەروەری بەڵام بەناو کورد ، بەردەوام کاریان بۆ تێکدانی ئەو یەکریزی و تەبایی دەکەن لە ڕێگەی چەندین سیناریۆ و چەواشەکاری و هێرشی میدیایی و کاری تێکدەرانە کە دەخوازێت هەموان زۆر هوشیارانە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو ڕەوشە دا بکەین .

چونکە ، مێژوو گەواهیدەرە و سەڵمێنرا ، کە یەکهەڵوێستی کلیلی چارەسەرە نەك ملمڵانێی و ناتەبایی و گۆڕینی ئاراستەکان بەرەو ئائارامی و شۆڕشی تر کە تەنها نەیارانی گەلەمان تێیدا سوودمەند دەبن و دۆز و پێشکەوتنەکانمان تووشی زیانی گەورە دەبنەوە .

بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش ئەوەیە، دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری 1991 بە حیکمەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و بەرەی کوردستانی توانرا گەلی کورد لە مێژوویی خۆیدا ببێتە خاوە پەرلەمان و حکومەت و حوکمرانی خۆیی و سەڕای گشت کۆسپ و ئاستەنگەکان بەڵام توانیی خۆی ڕابگرێت و سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت .

ئێستاش وەك دەبینرێت ، دەسەڵاتدارانی بەغدا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، ئابووری کوردستان و بەتایبەت پرسی بودجە و مووچەیان کردۆتە کارتێکی گوشار لە پێناو تێکدانی یەکریزی و تەبایی نێو ماڵی کوردستانی و هەروەها لە پێناو پچڕاندنی زنجیری یەکهەوڵستی کوردستانی ئەوە چەکە کە دوژمنانی کوردستان بەردەوام چ خۆیان و چە لەڕێگەی هێزوکەسانێکەوە کاریان بۆ کردووە .

دوای 28 ساڵ حوکمڕانی و سەرەرایی هەموو ئەو پیلان و گوشارانە لە دژی حوکمڕانییەی باشووری کوردستان کە ئەمڕۆ و هیوا و ئومێدی هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەرە لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە و هەموو جیهان بەڵام توانیوێتی بە خۆڕاگری و خوێن وگیانی هەموو دەستکەوتەکان لە هەڕەشە و مەترسییەکان بپارێزێت و بەرگری لێبکات .

ڕاستە ، بوودجە و مووچە مافێکی ڕەوا و دەستوورییە ، دەسەڵاتدارانی بەغداش بە بەردەوامی دەیانویست کە میللەتی کورد تاقی بکەنەوە و درز وناکۆکیی لە نەناردنی ئەو مافە دروست بکەن و لە ئامانجە ڕەواکانیان بەڵاڕێهان ببەن ، بەڵام لە ئەنجامدا خەڵکی کوردستان بە سەرکردایەتیی حەکیمانە و خۆڕاگری پیشانی بەغدای دا کە دەستکەوتەکان و ئەزموونی کوردستان کە وەك چیاییەکی سەرکێشە بە هیچ پیلانگێرییەك ناڵەرزێت و ناکەوێت و گەلی کورد کە لە پێناو ئامانجە ستراتیژی و نەتەوەییەکانی کە خاك و نیشتیمانە پاشەکشێ ناکات .

ئەوەی بۆ ئێستا و داهاتوومان گرنگە، ئەوەیە، کە بە یەکدەنگی ویەکهەڵوێستیان ، زیاتر ریزەکانمان پتەوتر و بەهێزتر بکەین و پارێزەری لە هەموو ئەو دەسکەوتانە بکەین کە بەخوێن و خەباتی دەیان ساڵەمان هاتوونەتەدی. ڕاستە پێش سەدەیەك دوور لە ویستی خۆمان و بەستەمکاری و زۆر بە عێراقەوە لکێنراین بەڵام چەکی کیمیایی ،ئەنفاڵکردن و بڕینی بودجە ومووچە و گەمارۆدان نەیانتوانیی میللەتەکەمان لە پاشگەز بکەنەوە خەبات و بەردەوامبوون لەگەیشتن بە مافەکانی هاوشێوەی هەموو گەل و وڵاتانی جیهان کە سەربەستی و ژین و ژیانێکی پر شکۆیە .

سەدان گوند و ناوچەتان داگیرکردووە و نە لێدەگەڕێن خەڵکەکەی بە ئارامی تیایاندا بژی و نە ڕێگای حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەدەن خزمەتگوزاریان پێڕابگەیەنێ، خۆ داگیرکردن هەر داگیرکارییە لە هەر بەرگێکدا بێت، بۆیە سەرەتا ژینگەی هەواڵگری خۆتان لە پاکتاوکردنی یەکتر یەکلابکەنەوە ئەوجا چیرۆکە وەهمییەکانتان بگێڕنەوە.

لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەشاهێدی خەڵکی ڕۆژئاوا، دیارە کە ڕۆژئاوا تێکدەرانەتان سنووری تا کوێ بڕکردوە، لە ڕفاندنی کچوکوڕی خەڵك، لە زیندانیکردن و لە هێرشکردنە سەر گردبوونەوەی خەڵکی ڕۆژئاوا کاتێ یادی نەورۆز و بۆنەکانیان دەکردەوە و، لە داگرتن و سوتاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و، دواتریش لە هەڵواسینی وێنە و پەیکەری ڕژێمی سووریا، لە ئێستادا دەبینن لە ڕۆژئاوای کوردستان لەبەر کاری تێکدەرانەتان ڕەوایەتیتان لەنێو خەڵکی خۆشتان کە پێشووتر لەگەڵتان بوون نەماوە. کە ئێوە تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە بوونە، بەڵام خەڵکی بەئەمەکی ڕۆژئاوای کوردستان باشی لەبیرە، کاتێك سەرۆك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەیان بۆ پارێزگاریکردن لە کۆبانێ و ڕۆژئاوای کوردستان دا، خەڵك لە بیریەتی کە پارتی دیموکراتی کوردستان چەندە پەرۆشی بەهاناچوونی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوو تا لە دەستی تیرۆریستانی داعش پارێزراو بن، لە یادتان چوو کە چوونی پێشمەرگە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و بەرگریکردن لە کۆبانێ خاڵی وەرچەخان بوو و هاوسەنگی هێزی گۆڕی و داعش تێکشکێندرا و، دواتریش لە هەرێمی کوردستان پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی بەتەواوی شکاند. لەخۆگرتنی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەرێم نمونەیەکی دیکەیە لە ئاکاری پارتی و، حزبە ڕەسەنەکان کە بە ڕوونی لە نێو زاکیری خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستاندا چەسپیوە. ئێوەبوون شەڕتان هێنایە نێو ڕۆژئاوای کوردستان و، بوونە هۆکاری ئاوارەبوونی خەڵك بە هەمان ئەو سیناریۆیەی کە لە ساڵی 1983 بۆ باشووری کوردستانتان داڕشت و وەك سیگنالێك نیشانەتان دەدایە سوپای وڵاتانی ئیقلیمی چ بۆ هاتنە ژوورەوە یانیش بۆ بۆردومانکردنی ناوچە سنووری و گوندەکان و تێکدان و کاولکاری کە بەهۆی ئێوەوە سەدان گوند دەستی ئاوەدانی پێنەگەیشت و تا ئێستاش خەڵك ناتوانێ بگەڕێتەوە سەر زێدی خۆی، چونکە ئێوە داگیرتان کردن و، دواتریش بوونە دەستکێشی سوپای تورکیا بۆ نێو ئەو دەڤەرانە.

ئەنەکەسە دروستکراوی دەرەکی نییە، بەڵکوو ئەنجوومەنێکی هەڵقوڵاوی نێو پارتە سیاسییە ڕەسەنەکانی دڵی ڕۆژئاوای کوردستانە و، کۆمەڵێك حزبی تێکۆشەرن، بەڵام چونکە بە سیاسەتی ئێوە ڕازی نەبوون، ناوناتۆرەی جۆراوجۆریان بۆ هەڵدەبەستن، ئەوە لەکاتێکدا کە لە دانوستانەکانی نێودەوڵەتی لەسەر پرسی کورد و چارەنووسی سووریا، وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگەی مەدەنی و یوئێن و وڵاتانی ئەورووپی، شەرعیەتیان بە ڕەسەنایەتی ئەم ئەنجوومەنە داوە و، وەکو نوێنەری گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەشدارن لە گفتوگۆکانی جنێف و ئاستانە و هەروەها لە نووسینەوەی دەستووری نوێی سووریاشدا، ئێستاش کە ئەنەکەسە و تەڤدەم لە دانوستاندان بەدەر لە دەستوردانی ئێوە، دەتوانن لەسەر ڕێککەوتنەکانی دهۆك و هەولێر بگەنە ئەنجامی دڵخۆشکەر کە سوودی بۆ خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و تەواوی پرسی کورد هەبێت. لەوان گەرێن و وڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، ئەڕێ ئێوە وەك دۆران کاڵکان و بایك و تاقمەکەی قەندیل چیتان کرد لە سەرێ کانێ و گرێ سپی و، عەفرین؟ کوا ئەو ڤێتنامەی کە دەتانگوت لەوێ بەرپایی دەکەین؟ جگە لە چەند قسەیەکی بریقەدار لە قەندیلەوە چیتان کرد؟ کوا بەرهەمی هەڕەشەکانتان؟ ئێوە کە خۆتان کردووە بە گاردی سنووڕەکان کەچی لە ڕاستیدا سەپانی گەمەیەکی ئیقلیمیین بە چەواشەکاری دەتانەوێ سۆزی خەڵکی پارچەکانی کوردستان ڕاکێشن، بەڵام لە واقیعدا پاسەوانی بەرژەوەندی گەمەیەکی ئیقلیمین ئەمە ناوبنێین چی؟. لە خۆتان نەپرسیووە لە هەڵبجە و گەرمیان و پێنجوین و ماوەت و تا دەگاتە مەتین و گارە خەریك چین؟ کەمێك ڕووی خۆتان سپی کەنەوە و بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتوون و بۆی دروست بوون، بۆیە لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو وەك لەسەرەتا باسمان کرد کە لە ڕووی فکر ئیفلاستان کردووە، لە ڕووی مێژوویشەوە ماسکی سەر ڕوخسارتان لادەبەین و ئیفلاسی مێژوویتان ڕەدەگەیەنین، ئەمجارەیش پێتان دەڵێین کە ئینشقاقی نێو ڕیزەکانتان و پاکتاوی نێوخۆیتان لە تەسفیەی هەواڵگری ئیقلیمیدا کە ڕۆژ دوای ڕۆژ مەرامەکانتان لەنێو ڕای گشتی کوردستان و ڕەوندی کوردی لە ئیفلاسدایە و، لەنێو سایکۆلۆژیەتی کوردستانییشدا ئێوە کۆتایی فکریتان هاتووە، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەقڵیەتە بڕۆن، وەکو ئەو کێوە بەفرینانەتان کە بە مۆسیقا وێناتان دەکرد، دەتوێنەوە و، ئاوازەکانیشتان لە گوێچکەی خەڵکی خۆتاندا کۆتایی هاتووە و خەڵك لە مەرامەکانتان تێگەیشتوون.

لە کۆتایدا لەبارەی باکووری کوردستانیش ئەو بەڵگەیە بەسە کە باکووریەکان لەسەر شاشە و تیڤییەکان هاواریان دەکرد کە پەکەکە نەهامەتی بۆ هێناون و، درۆیان لەگەڵ قەزیەی کوردی کرد و دەرفەتی ئاشتیان لەبار برد.. بۆیە کاتێ دەست بۆ مێژوو دەژدەکەن، ئاگادارین تۆمەت و بوختانتان هیچ بڕناکات و، وەك هەمیشە پێشوەختە دۆڕاون لەبەردەم ئەوانەی کە دروستکەری مێژووی ڕاستەقینەی پرسی کورد و خولقێنەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و ڕێبەری تێکۆشانە ڕاستەقینە و پەسەندەکەی کوردستانیانن...

بەشی ڕۆژنامەوانیی
دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
28ی ئابی 2020





ئەنفال و جینۆسایدا بێ لێبورین



عادل حەسەن رەشید مزوری - فڕەنسا *

یاساییێن ڤی چەرخی و مافێ مروڤایەتی human rights ل جیهانێ هاتیە دیارکرن وەك ماف یاسا دەستور و دادپەروەری. لەورا لژێر تێگەهێ دادپەروەریا مروڤایەتی Human justice و چەندین ڕێکەفتنامێن نیڤ دەولەتی ژلایێ نەتەوێن ئێکگرتی UN و جڤاتا ئێمناهیێ Security Councilو راگەهاندنا جیهانی بو مافێ مروڤی ـ ڕێکخراوا لێبورینا نیڤ دەولەتی Amnesty international و چەندین ڕێکەفتنامێن قەدەغەکرن و نەهێلانا کریارێن جینوسایدێ هەر ژ 9 دیسامبەرا 1948 تا سیستەمێ روما یێ سەرەکی بو دامەزراندنا دادگەها جینائی یا نیڤ دەولەتی ICC 17 تەموزێ 1998 بو قەدەغەکرنا تاوانێن جینوساید genocide و تاوانێن دژی مروڤایەتی Crimes against humanity، تاوانێن شەری war crimes. پێخەمەت دەمێ جەنگێ جیهانی یێ دووێ پێتڤی بوو دانپێدان بمافێ مروڤایەتی ببیتە بنیاتێ ئاشتی و پێکڤە ژیان و داپەروەری. لەورا هەمی مافێن مروڤایەتی لجیهانێ گرنگیا خو هەیە و شیوازەکێ هاوبەش و ئەرکە لسەر هەمی حکومەتا ڕەفتاری دگەل ڤان مافا بکەن لگور تێگەهێ دادپەروەری و مافێ مروڤایەتی.

ئەرکەکێ یاسایی یە بو هەر وەلاتەکی سەرەرایی سیستەمێن وان یێن سیاسی و ئابووری و کەلچەری پێتڤیە بەرەڤانیا مافێ مروڤایەتی بو هەر تاکە کەسەکی بهێتە چەسپاندن و جێوازی نەبیت دناڤبەرا خەلکێ دناڤ کومەلگەهان دا بجێوازیا وانا ژلایێ نەتەوە و ئاین و ڕەنگێ پیستێ ڕەش و سپی.

لێ مخابن حکومەتێن عیراقێ هەر ژ دامەزراندنا 1921 بنافێ دەولەتا عیراقێ تا روخاندنا حکومەتا عیراقێ 2003 سەرەرایی بەشدار بوونا وان وەك ئەندام دناڤ چەندین ڕێکەفتنامێن جیهانی یێن مروڤایەتی دا و ڕێکخراوا کونگرێ ئیسلامی دەولەتا عیراقێ هیچ پێگری بڤان بریارا نەکریە و سەرپێچیێن یاسایی د مافێ مروڤ و قرکرنا مللەتێ کورد میژوویەکا ڕەش تومار بوویە بمەبەستا جینوساید و تاوانێن دژی مروڤایەتی و کوشتنا ئەنقست و زیندانکرنا کوردێن سڤیل و هەلوەشاندنا ئازادی یا هزری و تۆندڕەوی یا جەستەیی.

بکارئینانا ڤێ سیاسەتێ گەلەك هێرشێن سەربازی یێن تۆندڕەو دژی کومەلگەهێن کوردا هاتینە ئەنجامدان، گرنگە لڤێرێ بزانین ڤان جورێن پلانا هزر و ئایدولوژیەکا شوفینی پێش وێ هەبوو بمەبەستا نەهێلانا ڕەوشەنبیریا کوردی و ژناڤبرنا گهورینا جوگرافیا دەڤەرێن کوردا، لەورا ئوپراسیونێن ئەنفالێ هاتیە نیاسین وەك An- 1988 fal Campaign in Iraq Kurdistan ژلایێ حکومەتا عیراقێ یا ژ ناڤچووی 2003 هاتە جێبەجێکرن وەك ئایدولوژیەکا تۆندڕەو و شوفینی و یا ئێکانە ژلایێ کەسانێن دکتاتور ڤە رامانا وێ ئەو بوو کورد دهاتنە وەسڤکرن کو جهێ مەترسیێ نە ل عیراقێ و لژێر دروشمێن نەتەوایەتی یێ عیراقێ دناڤ قوناغێن جودا جودا هێرش کرینە سەر دەڤەرێن کوردا و فروکێن عیراقێ یێن سەربازی دەڤەرێن کوردا توپبارانکرینە بمەبەستا سەرکەفتنا ئەنجامدانا ڤێ سیاسەتێ حکومەتا عیراقێ یا ژناڤچوویی هەر ژ سالا 1988-1980 چار جینوسایدێن تومارکری دژی مللەتێ کورد بکارئینانە وەك جینوسایدا کوردێن فەیلی 1980 و جینوسایدا کوردێن بارزانی 1983 وقوربانی هەشت هزار کەس بوینە و کیمیا بارانکرنا باژێرێ هەلەبجە 1988 قوربانی پێنج هزار کەس بوینە لەورا عیراقێ پلانا سەرەکی ئەنجامدایە بو مەزنترین کارەسات لڤی چەرخی و ئەنجامدانا ئوپراسیونێن ئەنفالێ سالا 1988و قوربانی 182 هزار کەس بوینە. میموریا ئەنفالا دژی مللەتێ کورد دیار دکەت کو کوژمك گەلەك د بێ وژدان بوون و ڕەوشەنبیریەکا تۆندڕەو و شوفینی هەبوو و چەندین نڤیسکار و میدیا جیهانی بزمانێن بیانی ئەڤ تاوانە راگەهاندیە وەك میدیا وەلاتێن ئیککگرتی فرەنسا و ئەلمانیا و بریتانیا و ئسپانیا ژبلی کارەساتا بارزانیا و هەلەبجە کارەساتا ئەنفالێ ڕەنگ ڤەدانەکا مەزن هەبوو لسەر ئاستێ میدیا هەرێمی و جیهانی، سەرەرایی بکوژێن کریارێن جینوسایدێ بمەبەستا ئایین نەژاد و نەتەوە کریارێن خو رووبەدەن، ئەم تەکەس دکەین کو ئایدولوژیەتا شوفینی یا عروباتی دناڤ ئەدەبیاتێن خویێن میژوی و سیاسی مللەتێ کورد تاوانبار دکەن کو مللەتەکە یێ ناشنالیزم-national ism لێ بەرو ڤاژی ئەڤ ئایدولژیەتە دەمێ حکومەتێن عیراقێ مللەتێ کورد جینوساید کرن لژێر دروشمێن نەتەوەیاتی یێن عروباتی و چ گرنگی ب موسلمانیا کوردان نە ددا و بەلگێن بوچونا کو ئەوە لژێر سورەتا ئەنفال یا قورئانا پیرۆز مللەتێ کورد هاتە جینوساید کرن.

لێ بمخابنیڤە وەلاتێن ئیسلامی و ڕێکخراوێن ئاینی یێن ئیسلامی بێ دەنگیا خو تومار کربوو ئەڤ چەندەژی دزڤریتن کو ئایدولوژیەتا حکومەتێن عیراقێ دەژویا هەڤچەرخ دا چەندین قوناغێن جودا جودا وەلاتییێن کورد پولینکرینە وەك ژمارە 2، هەروەسا وێنە کەلچەر و زمانێ کوردا گرنگی پێ نەهاتیە دان، لێ بەروڤاژی چەندین نڤیسکارێن خودان شیان و مروڤایەتی ئەڤ کریارە ڕەتکرینە لەورا بو جیهانێ یاخویا بوو کو کریارێن ئوپراسیانا ئەنفالێ تاوانێن دژی مروڤایەتیێ و تاوانێن جینوسایدێ هاتنەکرن دەرحەق مللەتێ کورد.

لبیرەوەریا 32 سالیا ڤێ کارەساتێ خاندنێن یاسایی دیاردکەن ب بەلگە و ئوپراسیونێن رژێما عیراقێ بو بکارئینانا توپبارانکرنێ چەکێ قەدەغەکری وەك غازێن کوشتنێ لجهێن ئاکنجیی بوونێن کوردا دەست پێکەك بویە بو ئوپراسیونێن ئەنفالێ و ئەڤە رامانا وێ چەندێ دەدت کو مەزنترین تاوانا ڤی چەرخی بو.

لەشکەرێ عیراقێ لسەر وی دەمی هەمی شیانێت خو یێن لوجستی و لەشکەری و بکارئینانا فروکا و کەرەستێن سەربازی وەك هێزەکا نشتیمانی و لژێر ئالایێ وەلاتێ عیراقێ و ژ هزاران لەشکەرێن ئارتیشا عیراقێ بەردەوام بوون بو ئوپراسیونێن ئەنفالێ و لقوناغێن دومایهێ لدەڤەرێن بادینان بو کوشتن و وێرانکرنا کوردا.

لەورا لسەر وی دەمی بەلگێن نهێنی دیاردکەن کو راگەهاندنا عیراقێ کو سەرکەفتی بوون د ئەنجامدانا کریارێن خویێن نەمرۆڤایەتی لژێر تێگەهێ ئەنفال دا.

لەشکەرێ عیراقێ و بەرپرسێن ئەمنی لسەر وی دەمی بو دانا فەرمانێن تۆندڕەو و نە مرۆڤایەتی دژی کوردا، ژ ئەنجامدانا وان بریارێن نهێنی دەستهەلات دا ئارتیشا عیراقێ ژ بو بکارئینانا تەوانا بەرامبەر خەلکێ کورد یێ سڤیل و ژ تەمەنێ 15 تا 70 سالی، گەلەك فەرمانێن لەشکری ژ بو کوشتنا کوردا و بکارئینانا کریارێن نە مرۆڤایەتی دان وەك قەدەغەکرنا هاتنوچونێ دناڤ گوند و دەڤەرێن کوردان دا.

هەر ژ دەمێ بکارئینانا چەکێ قەدەغەکری ل هەلەبجە لمارسا 1988 تا دوماهیك قوناغ ژ ئەنفالێ حکومەتا عیراقێ حەزەکا مەزن هەبوو بو بکارئینانا چەکێ قەدەغەکری دژی کوردا و هزاران بەلگێن نڤیسین Top secret و دەنگێ ڤان کریارا پەسەند دکەن ژ لایێ یاسایی ڤە.

ژ ئەنجامێ هەشت ئوپراسیونێن پلانکری هەر ژ شباتا 1988تا سپتەمبەرا 1988 سەد و هەشتێ و دوو هزار کەس هاتنە جینوساید کرن، کورد هاتنە دەربە دەرکرن دناڤ کەمپێن سنوری و هزاران کورد هاتنە کیمیا بارانکرن وهزاران بساخی هاتنە ڤەگوهاستن بو باشوریّ عیراقێ و لگوریّن کوم بکوم هاتنە بن ئاخ کرن.

لێبمخابنی ڤە پشتی روخاندنا ڕیژیا بەعس 2003 هندەك ژ روفادێن قوربانییێن کورد هاتنە دیتن لباژێرێن سماوە و میسل ل عیراقێ، هەر بمخابنی ڤە تا ئەڤرو هزاران روفادێن قوربانییێن کورد بێ سەروشین، سەرەرایی دامەزراندنا دادگەها جینائی یا بلند 5 سپتەمبەرێ 2005 بو زانین سەدەهان تاوانباریّن ئوپراسیونێن ئەنفالێ دئازادن تا ئەڤرو.

سەبارەت قەربویا خەلکێ هاتیە ئەنفال کرن و کیمیا بارانکرن و دناڤ دیباجا نڤیسینا ڤێ دادگەهێ مەبەستا وا نەو بوو:

- وەلاتێ عیراقێ ژ چارچوڤێ تۆندڕەویا سیاسی یا تۆند و سەرپێچێن مەترسیدار بو مافێ مروڤایەتی.

- نامەکا ئاشکەرا بو دانا سنورەکی بو کریارێن تاوانێن حکومەتا ژناڤبری و دوپاتکرن کو ئەڤ تاوانبارە ژ دادپەروەریێ قورتال نەبن.

-پەسەندکرنا شەرعیەتا دەولەتا عیراقێ یا نی بریکا وەفاداریا ئاشکەرا و پێگریا وێ بەرامبەر قوربانیا و خێزانیت وان.

- تومارکرنا ڤان رویدانا بشێوەیەکێ ریك و پێك دیر ژ سەختەیێ.

لگور بریارێن ڤێ دادگەهێ دروستە گەلەك تاوانبار هاتنە سزادان نەخاسمە تاوانباریّن سەرەکی ژ سەرکردێن وەلاتێن عیراقێ لسەر وی دەمی لێ وەك مە ئاماژە پێدایی سەدەهان تاوانبار تا ئەڤرو وژدانا وان نەهاتیە هەژاندن و بشێوازەکێ فەرمی داخازا لێبورینێ ژ خێزانێن کوردا ئەوێن هاتینە ئەنفال کرن نەکریە، بەروڤاژی باشترین نموونە بو پەسەندکرنا گوتنا مە لدەمێ جینوسایدا رواندا دناڤبەرا هوزا توتسی و هوتو 1994 پشتی رویدانا جینوسایدێ و دامەزراندنا دادگەهێ و سزادانا تاوانباریّن سەرەکی هەردوو هوزا داخازا لێبورینێ ژ یەك و دوو کریە و وەلاتێ رواندا نهو بویە سومبولێ ئاشتییێ و پێکڤە ژیانێ.

ئایا گەلێ عیراقێ و حکومەتێن عیراقێ یێن نی دێ کەنگی بشێوەکێ فەرمی داخازا لێبورینێ کەن ژ مللەتێ کورد و خێزانێن ئەنفالێ و هزاران ژ قوربانییێن ڤان خێزانا کو ئەڤرو دبێ سەروشینن، یان ژی ل ئایندە دێ ئەڤ جینوسایدە هێنە دوبارەکرن دژی مللەتێ کورد و لژێر دروشمێن توتندرەو و نەتەوەیاتی و ئاینی.

*** شاهرەزایێ زمانەوانی دیواریّ جینوسایدێ دا زانکویا ڕووان فڕەنسا.**



با کوردستان نەکەینەقوربانیی خراب بەکارهێنانی دیموکراتیەت!

یونس حەمەد - ئۆسلۆ

دیموکراتی لەبنەڕەتدا سیستەمێکی مۆدێرنەبۆ حکومڕانی هاوچەرخ، بەڕێڕەوی بنەماکانی دیموکراتی دەتوانرێت بناخەیەکی تەندروست بۆ ئایندەی نەوەکانمان دابین بکەین، لەم ڕووەوە دەتوانین ببینەپێشەنگ لەڕووی بەدیهێنانی چەمکەکانی ژیانی هاوچەرخ .. دوای ساڵی 1991 کوردستان بەشێکی ئازادبوو، لەم بەشەدا دیموکراتی بووە بابەتێکی گرنگ لەسیستەمی ژیانی دەسەڵاتی کوردیدا، هەڵبژاردن ئەنجامدرا، کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان دامەزران، پارت و لایەنەسیاسییەکان بەیاسا ڕێکخران، لاو و گەنجان هاتنەنێو کۆمەڵگا، ئافرەتان بەشێوەیەکی باش خۆیان لەگەڵ دۆخە نوێیەکەی کورد گونجاند، ئەمانەمافن لەدیموکراتی بەرجەستە دەبن. کورد وەك گەلێکی ئازادی ویست هەمیشە حەز و ئارەزووی لەپێشکەوتنە، هەر زووش خۆی لەگەڵ دابونەریتەکان دەگونجێنێت، لەتوانایدا هەیەبەهرە و تواناکانی نیشان بدات، ئەمانەتەو خەسڵەتەیەکەگەلی کورد پێوەی ناسراوە. دیموکراتی ئەو ڕێڕەوەیەکەجەماوەر لەسەری دەڕوات، بەڵام چۆن و لەچ کاتێکدا، ئایا ڕەوایەدیموکراتی بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی چەواشەکار یان کۆمەڵە کەسانی چەواشەکار بەکاربهێنرێت؟ ئایا دەبێت هەر چی بکرێت یان هەرکارێك ئەنجام بدرێت چ بەباش یان پێچەوانەبەڵام لەبەرژەوەندی کەسانی چەواشەکار بچێتە قاڵبی سیستەمی دیموکراتی. ئایا سیستەمی حکومڕانی پەیوەستە بەدەسەڵاتدان بەگەل، بێگومان ئەوەی دووەمیان ڕاستە و پێویستیشە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، دیموکراتی مافی گەلەبەگشتی، نەوەك مافی کەسان و گرووپێك، بەڵام ئەگەر وڵاتیش بەدیموکراتیزە بکرێت نابێت لەبەر خاتری دیموکراتی، گەل بکەینەقوربانی یان ئەوەتا کوردستان و قەوارەی کوردستان لەناو ببەین!، چیە تا بڵێین ئەوە باوەڕمان بەجەمسەر و ڕەهەندەکانی دیموکراتی هەیە؟، لە کوردستاندا زۆر بابەت هەیەتێکەڵاو بەسیاسەت کراون، کاری پەڕلەمانی زیاتر یاسا دانانە کەچی دەقۆزرێتەوە بۆ نمایشی سیاسی، تەندروستی تایبەتەبەژیان و ساخڵەمی مرۆڤ، بەڵام دەبینین کەسانێك دێن تیر و توانج لەم بابەتە هەستیارە دەدەن بێ ئەوەی بزانن نرخی تەندروستی بۆ مرۆڤ چەند گرنگ و بەسوودە، سەرجەم چەمکەکانی ژیانمان دەتوانین بڵێین بۆتە بەشێك لەسیاسەت، بۆ بەرژەوەندیی تاکی چەوشەکار، زۆر بابەت بەسەر بابەتە گرنگەکانی نێو کۆمەڵگا زاڵ بووە، پەتای (کۆڤید 19 واتا کۆرۆنا) سەرتاسەری جیهانی گرتووە بێ ئەوەی یەك وڵات لێی دەرباز بێت، کەچی لای ئێمە بەهەناسەیەکی تەسك باس دەکرێت، میدیای سیاسی لەکوردستاندا بەناوی دیموکراتی لەدوای بیانوو دەگەڕێت بۆ ئەوەی هەر چۆنێك بێت گەل بەلاڕێدا ببات و وا بەگەل نیشان بدات بەوەی هەمیشە دژی دەسەڵاتن، هەردەم هەوڵ دەدات بۆ کەمکردنەوەی دەستەکەوتەکان، هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان) لەسەرەتای بڵاوبوونی پەتای (کۆرۆنا) جێگای سەرنج و تێرامانی هەموو جیهان بوو، لەلایەن گەورە وڵاتاندا بەنموونەی سەرکەوتوو ناوی دەهات، هەر زوو حکومەتی کوردستان دەستی بەسەر ئەم پەتایەگرت تا ڕادەیەکی زۆر باشیش سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەناوی دیموکراتی میدیا و کەسانی چەوشەکار بەناو سیاسی لەسەرەتاوە بەبیانو بوون بۆ ئەوەی ڕەوشەکەئاڵۆزتر بکەن، ئەمانیش تا ڕادەیەك ڕێڕەوەکەیان گۆڕی، بەلێدوانی چەواشەکاری هەندێك خەڵکیان بەلاڕێدا برد، میدیا بەبێ ڕەچاوکردنی بنەماکانی مرۆڤایەتی و دیموکراتی و بەرژەوەندی گشتی هەتاوەکو ڕاگەیاندن زۆر کەسی وا لێکرد بڕوایان بەهیچ شتێك نەمێنێت، هەتا گەیشتە ئەوەی بڕوایان بەتەندروستی خۆشیان نەبێت، ئەمەش پێشینەیەکی ترسناکەبەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی هەر مرۆڤێك، چونکەڕێڕەوی ژیانی مرۆڤ بەباوەڕ بەخۆبوون زیاتر گەشە دەکات. بەهەستکردن بەبەرپرسیاریەتی میژوویی بەرانبەر بەخاك و وڵات ئایا ڕاست و ڕەوایەخاك و گەل بکرێنەقوربانی دیموکراتی، کە لەنجپنەدا کوردستان وا ناسراوە کەسەرچاوەی دروستی پێکەوە ژیانە، هەروەها لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەوڵاتی ئازادی و دیموکراتی ناسراوە، بەڵام ئەمانەئەوە ناگەیێنێت کەبوار بدرێت بۆ مەرامی کەسانی چەواشەکار، بەرژەوەندیی کوردستانەکەمان و تەندروستی هاووڵاتیان بکرێتە قوربانی خراب بەکارهێنانی دیموکراتیەت .

وون بوون

پسولەی (٣٧) لەسەرۆکاتی شارەوانی ڕزگارییەوە دەرچوە لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٣ بەناوی (خلیل محمد قادر) ژمارەی پسولە (٣٤٨٠٧) بەبڕی (٥٠٠٠٠٠) تەنها پێنج سەد هەزار دینار ، وونبوە هەر کەس دۆزیەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە ٠٧٧٣٦٥٠١٠١٠

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر بەناوی مصلح حمد عالی ژمارەی ناسنامە ٤١٠١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

الی / اعضاء شركة (GALVEN) بۆ بازرگانی گشتی - هاوردە وهەنارده /سنووردار

م/ تبليغ بالحضور

نظرا لمرور فترة طويلة على عدم عقد اجتماع بخصوص كيفية ادارة امور الشركة وللضرورة على اجراء الاجتماع لغرض تصفية شركة (GALVEN) بۆ بازرگانی گشتی - هاورده وهەنارده /سنووردار) ولعدم ممارسة الشركة نشاطها منذ تاسيسها لهذا تقرر تعين يوم (الاحد) الساعة العاشرة صباحا والمؤرخ في ٢٠٢٠/٩/٢٠ موعدا لعقد الاجتماع في مقر الشركة الكائن في دهوك /حي العسكرى واتخاذ القرار بتصفية الشركة

المدير المفوض / گەلاڵین اسماعیل مصطفی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری

هۆبەی هونەری

ژمارە: ٨٤٠/٤١٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٦

سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری ئاگاداری هەمووان ئەوە هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە سااڵنی (١٩٨٧- ١٩٨٩) زەویان لە ناحییەی ڕزگاری (صمود) وەرگرتوە کە هاوڵاتی(علی محمود صالح) خاوەن زەوی ژمارەی هەوایی (١٢٧٥٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بە مەبەستی دروست کردنی خانوو هەرهاوڵاتیەك گلدانەوەی لە سەرئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە دوای باڵوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆ ناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری

***

ڕێڤەبەریا گشتی یا چاندێ/دهوك

بەشێ زەڤی وزار/دەستەسەرکن/٩/١١

ژمارە/٢٠٧٣

ڕێکەفت/٢٠٢٠/٨/٢٥

ئاگەهداریا ژمارە (٧) ل ٢٠٢٠/٨/٢٤

بو خودانی مافێ ماتێچوونێ یێ پارچێن ژمارە (٧٣ و٩٧) کەرتێ ٩٣/بیسری وپارچا ژمارە (١٧) کەرتێ ٩٢/ایمونکی هاوڵاتی (حفصە سعید حامد) لیژنا دەستەسەرکرێ ل پارێزگەها دهوك دێ رابیت ب ڤەدیتنەکێ لسەر پارچێن لسەری ل ڕوژا دووشەمبی ریکەفتی ٢٠٢٠/٩/١٤ ژ بو دروستکرنا نافێ خودانا مافێ ماتێچوونێ ژ (حفصە محمد سعید عبدالسلام) بو (حفسە سعید حامد) لدیف بریارا ژمارە ٦١١ سالا ١٩٧٧ ئەڤجا پێتڤیە لسەر هەوە یان نینەرێ هەوە وهەر کەسەکێ پەیوەندی ب ناڤ وپارچا لسەری دیارکری هەیێت یێ ئامادەبیت ل ژڤانا لسەری وبەروڤاژی ڤێ چەندێ لیژنە دێ بکارێ خو یێ یاسایی رابیت

سەروکێ لیژنێ / جمال جمیل ابراهیم

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ٣

ژمارە : ٦٥٩ / ب / ٢٠١٩

بەروار : ٢٦ / ٨ / ٢٠٢٠

ئاگاداری

بۆ داوالێکراو : ظاهر حمه احمد

داواکار بەناوی (ابراهیم حمه صالح علی) لەبەردەم ئەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٣ بە ژمارە (٦٥٩ / ب / ٢٠١٩) کە تیایدا داواکار داوای دانەوەی خانووی ژمارە (٦٠/١٢ کەرتی ٣٥ کانی سپیکە) و زەوی ژمارە (٤٧٢/٩٤)قولەرەیسی) و زەوی ژمارە (٥٠/٨٤ ئاوبارە) دەکاتەوە ... لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان لە ئێستادا نادیارە، بۆ یە ئەم دادگایە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی فەرمی ڕۆژانە بەمەبەستی ئاگاداربونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٣ کاتژمێر (٩:٠٠) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبێت بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .

دادوەر / سۆران عمر محوی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی

بەدواداچون و بینینی منآل

ژمارە / ٤٦١ / ٢٠٢٠

ڕێکەوت / ٢٠٢٠/٨/٢٥

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی لە ڕێگەی زیادکردنی ناشکراوە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٣٨/٤٤) کەرتی ٨ ابلاغ کە تەواوی مولکەکەتۆمارە بەناوی قەرزار «محمد علی صالح شریف» بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز «عبدالسلام جبار اسعد» بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای(DEVELOPER) ئەویش بە بڕی (٢,٠٥٠,٠٩٢,١٢٢) دوو ملیار و پەنجا ملیۆن و نەوەد و دوو هەزار و سەد و بیست و دوو دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنەوە ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دووەمی باڵوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا وە زیادکردنەکە کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆلە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت، وەبارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (١٠٪) ی نرخی خەمڵێندراوی مولکەکە لە بەڕێوەبەرایەتیان دابنێت، وە پێویستە کەسی بەشداربوو ڕەگەزنامەی عێراقی و پێناسی باری شارستانی و کارتی زانیاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ، وە کرێی جارچی و تۆمارکردن لەسەر کرێارە ئەگەر ڕۆژی زیادکردنەکە کەوتە ڕۆژی پشوی فەرمیەوە ڕۆژی دواتر زیادکردنەکە ئەنجام دەدرێت. زانیاریەکان لەسەر مولکەکە :-

ناوی خاوەن قەرز : عبدالسلام جبار اسعد بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای (DEVELOPER)

قەرزار : محمد علی صالح شریف

ژمارەی مولکەکە : (٣٨/٤٤) کەرتی ٨ ابلاغ .

جۆری ڕاگیراو : مولکی صرف.

سنوری ئاوەدانی : وەك لە نەخشەکەدا تۆمارکراوە .

شوێنی خانووبەرە : گەرەکی بەختیاری / پشت شەقامی سەرەکی ڕزگاری .

جۆری : زەوی .

شێوازی : باشە.

ڕووبەری (٢٠٨م ٢)

نرخی خەمڵێندراوی مولکەکە /

نرخی ١م زەوی = ٩٠٠,٠٠٠ نۆسەد هەزار دینار

٢٠٨م٢ × ٩٠٠,٠٠٠ = ١٨٧,٢٠٠,٠٠٠ سەد و هەشتا و حەوت ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار کۆی گشتی زەویەکە.

تێبینی / دانانی تأمینات تا کاتژمێر (١٠:٣٠) سەرلەبەیانی ڕۆژی زیادکردنەکە دادەنرێت لە بەڕێوەبەرایەتیان بە هۆی ئەوەی کە بەشی وەرگرتنی پارەی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لە کاتژمێر (١١) دادەخرێت.

جێبەجێکاری داد

کۆسرەت علی مجید

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی

بەدواداچون و بینینی منآل

ژمارە / ٤٦١ / ٢٠٢٠

ڕێکەوت / ٢٠٢٠/٨/٢٥

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی لە ڕێگەی زیادکردنی ناشکراوە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٣٨/٤٢) کەرتی ٨ ابلاغ کە تەواوی مولکەکەتۆمارە بەناوی قەرزار «محمد علی صالح شریف» بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز «عبدالسلام جبار اسعد» بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای(DEVELOPER) ئەویش بە بڕی (٢,٠٥٠,٠٩٢,١٢٢) دوو ملیار و پەنجا ملیۆن و نەوەد و دوو هەزار و سەد و بیست و دوو دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنەوە ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دووەمی باڵوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا وە زیادکردنەکە کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆلە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت، وەبارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (١٠٪) ی نرخی خەمڵێندراوی مولکەکە لە بەڕێوەبەرایەتیان دابنێت، وە پێویستە کەسی بەشداربوو ڕەگەزنامەی عێراقی و پێناسی باری شارستانی و کارتی زانیاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ، وە کرێی جارچی و تۆمارکردن لەسەر کرێارە ئەگەر ڕۆژی زیادکردنەکە کەوتە ڕۆژی پشوی فەرمیەوە ڕۆژی دواتر زیادکردنەکە ئەنجام دەدرێت. زانیاریەکان لەسەر مولکەکە :-

داواکاری جێبەجێکردن : (عبدالسلام جبار اسعد) بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای (DEVELOPER)

داوالێکراوی جێبەجێکردن : محمد علی صالح شر یف

ژمارەی مولکەکە : (٣٨/٤٢) کەرتی ٨ ابلاغ .

جۆری ڕاگیراو : مولکی صرف.

سنوری ئاوەدانی : وەك لە نەخشەکەدا تۆمارە .

شوێنی خانووبەرە : گەرەکی بەختیاری / پشت شەقامی سەرەکی ڕزگاری .

جۆری : زەوی .

شێوازی : باشە .

ڕووبەری (٢٠٠م ٢)

نرخی خەمڵێندراوی مولکەکە /

نرخی ١م زەوی = ٩٠٠,٠٠٠ نۆسەد هەزار دینار

٢٠٠م٢ × ٩٠٠,٠٠٠ = ١٨٠,٠٠٠,٠٠٠ سەد و هەشتا ملیۆن دینار .

تێبینی / دانانی تأمینات تا کاتژمێر (١٠:٣٠) سەرلەبەیانی ڕۆژی زیادکردنەکە دادەنرێت لە بەڕێوەبەرایەتیان بە هۆی ئەوەی کە بەشی وەرگرتنی پارەی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لە کاتژمێر (١١) دادەخرێت.

جێبەجێکاری داد

کۆسرەت علی مجید

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە: ١٨٢٩/ش/٢٠٢٠/٢

بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٦

جارِدان

بۆ داوالێکراو: ئارزوو اسماعیل

جێگری شوێنشتنی نادیارە

داواکار: سرکوت محمود خورشید، داوای ژمارە (١٨٣٩/ش/٢٠٢٠/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تصدیق طلاق خارجی) دەکات، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/روناکی) بڕیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/٦) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/طارق حسین کریم

***

فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر

کارگێری و خۆیەتی

ژمارە: ١٧٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٧

باڵوکردنەوەی هۆشدار بۆ محمد عبدالخالق

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (ادریس عبدالرحمان خضر) بە هۆشداری ژمارە (٩١٥٧) تۆمار (٤٦) لە (٢٠٢٠/٨/٢٣) بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (٢٦ی گولان) لە شاویس بڕیە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە فەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

دادنووس/ مسعود سلیمان علی

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ١٢٢٥/٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٥/٣١

باڵوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار (ناشتی جنگی عبدالله)

هۆشدارلێکراو (ادیبه احمد حسین)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (ناشتی جنگی عبدالله)

بە ژمارە (٨٩/١٧٦٣١) لە (٢٠٢٠/٣/٩) بەمەبەستی هۆشداری کردنت و لابردنت لە بریکارنامەی تایبەت بە موچە بە ژمارەی گشتی (٢٠٦٣٧) تۆمار (١٠٢) دەڕچوو لە فەرمانگەی دادنووسی هەولێر / ١ لە (٢٠١٧/٧/٥) , وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (٥ی حصارۆك) لە شاری هەولێر لە (٢٠٢٠/٥/٣٠) بڕیە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بە فەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

شوان فوزی زکی/ ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

ئاگاداری

گۆڤار بەناوی (کوردستان بازار_Kurdistan BAZAR) کە خاوەن ئیمتیازەکەی (هەرێم فاروق مستەفا) و سەرنوسەرەکەی (سیروان تۆفیق شەفیق) و بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێر بە زمانەکانی (کوردی ، عەرەبی ،ئینگلیزی) و بەشێوەی مانگانە دەردەچێت هەر کەسێک تێبینی یان لاری هەیە با پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانە بکات.

٠٧٥٠١٧٧٣٠٠٧ - ٠٧٥٠١٧٧٤٠٠٧

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٢٠)م٢ لە حەرمی کۆمەڵگای دەروازەی (سەرزێ) بەمەبەستی دانانی (کابینە بۆ حانوت و فرۆشگا) بۆ ماوەی (١) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دهۆك بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای باڵوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەمڵێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کەمال طیب قادر/ بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك

ژمارە: ٢٠٧/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٨/١٧

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکری (یاسر محمد خالد)

ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٧/٢٧یێ د کێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (انتصار عواد محمود) بریاردا ب (التفریق القضائی) دنافبەرا تە و هەڤژینا تە یا داواکار و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی د ماوێ دەھ ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ و بەروڤاژی وێ دێ ڤەرمانا ل سەر دیارکری ل سەر تەهێتە بجهێنان.

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە:٢٠١٧/٣٦٠٦

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٦

ئاگاداری

بۆ قەرزار (سربست بایز عباس)

شوێنی نیشتەنی نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری فرۆشتنی بنبڕ (الاحالە القطعیە) لەسەر مولکی ژمارە (١٤١/٣٣) (٢,٣٣٢,٥٦٩,٤٠٠) ملیار دینار لەسەر دای خاوەن قەرز (هاشم احمد جاسم) کە بڕەکەی دەکاتە (٤٨٠,٠٠٠ $) هەزار دۆلار بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامی ماددەی (٩٧) لەیاسایی جێبەجێکردن بڕیاردرا بە ڕاگەیاندنتان بەم ئیحالەیەی سەرەوە بۆ دانەوەی بڕی پارەی قەرزی سەرەوە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای باڵوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی ناوخۆ وە لەکاتی ئامادەنەبوونت ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەستێت بەجێبەجێکردنی زۆری بەپێی یاسا.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٣٠١٥/٦

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٨

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (١٩٢١٢١/٩ ك ٤٤ وارش) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دهۆك بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای باڵوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەمڵێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کەمال طیب قادر/ بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش

ئاگەهداری

کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش/ یانەی ئاکرێی وەرزشی لەسەر بودجەی تایبەتی یانەکەیان بەنیازن (مەلەوانگەیەکی داخراوی نیوئۆلۆمپی) دروست بکەن لە شارۆچکەی ئاکرێ لەنزیك پاریگای سەرەکی یانەکە (دەرەوەی شارۆچکە) جا هەر کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە دەبێت سەرجەم خاڵ و مەرجەکانی بەشداربوونی هەبێت کە هاوپێچە لەگەڵ تەندەر و دەرخستنە بۆ مەبەستی دەستکەوتی تەندەر و مەرجەکان پێویستە سەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بکات نرخی هەر تەندەرێك (١٠٠) سەد هەزار دینارە کە ئەم بڕە پارەیە ناگەڕێندرێتەوە بۆ کۆمپانیا پێویستە تەندەرەکان مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەناو زەرفێکی داخراو دابنێت بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان ڕۆژی پێنج شەم ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٠ کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ دوا واده دەرێت.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر

- کۆمپانیا لە پلە (٤) کەمتر نەبێت

- هێنانی بارمتەی سەرەتایی بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان) حەمەی حەمە سەعید/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ سە لا حە د د ین

ژمارەی دۆسیە/١٤/انابە/٢٠٢٠

ڕێکەوت/٢٠٢٠/٨/٢٥

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سەلاحەددین مولکی ژمارە ١٨/٦٦٧٥ ك ٩ کە کەوتوتە سەلاحەددین دەفۆزێتێ, خاوەنەکەی قەرزار نزار صدیق سلطان کە گلدانەوەی خراوتەوە سەر لەجیاتی قەرزی سعاد ادیب علی بەبڕی/ ٤٨٩,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم باڵوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرێارە.

جێبەجێکاری داد / لاوژە محمد باقی

١ - شوێن و ژمارەی/ هەولێر / مصیف سەلاح الدین ١٨/٦٦٧٥ ك ٩ سەلاح الدین

٢ - ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ - پێکهاتەکەی/ لە خانووەك لەسێ ٣ ژوو و هۆل و گەرما و ئاودەست لە بلۆك دروست کراوە و لە بلۆك دروستکراوە و لەژێرەوە ژێرزەمین هەیە و لەپشتەوە باخچەیەکی گەورە هەیە.

٥ - ڕووبەرەکەی/٨١٠ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ دوای چەندین جار کەلە دەرگا دراوە کەس دەرگاکەی نەکردۆتەوە

٨ - نرخی قرساو/ ٤٨٩,٠٠٠,٠٠٠ چوار سەدو هەشتا و نۆ ملیۆن دینار.

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (باغی ئەسپیندارە) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر - علوە ڕێگای گوێر)

پاکتاوکار/ کاروخ خالد رشید

ناونیشان/ هەولێر/ ژووری پاریزەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٣٤١٩٣

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (دەرمانچی) بۆ بازرگانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (دەرمانچی) بۆ کۆمپانیای (GENERAL CARE PHARMA)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

هۆبەی یاسا

ژمارە: ٨٢٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (باغی ئەسپیندارە) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (باغی ئەسپیندارە) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (کاروخ خالد رشید) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك باڵوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٢٣

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم لە دیدی مامۆستایانەوە



راپۆرت – مسلم دۆلەمەری

ئاشکرایە کە دووای هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەگشت جیهاندا چۆکی بەزۆربەی بوارەکانی ژیان دادا , نمونەش بواری پەروەردەیی وخوێندن کەلەزۆربەی وڵاتانی جیهان بۆپاراستنی گیانی قوتابیان لەم ڤایرۆسە کوشندەیە هاتە وەستاندن ,کوردستانیش بێ بەش نەبوو لەم وەستانە دووای وەرزی یەکەمی سالێ خوێندنی 219-2020 بەڵام بەدەرکردنی چەندبریارێك لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێم وەرزی یەکەمی ئەمساڵ بەسالّی خوێندن تۆمارکرا بۆیە خولی دووەمی تاقیکردنەوەکانیش لەسەرئەنجامی وەرزی یەکەم دەست پێکرا , بەڵام مامۆستایان چەند رای جیاجیایان لەسەر ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوانە هەیە ,کەلەم راپۆرتەداختستانە روو .

سەرەتا مامۆستا بەختیار وتی : پێم وایە تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی ئەمساڵ جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ساڵانی تر، چونکە قوتابیان لەلایەنی دەرونی زۆر نامۆرتاحن ومەترسیان هەیە لەبەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکان وەهەروەها خێزانەکانی قوتابیانیش زۆربەدڵە راوکێوە منالّەکانیان رەوانەی قوتابخانەکان دەکەن ,ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر گشت قوتابیان ماوەی چەندین مانگە لەقوتابخانەو خوێندن دابڕاون کەبەراستی ئاستی زانینی قوتابیان زۆر زۆر دابەزیوە ،چونکە ئەم دابڕانەو بونی کەرەنتین وقەیرانی دارایی وچەندین مەینەتی تری ژیانی زۆربەی قوتابیان وایکردوە ئەمرۆ قوتابیان بەئاستێکی نزم ودڵەراوکێوە بەشداری بکەن , بۆیە پێم وایە دەبوا ئەم ساڵە گشت قوتابیان بەدەرچون هەژماربکرابانەو ئەم تاقیکردنەوانە ئەنجام نەدرابان.

مامۆستا رەشاد وتی : بەرای من وەزارەتی پەروەردە هەڵەیکرد لە بریاردانی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم کە وەرزی یەکەم بۆی هەژمارکرا ،چونکە زۆربەی جاران قوتابیان لەوەرزی یەکەم کەوتون وبەڵام بۆوەرزی دووەم نمرەی باشیان هێناوەودەرچونە بۆیە پێموایە وەروی یەکەم پێوەرێکی باش نییە و نەدەبوا قوتابی بخرێتە تاقیکردنەوەی خولی دووەم لەوەرزی یەکەم بەتایبەتی قۆناغی بنەرەتی دەکرا ئەوانیش وەك پۆلەکانی یەکەم ودووەم وسێیەم بەدەرچون هەژماربکرانە , چونکە قوتابیان لەو ماوە دابرانە تاکو ئێستا لە دەرونیەکی دارماوناخۆش ژیاون لەبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا .

مامۆستا لقمان وتی : بەدیدی من نەدەبوایە وەزارەتی پەروەردە لەم کات و ساتە بریاری تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی دابوایە ،چونکە ئەم ساڵ خوێندن جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ساڵانی ترهەبووە ،چونکە ئەمساڵ قوتابی لە ژینگەیەکی پرلە ناخۆشی ونالەباربووە خراپی باری دارای خێزانی وچەندین گرفتی تری ژیانی خەلك , کەئەمەش وادەکات قوتابی بەئاستێکی زۆرنزم و دەرونێکی شلەژاو بەشداری تاقیکردنەوەکان بکات , بۆیە دەڵێم پێویست بوو وەزارەتی پەروەردە دووای ئارامبوونی کەشی کوردستان لە کۆرۆنا نەمانی دڵە راوکێ لەلایەن هاوڵاتیان ودەست پێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن ئەوجا بریاری لەسەرشێوازێکی نوێی تاقیکردنەوەکەدابا بۆ یەکلایکردنەوەی رێژەی دەرچوان.

مامۆستا خێریا وتی :بێگومان ئەمساڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا رێگربوە لەبەردەم تەواوکردنی خوێندن , بۆیە وەزارەت ناچاربوە رێگەچارەیەك بۆ تەواوکردنی ساڵی خوێندن بدۆزێتەوە کەئەویش بریاردان بووبەهەژمارکردنی نمرەی وەرزی یەکەم بەنمرەی کۆتا ساڵ بەوەش ئەوەی لە وەرزی یەکەم دەرنەچوبێت پێویستە تاقیکردنەوەی خۆی لە خولی دووەم ئەنجامبدات ,بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەش لەیادنەکەین کە دوورکەوتنەوەی قوتابیان بۆماوەی چەند مانگێك ولەنێوجەنجاڵی ئەو هەمو ناخۆشیەو بونی کۆرۆنا و خراپی باری دارایی وبونی قەیرانی دارای لە هەرێم وچەندین نەهامەتی تری ژیان , قوتابی ئامادەی دەبێت بۆبەشداریکردن لە م تاقیکردنەوانەدا ؟ ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئایا هۆلەکانی تاقیکردنەوەکان لە گشت قوتابخانەکان لەم کەشو هەوایە گەرمە گونجاون بۆتاقیکردنەوەکان نەبونی کارەبا و فێنکەرەوەکان بونیان هەیە لە گشت هۆڵەکان ؟ بێگومان نەخێر، بۆچی وەزارەتی پەروەردە بریاری ئەوەی نەداوە کە دەبێت لەرۆژانی تاقیکردنەوەکان کارەبا هەبێت ؟ ئەمانەو چەندین گرفتی ترهەنە لە نێو پرۆژەی خوێندن و تاقیکردنەوەکانی ئێستای قوتابیان بۆیە دەبوایە تاقیکردنەوەکان هێشتا دوواخرابان بۆ سەرەتایکردنەوەی دەرگاکانی قوتابخانەکان نەك لەم کەشوهەوایە پرلە دڵەراوکێی کۆرۆنا گەرمەدا .

مامۆستا سابت وتی :بەداخەوە دووای وەرزی یەکەمی خوێندنی ئەمساڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گشت جیهاندا بەلاو بۆیەوە کەهەرێمی کوردستانیش لێی بێبەش نەبوو , بۆیە بەناچاری هەندێ بریاری قورسدران بۆپاراستنی گیانی هاوڵاتیان لەوانەش داخستنی دەرگای قوتابخانەکان , کەدووای ئەوە چەندین رێکا ر گیر ا نە بە ر بۆئەوەی پرۆسەی خوێندن رانەگیرێت لەوانە شێوازی ئونلاین بەڵام لەبەر چەندهۆکارێك سەری نەگرت دوواتر وەزارەت ناچاربوو ئەم بریارە بدات کەوەرزی یەکەم بەکۆتایی ساڵ هەژماربکرێت , پێم وایە ئەم بریارە سودمەند بوو بۆقوتابیان بەتایبەتی پۆڵی نۆیەم وەهەروەها پۆڵی دووازدەش سودمەند بونە بەهۆی هاوکاری زۆری نمرەو وەهەروەها کەمی مەنهەجی تاقیکردنەوەکان ,وەسەبارەت بەتاقیکردنەوەکانی ئێستای خولی دووەمیش پێم وایە شتێکی زۆرباشە بۆئەوەی خوێندن سەنگی خۆی لەدەست نەدات وقوتابیش پیشەی خۆی لەیادنەچێت کە خوێندنەو وەهەروەها تاموچێژلە ماندووبون وبەرهەمی خوێندنی خۆی وەرگرێت.



مامۆستا خێریا:

دوورکەوتنەوەی قوتابیان بۆ ماوەی چەند مانگێك لەنێوجەنجاڵی و بونی کۆرۆناو خراپی باری دارایی، ئەستەم بوو.



مامۆستا رەشاد:

زۆربەی جار قوتابیان لەوەرزی یەکەم کەوتون ، بەڵام بۆوەرزی دووەم نمرەی باشیان هێناوەودەرچوون.



مامۆستا لوقمان:

قوتابیان بەئاستێکی زۆر نزم و دەرونێکی شلەژاو بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کرد.



مامۆستا بەختیار:

خێزانەکانی قوتابیان زۆر بەدڵە راوکێ وە منالّەکانیان رەوانەی قوتابخانە دەکەن بۆ تاقیکردنەوە.



مامۆستا سابت:

تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم کارێکی زۆرباش بوو بۆ ئەوەی خوێندن سەنگی خۆی لەدەست نەدات.

قوتابییەکی گوندی ئاڵمەوانی خواروو یەکەمی پەروەردەی شەقڵاوە بووە

(مستەفا فاخیر بابەکر) قوتابی لە گوندی ئەلمەوانی خواروو توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت لە قوتابخانەی دواناوەندی ئەلمەوانی خواروی تێکەڵاو لەتەواوی سنوری پەروەردەی شەقلاوە بە کۆنمرەی 668و بە نمرەی 95 لە بەشی وێژەیی.

ئەم گوندە جگە لەم قوتابییە دوو قوتابیە چەند قوتابییەکی تری ناست بەرز نمرەی بەرزیان بە دەستهێناوە





کۆرۆنا و زمان

سەدیق سەعید ڕواندزی

بەهۆی نەبوونی زمانێکی ستانداری یەکگرتووی کوردی کە لە نووسیندا پەیڕەو بکرێت، شێوەکانی نووسین و ڕێنووس بە شێوازی جیا لە بڵاوکراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەونە بەرچاو. تا ئەو ڕادەیەی ڕێنووسی وشەیەك بە چەندین شێوە لە هەر بڵاوکراوەیەك دەنووسرێت. لە هەموو دنیادا، زمان وەك زانستێك ڕێکخستن و یەکخستنی ئەرکی نێوەندە زانستی و ئەکادیمییەکانە. کەچی لە هەرێمی کوردستاندا، بە هۆی ئەو بێ پلانیەی لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا هەیە، دەبینین هەر بڵاوکراوەیەك بە جۆرێك پەیڕە و لە شێوەیەکی نووسین و ڕێنووس دەکات. گرفتەکە هەر تەنها ئەمە نییە، واتە نەبوونی یەك زمانی نووسین و ستاندارد، بەڵکو ئەو زمانەی کە هەشە بەهەڵە دەنووسرێت. لە ڕاگەیاندن و دارشتنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی هەواڵدا، زمانی نووسین یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان. واتە هەواڵ بەر لەوەی ئاماژە بێت بۆ ڕووداوێك کە ڕوویداوە و گوێبیستی دەبین و دەیخوێنینەوە، ئەوا نووسینە. بێگومان نووسینیش بنەما و پێوەری خۆی هەیە و ئەگەر زمانی کوردی لە ئاستی دەربڕین و نووسینیشدا ستاندار و یەك زمان نەبێت، بەڵام چەندین ڕێسای زمانەوانی و ڕێنووسی هەیە و دەبێ ڕەچاوی بکەین،

ڕەنگە لە کاتی نەنووسینی پیتێك، یان دەنگێك، تەواوی مانای وشەکە لە ئاستی دەربڕین و گەیاندندا بگۆڕێت. بۆ نموونە:(کوڕ _کووڕ/کوللە _گوللە/ میللەت_عیللەت) ئەمانە و سەدان نموونەی دیکە. کە واتا دەشێ بە نووسینی یەك نیشانە و پیتی هەڵە، تەواوی مانای ڕستەیەك بشێوێت. ئەگەرچی زمانی کوردی لەو زمانانەیە کە وێرای ئەو هەموو داگیرکاریی و هەوڵی سڕینەوە لەلایەن دوژمنانەوە، کەچی بەردەوام وەك یەکێك لە ماکە سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەی کورد ماوەتەوە. نەیارانی ئێمە توانیویانە خاك و نیشتمان و کولتوور و فەرهەنگمان بشێوێنن، وەلێ هەرگیز نەیانتوانیوە زمانی کوردی لە بۆتەی زمانی خۆیاندا بتوێننەوە. مانەوەی زمان، بە مانای مانەوەی نەتەوە. بۆیە چەند پارێزگاری لە زمان و بژارکردنی وشەی بیانی و نامۆ بکرێت، ئەوەندە پەتیبوون و مانەوەی ڕەسەنێتی زمان، زامن دەبێت. لەو ماوەیەی کە کۆرۆنا لە کوردستان بڵاوبووەوە، ئەم وشەیە(مەبەست لە وشەکەیە نەك نەخۆشییەکە) لە نێو ئێمەدا، وەك دەربڕینێکی تازە و گوزارشت بۆ پەتایەك بە خێرایی هاتە نێو زمانی دەربڕین و نووسینی کوردی. ئەم وشەیە گەرچی لە سەر ئاستی دنیادا، بە یەك شێوە گۆدەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوی دیکەشی هەیە. وەك:(کۆڤید ١٩).لە هەرێمی کوردستاندا، کۆرۆنا هاوشێوەی هەر شوێنێکی دیکەی دونیا، ماوەیەکە سەردێڕی یەکەمی هەواڵی میدیاکانە بە هەموو جۆرەکانییەوە. لە میانەی ڕوومالکردنی هەواڵ و بەدواداچوونەکانی ئەو پەتایە، ئەم نەخۆشییە بە جۆرەها شێوەی جیاواز لە ڕووی زمان و ڕێنووسەوە دەنووسرێت. بە ڕادەیەك هەر ماڵپەڕ و دەزگایەکی ڕاگەیاندن بە شێوەیەك وەك (کۆرۆنا/کورۆنا/کۆرۆنا/کۆرونا/کۆڕونا) یاخود (کەرەنتین - کرنتین - کەرەنتین - کۆرەنتین). ئەم جیاواز کەوتنەوەیە لە ڕێنووس و زمانی نووسیندا، گەرچی دیاردەیەکی باوە، وەلێ جۆرێك لە ئاڵۆزی مانا و شێوەی نووسینی(ناوی نەخۆشییەکە) دروست دەکات. تا ئەو ڕادەیەی خوێنەر نەتوانێت بە یەکاڵییێتەوە کە نووسینی ڕاستەقینەی ناوی ئەو نەخۆشییە چییە؟ چۆن بنووسرێت؟ چونکە دواجار ئەم وشەیە، تازە هاتە نێو زمان و فەرهەنگی کوردییەوە، بۆیە دەبێت لە ڕووی ڕێزمانییەوە، فۆرمێکی دیاریکراو وەربگرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی زۆرجارەدەگوترێت(کۆڤید١٩_کۆڤید ١٩نۆئ) نووسینی وشەیەك بە چەند جۆری جیاواز، لە ڕاستیدا دوورمان دەخاتەوە لە ناوە بنەڕەتییەکەی. لێرەوە ئێمە گرنگی زمانی ستاندار و یەکگرتوومان بۆ دەردەکەوێت. چونکە کە زمانێکی یەکگرتوو نەبوو، شێوە جیاوازەکانی نووسین زۆر دەبن، کە ئەوەندەی تر دەبنە فاکتەرێك بۆ پەڕش و لە نێوبردنی زمانی ستاندارو باو. ئەمە بە هۆی نەبوونی زمانی ستانداردەوەیە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن، نابێ ئەوەندەی تر ئەو زمانەی هەشمانە لە نووسین و دەربڕیندا پەرتەوازەتری بکەن. بە پێچەوانەوە، دەبێ ئەوان هاندەرین و ڕێسایەکی دیاریکراو بە مەبەستی دارشتنی هەواڵ و نووسین پەیڕە و بکەن. کەچی کاتێ سەیری هەواڵ ڕاگەیاندنەکان دەکەین، شتێکی پێچەوانە دەبینین. ئەوان خۆیان زۆرجار ڕێنووسی وشە و دارشتن و پێکهێنانی ڕستە بە هەڵە دەنووسن.ج جای ئەوەی ببنە هۆکارێك بۆ دروست بوونی زمانێکی یەکگرتوو. ئەمە ئەرکی ئەکادیمیای کوردییە، کە کاتێ وشەیەکی تازە، دێتە نێو زمانەوە، بنەڕەتیبوونی وشەکە لە ڕووی نووسین، ڕێنووس، دارشتن و دەربڕین ساغ بکاتەوە. بۆ ئەوەی هەردەزگایەك بە ئارەزووی خۆی ناوێك لە نەخۆشییەکە نەنێت. یاخود هەندێك بە تاعوون و هەندێك بە کولێرا ناوی بەرن.

مەدیحە برادۆستی:

لە شیعر نووسیندا حەزم لە نوزانەوەو دەردە دڵ نییە، حەزدەکەم خوێنەر لە شیعرەکانمدا ژیان جوانتر ببینێت

حەزدەکەم بەرهەمە شیعریەکانم شیعر بن نەک شیعار





دیانە: وریشە عومەر

مەدیحە برادۆستی لەدایکبوی شارۆچکەی سیدەکانی دەڤەری برادۆستم، خوێندنم لەشاری هەولێر و سۆران بووە، ئیستا دانیشتوی قەزای سۆرانم، سەرەتای نووسینی شیعرم دەگەڕێتەوە بۆ دووای ساڵی دووهەزارو دە، ئەویش بە نووسینی شیعری تەنز بۆ بەرنامەکانی چەند ڕادیۆیەك، بەشێوەی شیعری تەنز پەنجەم دەخستە سەر چەند دیاردەیەکی نێو کۆمەڵگە. خاتوونی شاعیر مەدیحە برادۆستی سەرتای قسەکانی بۆخەبات بەم جۆرە دەست پێکرد.لەم دیانەیەدا بۆچوونی ئەم شاعیرە لەسەر دنیای شیعر بخوێنەوە:

بۆ شیعرت هەڵبژاردو؟

من شیعرم هەڵنەبژاردوە، بەڵکو لە هەنگاونانم بەرەو ڕێگاکانی ژیان کەوتومەتە نێو کەمینی شیعرەوە، منیش تەنها ئەوندەم نوسیوە کە لەتوانامدا هەبووە، چونکە خۆم بەخوێنەر زانیوە نەك شاعیر، ئەشێ نهێنی کەوتنە کەمینی شیعرم ئەوە بێت، کە لەتەمەنێکی بچوك لەنێو کتێبخانەکەی باوکم وشەو دەقەکانی دیوانی شاعیران ئاوازێکی هێمنانەیان بەگوێچکەما چرپاندوە، ئیدی کە لەمانای ژیانیش تێگەیشتم، زانیم شیعر یەکەم ئامرازو گۆزەپانی ئەدەبیە بۆخۆنووسینەوە و نمایش کردنی شتە نەوتراوەکانی ژیان.

لەزمانی شیعریتاندا وشەگەلێکی ناسك و چیرۆك ئاسای ڕۆمانسی بەدی دەکرێت، ئاخۆئەمە زادەی خەیاڵی سحری خۆتانە،یان پەیوەستە بەژیانی واقعی تانەوە؟

بۆ نووسینەوە و هۆنینەوەی ژیانی واقعی خۆمان وشەگەلێکی ناسك و خەیاڵیکی فراوان و زمانێکی سادەمان گەرەکە، تا خوێنەرخۆی لەنێو دەقەکان ببینێتەوە، هەوڵمداوە زمانی شیعریم لە وشەی سواو بەدوورببگرم و فۆرم و تەکنیکی تایبەت بە خۆم هەبێت، وە زیاتر زمانێکی ژنانە بێت. زۆربەی شیعرەکانم واقعین و گوزارشتە لەخۆم، خۆم کارەکتەری نێو دەقەکانم، چ وەك ژیانی تایبەتی خۆم یان کەسانی دەوروبەرم.

لەزەتی شیعری و ڕتمی شیعر لەلای ئێوە زیاتر لەشیعری ئازاد یان کلاسیك بەرجەستە دەبێت ؟بۆچی؟

هەردووکیان چێژبەخشن، بەڵام بەرلەوەی بە دونیای شیعری ئازاد ئاشنابم چێژم لە شیعری کلاسیك وەرگرتوە بەتایبەتی لە دونیای سۆفیگەری مەحوی، هەموو ئەو شیعرە ئازادانەشم لەلا جوان و چێژبەخشن، کە ناوەرۆکێکی مانا بەخش بە فۆرم و تەکنیکەوە لەژێر یاساو ڕێسای شیعری ئازاد نوسرابن، پێوەرە هونەریە باوەکانیانیان تێکشکاندوە، بۆ ئەم سەردەمەش لەگەڵ شیعری نوێخوازم، کە گوزارشت بێ لە تاك و کۆمەڵگە.

ئیلهامی زۆرێك لەشاعیران خۆشەویستەکەیانە یان دایکە یان نیشتیمانە ئیلهامی شیعری ئێوە چیە؟

هەموو کایە سروشتیەکان بە ئیلهامی شیعر نووسین دەزانم کە سەرچاوەی نووسینی لەناخی شاعیرەکەدایە، بۆ شیعر نووسین تەنها ئیلهام بەس نیە، بەڵکو پەیوەندی بە شارەزایی شاعیریش هەیە لە ڕەگەزەکانی شیعر، تا بتوانێ ئیلهام و پیشەگەری لە شیعر تێکەڵ یەکتر بکات و کاریگەری لەسەر خوێنەت جێبهێڵێت.

تائێستا چەند دەقی شیعریتان کراوەتە گۆرانی؟

تا ئێستا هیچ دەقێکی شیعریم نەکراوەتە گۆرانی، بەڵام چەند گۆرانیبێژێك پەیوەندیان پێوەکردوم لەسەر پێدانی شیعرو ڕەزامەندیم، دوو لەم گۆرانیبێژانە شیعری منیان لەلایە بەڵام تا ئێستا تۆمار نەکراون.

ئایە چی مەرجێکی پێش وەختەتان هەیە بۆئەو هونەرمەندەی شیعری ئێوە دەکات بەگۆرانی؟

ئەو گۆرانیەی لە هزری خەڵك دەمێنێتەوە جگە لە دەنگ و ئاوازەکەی تێکستی گۆرانیەکەیە، بەتایبەتی ئەگەر تێکستەکە بە باشی ئەدابکرێت و دەربڕدرێت ئەمەش بەڕاوێژکردن لەگەڵ کەسانی شارەزا لەم بوارە دەکرێت، تا تێکستەکە نەشێوینرێت حەقی تەواوی خۆی پێبدرێت و بە کرچوکاڵی تۆمار نەکرێت، ئەگەر کلیپیش بکرێت ناوەرۆکی تێکستەکە ببەسترێتەوە بە سروستی جوانی کوردستان و دابونەریتە باشەکانی کورد، کە لەلایەن کۆمەڵگە پەسندکرابێت، ئەمانە بەمەرجی سەرەکی دەزانم.

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیعرەکانت کێشەیان بۆدروست نەکردوویت؟

من بۆ نووسین مۆڵەتم لە کۆمەڵگە نەخواستوە، دەست بردن بۆ نووسین بەتایبەتی لەلایەن ڕەگەزی مێ ئەبێت چاوەڕوانی کێشەو دەنگی بەرزی کۆمەڵگە بکرێت بۆ کپ کردنی دەنگی نووسەر و بەکەم سەیرکردنی شیعر، بەڵام ئەوەندەی ترسم لە خوێنەر هەبوە ترسم لە کۆمەڵگە نەبوە، واتە ڕازی بونی خوێنەر بۆ من گرنگتر بوە نەك تانەی کۆمەڵگە.

شیعرت بۆسەربەخۆیی وتوە؟ چی دەڵێیت لەم بارەیەوە ؟

دەڵێن (شیعر ئەو خوێیەیە کە ناهێڵێت ژیان بۆگەنی بێت)، جا ئەگەرخوێی سەربەخۆیی بێت ئەبێت چ تامێك بە ژیان ببەخشێت، هەرشیعرێکم نووسیبێ بە نیەتی هەڵگرتنی پەیامی مۆڤایەتی و سەربەخۆیی نووسراون.

چەند؟بەرهەمی شیعریت هەیە؟

بەرهەمی چاپکراو وەکو دیوانی شیعریم نیە، ئەویش لەبەر ئەوەی نەمویستوە تەنها بۆ ناوبانگ شیعر بەچاپ بگەینم و شیعرەکانم بخرێنە پەراوێزی مێژووی شیعر، بەڵکو دەمەوێ شیعرەکان پربن لە داهێنان و پەیام هەموو ڕێساکانی شیعر لەخۆبگرن، هەڵگرتنی ناوی شاعیر بە بەرپرسیاریەتێکی ئەدەبیی مەزن دەزانم، حەزدەکەم بەرهەمە شیعریەکانم شیعربن نەك شیعار، نامەوێ بەرهەمێك چاپ بکەم و لێی پەشیمان بم، شیعرەکانم نزیکەی دیوانێك شیعر دەبن هەندێکیان بە شێوەی تراکی دەنگی تۆمارکراون، هەندێکیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەن.

شیعر بۆکێ دە نووسیت؟

شیعرم بۆ کەسێکی دیاری کراو نەنووسیوە، بۆ هەر عەشقێك شیعرێکم نووسیوە، ئەگەر بۆ هەر عەشق و ڕوداوێك شیعرێکم نووسیبێ وا هەستم کردوە شیعرەکەم پرسیارو پەیامێکە لەجیاتی هەموو ئەو ئافرەتانەم نوسیوە کە ناتوانن ئەوەی لە ناخیانە دەربیبڕن، جا ئەگەر بۆ ئازار بوبێت یان بۆ خۆشەویستی.

حەز بەشیعری چی دەکەیت ڕۆمانسی یان نیشتیمانی؟بۆ؟

ئەگەر مرۆڤ حەز بە شیعری ڕۆمانسی نەکات ئەی چۆن خۆشەویستی بۆ نشتیمان هەبێت و خۆشیبوێت، من هەردووکی بە تەواکەری یەکتر دەزانم کە لە شاعیردا هەبێت، هەرکاتێك شیعرێکی نیشتیمانیم خوێندبێتەوە هەموو هەستی داگیرکردوم، ئەی ئەگەر خۆم نووسیبێتم ئەبێ چۆن بم. بومارشە وتەیەکی هەیە دەڵێ: جوانە مرۆڤ لەپیناو نیشتیمانەکەی بمرێت، بەڵام لەوە جوانتر ئەوەیە کە لە پێناو نیشتمان بژیت.

لەم نیشتیمانە بەدبەختە
تا دنکە گەنمێك بەر دەگرێ -
هەزاران کۆرپەی ئەم خاکە
بێ لای لایە لەبار دەبرێ -
تا لە نێوچەوانی کورددا
دڵۆپێك ئازادی دەتکێ -
لە ڕێگەی کانی ژینەوە
هەزاران گۆزەی لێ دەشکێ -

-پێشمەرگەو شەهیدان لەکوێی شیعرەکانی تۆن؟

بەرلەوەی پێشمەرگەو شەهیدان لەنێو شیعرەکانم بن هەردووکیان لەنێو دڵمن، هەر ئەم هەستەیە بۆتە ترۆپکی وەفاداری چەند دەقێکی شیعریم.

چی ئاوێتەی شیعردەکەیت بۆ ڕازاندەوەی ؟

هەوڵمداوە زمانی سادەی کۆمەڵگە بە وشەی ڕەسەن و زمانیکی ژنانە لەچوارچێوەی ماناو تەکنیك و ڕوخسار شیعرێکی خۆرسکانەو دوور لە دریژەدادڕی بهۆنمەوە، من پێموایە دارشتن بەقەد بیرۆکەو بابەت گرنگن، چونکە ئەگەر شیعر پەیام بێت، ئەوا داهێنان و یاریکردن بە وشەو دروستکردنی پەیوەندی لە نێو وشەکان بۆ بەرهەمهێنانی ستاتیکای شیعر گرنگە، تا جوانی و چێژ لە شیعرەکە بەدیبکەین، لە شیعر نووسیندا حەزم لە نوزانەوەو پاڕانەوەو دەردە دڵ نییە، بەڵکو بە فڵچەی بۆیری و مەردایەتی واقع و خەیاڵ وێنەی شیعری بنەخشێنرێت تا خوێنەر خوێندنەوەو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکات و ژیان جوانتر ببینێت.

تاچەند لەلات ئاسییە شیعر بەبڵای پیاودا بهۆنێت؟وەکو چۆن پیاوان شیعر بۆئافرەت دەنووسن؟

تۆماس ترانسترۆیمەر دەڵێت: (حەقیقەت لەسەر ڕێگەی هەموومان کەوتوە، بەس کەسمان ناوێرین هەڵبگرینەوە)

هەر ئەو ترس و نەوێرانەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی ژن سانسۆر لەسەر ناخی خۆی دانێ و شیعر بۆ ڕاموسان و بڵای پیاو بە بڤە بزانێ، خۆ ناحەقیش نین، چونکە هەر لە مندڵیەوە وا فیرکراوین، کە کچ دەبێت بووکە شووشەی خۆشبوێت و کوڕیش تفەنگ، تەنانەت بەشێك لە ئافرەتان لەکاتی نوسینیش پشت بەپیاو دەبەستن بێ ئەوەی بوێری ئەوەبکات شیعرێك بۆ بڵای پیاو بنوسێت، من ڕاستگۆیانە بەدوای دۆزینەوەی خۆم گەڕاوم تا بتوانم شیعر بۆ مرۆڤایەتی و ڕەگەزی بەرامبەر بنووسم بە زمانی مێینە، بۆیە لەلام ئاساییە ئەگەر تەزبیحێك لە وشە بچنم و لەبەر پشدێنی بڵای پیاو دابنێم تا جوانتر بینینمز

پرۆژەی داهاتوت چیە؟

داهاتوی خۆم لەنووسینەکانم دەبینمەوە بەجۆرێك کە خۆم چەند چێژیان لێدەبینم بۆ خوێنەران زیاتر چێژ بەخشبن. بتوانم هەموو ئەو شیعرانەی کە شایەنی چاپکردن لە دیوانێك کۆیان بکەمەوە تاچیتر کەسانێك لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەناوی خۆیان بڵاویان نەکەنەوە.



ئایا تره‌مپ و دیمۆکراسی و ئه‌مه‌ریکا ده‌که‌ون؟



غازی حەسەن

هەندێك ناکۆکییەکانی ئەم هەڵبژاردنەی ئەمەریکا بە شکانی دیموکراسی و ناسروشتی وەسف دەکەن، پێیان وایە ناکۆکی کۆماریی و دیموکراتەکان گەیشتۆتە ئاستێك ئەمەریکای لەت کردووە و هاوڵاتیانی دووچاری دۆخێکی دەروونی خراپ کردووە. لە کردەوەدا لەم قۆناغەدا بەهۆی شێوازی کارکردنی سەرۆك تره‌مپ، کە دیاردەیەکی نوێ و ناوازەیە لە چۆنیەتی سەرکردایەتی ئەمەریکادا، ڕکابەری حزبایەتی بەشێوەیەك توند و زەقە، لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت دیموکراسییەت بە تەنیا ناتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات، ئەگەر ئیرادەیەکی داڕەوڕەوانەی یاسایی و پشت ئەستور بەڕێزگرتن لەئیرادەی هاوڵاتی و دەنگەکانیان نەبەستێت. تره‌مپ دەڵێت ئەگەر دیموکراتەکان ببەنەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە لەڕێگەی ساختەکاری و دەستکاری دەنگەکان دەبێت، لەمەش پتر دەڵێت ئەگەر من دەرنەچم، ئەمەریکا دەکەوێت و تووشی قەیرانی سەرکردایەتی و پاشەکشە دەبێت. ئایا بەڕاستی ئەو وڵاتە زلهێزە خاوەن دامەزراوە دیموکراسی و دەستوورییە، بەهۆی دۆڕانی یەکێك لە سەرکردەکانی، تووشی قەیرانێکی لە ئێستا خراپتر دەبێت و ئەمەریکا دەکەوێت، یان ئەمە بەشێکە لەپڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن. دیموکراسییەت لە ئەمەریکا هێندە متمانەدار و بەهێز و کاریگەرە، دەرفەتی هەموو جۆرە ململانێ و قسەکردن و گوتارێك دەدات، بەڵام کەوتنی وڵات خەیاڵێکە. دیموکراسییەت لە ئەمەریکا گەیشتۆتە ئاستێك و هێندە پێشڕەوانەیە لەبواری ئازادی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و ئایندارى و کەلتوور و دەنگدان و پێکەوەژیان، بنەماکانی هێندە پتەوە، ئاسان نییە، نەك دەوڵەت، بەڵکو خەڵکیش دەستبەرداری بن. بۆیە ئێستا لەڕاگەیاندن باس لەوە دەکەن، تره‌مپ و ڕکابەرایەتییەکەی بنبە هۆکار بۆ دارمانی ئەو بنەمایە پتەوە. ئایا ئەمەریکا دەوڵەتێکی دیکتاتۆری تاکپەرست و بێ دامەزراوەیە، بەدەرنەچوونی تره‌مپ دابڕمێت، یان دەرچوونی جۆ بایدن ئەمەریکا بەرەو گۆشەیەکی داخراوی ترسناك ببات؟ بێگومان نەخێر، بەڵام لەم سەردەمەدا کێشەکان هێندە زەق و کاریگەرن، مرۆڤ گریمانەی هەموو شتێك دەکات، گریمانەی شتی خراپ، کاردانەوەی نەگونجاو و ئەنجامی ناپەسەند.

هەژماری دەنگەکان و لێکردنەوەیان بۆ ماوەیەك دوا بکەوێت، لەهەمان کاتدا دیموکراتەکان دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە ساختەکاری بکەن و دەستکاری ئەنجامی دەنگەکان بکەن. گوتارێکی ئاشکرا و ڕاشکاوانەیە. تره‌مپ وەکو دیاردەیەکی نوێ هەمیشە پشت بە (بروسکە گوتار و قسەی ڕاشکاوی هێرشبەرانە) دەبەستێت. گوتاری تره‌مپ گوتارێکی ڕەخنەگرانەی بکات. ئایا تره‌مپ دەتوانێت لەدەرەوەی ئەمەریکا ڕووداوێکی کاریگەر لەقازانجی زیادکردنی دەنگەکانی ئەنجام بدات. دوژمنێکی ئەمەریکا بخات، ئاشتییەکی کاریگەر دروست بکات، لەناوەخۆ دەتوانێت چارەسەری کۆرۆنا ڕابگەیەنێت و ڕێژەی بێکاری کەم بکاتەوە و ئابووری ئەمەریکا ببوژێنێتەوە؟. ئایا دەتوانێت هاوسەنگی نیشتیمانی لەنێوان پێکهاتەکانی ئەمەریکا و بەتایبەتی ڕەش و سپی دروست بکاتەوە؟کات کەم ماوە، کێشەکان بەرەو توندتر دەچن، دیموکراتەکان بەوردی کار لەسەر تەنگەژە ستراتیژییەکان دەکەن و دەیانەوێت





کەمکورتییەکانی تره‌مپ، کە لەکردەوەدا هەڵەی زەق و زۆرن، بەکاربهێنن، بۆ بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەری زۆرتر. بێگومان گریمانەی کەوتنی تره‌مپ هەمان گریمانەی کەوتنی ئەمەریکا نابێت، مەزاج و تێڕوانینی دەنگدەر گۆڕانی خێرای بەسەردا دێت، هەرچەندە ئەم گۆڕانە لەکتوپڕ و بێ ڕیشە نییە، بەڵام ڕووداوی گەورە کاریگەریی لەسەر ڕەوشی دەنگدان دروست دەکات. بۆیە نابێت کەوتنی تره‌مپ ببەسترێتەوە بەسیناریۆی کۆتایی هاتنی ئەمەریکا، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و پەیوەندیی نێودەوڵەتی لەکردەوەدا ئەمەریکان لەهەمان کاتدا دوور نییە کۆرۆناش بێتە سەرەتایەك بۆ گۆڕان لەنێو دەوڵەت و دەرەوەی دەوڵەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش. تره‌مپ لەڕاگەیاندن ڕاشکاوانە باسی نیگەرانییەکانی لەبارەی ساختەکاری لەژمارەدنی دەنگەکان دەکات، پێی وایە دەنگدان لەڕێگەی پۆست، لەلایەك دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاپڕوبەرانەیە، بەپێچەوانەی گوتاری (جۆ بایدن)، کە گوتاریکی قوڵی گشتگیری پشت ئەستور بەبنەمای سەرکردایەتیی کردنە. تره‌مپ بۆ بردنەوەی ئەم خوڵەی هەڵبژاردن دەبێت هەندێك کاری لەناکاوی سەرنجڕاکێش بکات، بۆ ئەوەی ڕێژەی پاڵشتی دەنگدەر زیاد

دووچاری گێژاوێکی تۆندکردووە. پێگەی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرانبەر ڕووسیا و لە ئاسیا لەبەرانبەر چین و لەهەندێك شوێنی دیکەشدا لەبەرانبەر پێشڕەوەییەکانی ئێران و تورکیا بەرەو لاوازیی و شکانی متمانە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بردووە.

بڕوا ناکەم پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنە ببێتە مایەی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دامەزراوە دیموکراتییەکانی ئەمەریکا، بەڵام تره‌مپ دۆخێکی دەروونی و ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی سیاسی وای دروستکردووە، گومان لەدیموکراسییەتیش بکرێت. تره‌مپ (خۆی و دەوڵەتی ئەمەریکا) لەقسەکانی هاوتا و هاوسەنگ دەکات .

ئاساییە تره‌مپ و دیاردەی تره‌مپیزم لەسەرکردایەتی کۆتایی بێت، بێگومان لەهەموو ژیانی سیاسی ئەمەریکادا پێ ناچێت هیچ سەرکردەیەك بەقەد تره‌مپ لیبرال و هێرشبەر و ئاپڕوبەر بووبێت. نە دیموکراسییەتی ئەمەریکا و نە دەوڵەتی ئەمەریکا بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکەون، نە ئەمەریکاش هێندە لاواز و داتەپیوە دابڕمێت، بەڵام ئەمەریکا لەبەراورد بەساڵانی پێشوو، لەقەیرانێکی تۆندی دیپلۆماسی و متمانە و پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیەتی لەگەڵ ئەورووپا و دۆستەکانی لە ڕۆژهەڵات و ئاسیا دەڕێت. ئەمەش وایکردووە، تره‌مپ بڵێت لاوازی من، واتە لاوازی ئەمەریکا، دەرچوونی جۆ بایدن واتا داتەپین و داوەشینی ئەمەریکا. بابزانین تره‌مپ چۆن چارەسەری نەکەوتنی خۆی و بوژانەوەی ئەمەریکا دەکات، یاخود جۆ بایدن چۆن چارەسەری پاشماوەکانی سیاسییەتی داتەپێنراوی تره‌مپ لەهەموو ئاستەکان دەکات، لەبیر نەکەین، نەك تەنیا چارەنووس و خواستی هاوڵاتیانی ئەمەریکا، بەڵکو ئایندەی سیاسی گەلێك وڵات پەیوەستە بەئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا.

مانشێت

ئینديپێندێنت:

یەکێتی ئەورووپا هۆشداریی دا لەوەی ئەگەر هێورنەبوونەوە لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست ڕوو نەدات ، سزای زیاتری ئابووری بەسەر تورکیادا دەسەپێنێ.



ئۆبزێرڤەر:

بە مەبەستی داواکردنی کۆتاییهێنان بە ڕەگەزپەرستی و توندوتیژیی پۆلیس، هەزاران کەس لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا.



سپۆتنیک:

بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر و ڕووداني لافاو لە شاری کەراچی پاکستان، 50 کەس گیانیان لەدەست دا.



ڕۆیتەرز:

دوای دەستەکارکێشانەوەی شینزۆ ئابێی سەرۆکوەزیرانی ژاپۆن، بڕیار وایە بەم نزیکانە کەسێکی دیکە بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکرێ.




ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:


ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند لە حالەتی دووبارە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کورۆنا نابێ سنووری وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا دابخرێنەوە.



کەنالی ئار تی:

ڤلادیمێر پوتنی سەرۆکی ڕووسیا دانی بە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە دانا کە بەم دواییانە لە بیلاروسیا ئەنجام درا .






دیاردەی ناسراو بە (نامۆیی باشووری زەریای ئەتلەسی) بە شێوەیەکی بەهێزو فراوان دەرکەوتەوە

پێش هەموو شتێك دیاردەی (نامۆیی باشووری زەریای ئەتلەسی – South Atlantic Anomaly) بریتییە لە رووبەرێکی فراوانی ئاسمانیی لەنێوان (ئەمریکای باشوور و ئەفریقیا) کە تیایدا کایەکانی کارۆمۆگناتیسی نێوەخۆیی (پژێنی ڤان ئەلن) لە ئاستە هەرە بەرزەکانی دەرەوەی بەرگە هەوای زەوی نزم دەبێتەوە لە رووی زەوی تا ئەو ئاستەی بەرزاییەکەی لە سنووری 10 هەزار کیلۆمەتر دەبێتە تەنها 200 کیلۆمەتر، وە لەبەر ئەوەی پژێنی ڤان ئەلن زەوی و بەرگە هەوایەکەی و تەنانەت دەرەوەی بەرگە هەوایەکەشی لە تەنۆچکە بارگاوییە کوشندەکانی خۆر دەپارێزێ، بۆیە ئەو ناوچەیە بڕێکی زۆر زیاتری تەنۆچکە بارگاوییەکانی خۆرو تیشکەکانی دیکەی لێ چڕ دەبێتەوەو ئەمەش هەرەشەیەکی ڕاستەقینە دەنێتەوە بۆ مانگە دەستکردەکان و تەنانەت (وێستگەی ئاسمانیی نێو دەوڵەتیی) ئەگەر هات و تیایدا فڕین.


ئەم دیاردەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1958 دا دۆزرایەوەو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەمانێ هاوسەنگەیەك لەو ناوچەیە لەنێوان دووکایە موگناتیسییە پۆلییەکەی باکوورو باشووری زەوی لەلایەك و هەروەها بوونی چینە بەردێکی مەزن و چڕ لە ژێرەوەی (کیشوەری ئەفریقا) بە قوڵایی 2900 کیلۆمەتر، کە بۆتە بەربەستێك لەبەردەم دەرچوونی کایەی موگناتیسی زەوی لەو ناوچەیەدا.



ئێستا، پسپۆرانی ئاژانسی (ناسا) بەهێزبوون و فراوانبوونێکی زۆر زیاتری ئەو دیاردەیەیان تۆمارکردووەو ئەگەرچی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە چالاکبوونی زۆر زیاتری ئەو ناوچەیە کارناکاتە سەر ژیان و تەندروستی ئادەمیزاد و بوونەوەرەکانی دیکە، بەڵام کەشتییە ئاسمانییەکان و مانگە دەستکردەکان، کە بەهۆی خولگەکانیانەوە ڕاستەوخۆ بەنێو ئەو ناوچەیەدا تێدەپەڕن، ڕووبەڕووی هەڕەشەی کارتێکردنی ئەو پرۆتۆنە بارگە بەرزانە دەبنەوە کە بەشێوەیەکی یەگجار زۆر چڕ لە خۆرەوە دەردەچن و ڕەنگە بێتە هۆی تێکدان و شەڕاندنی نەخشە ئەلیکترۆنییەکان و بەرکەوتنی زیانێکی گەورە بە سیستەمەکانی کارکردنیانەوە، بۆیە پێویستە پلانێك هەبێت بۆ لایەنی کەم، وەستاندنی هەندێ لە بەشە هەرە هەستیارەکانی مانگە دەستکردو کەشتییە ئاسمانییەکان کاتێك بەو ناوچەیەدا تێدەپەڕن تا هەڕەشەی تێکچوون یان زیان پێکەوتنیان لێ دوور بخرێتەوە.

جێگای ئاماژە یە پسپۆرانلەو باوەڕەدان کەوا ئەو دیاردەیە نوێ نییە لەو ناوچەیە، بەڵکو تازەترین لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو ناوچەیەدا تێدەپەڕن، ڕووبەڕووی هەڕەشەی کارتێکردنی ئەو پرۆتۆنە بارگە بەرزانە دەبنەوە کە بەشێوەیەکی یەگجار زۆر چڕ لە خۆرەوە دەردەچن و ڕەنگە ببێتە هۆی تێکدان و شەڕاندنی نەخشە ئەلیکترۆنییەکان و بەرکەوتنی زیاد دەکات.

هۆکارێکی دیکەی لەناوچوونی بەرگە هەوای (مەریخ) دۆزرایەوە



بە پێچەوانەی زەوی، کە لەناوجەرگەیدا کایەیەکی موگناتیسی زۆر بەهێز دەردەچێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی چینی هەرە گرنگی ناسراو بە (بەرگی موگناتیسی زەوی) کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە پاراستنی بەرگە هەواو هەر هەموو جۆرەکانی ژیان لەسەر هەسارەی زەویدا، دەرکەوت کەوا هەسارەی (مەریخ) لەچینەکانی دەرەکیی بەرگە هەوایەکەیەوە، جۆرە کایەیەکی موگناتیسی زۆر سادەو لاواز دروست دەبێت.

بەو پێیەی کەوا هەسارەی (مەریخ) خاوەن کاکڵێکی موگناتیسی نییە، ئەوا بێگومان ناتوانێ وەك زەوی، بەرگێکی موگناتیسی کارا دروست بکات تا بەرگەهەواو ڕووەکەی لە بەرکەوتنی وێرانکارانەی (تەنۆچکە بارگاوییەکانی خۆر) بپارێزی، بەم شێوەیەش بوار زۆر بەسانایی دەرەخسێ تاوەکو تەنۆچکەکانی بەرگە هەوای ئەم هەسارەیە دزەبکەن بۆ بۆشایی ئاسمان و لە کۆتاییدا ببێتە هۆی لەناوبردنی ڕووکەی.

بە پێی داتاو نەخشەی (پێکهاتەی بەرگی موگناتیسی) دەستکەوتوو لە مانگی دەستکرنی (MAVIN) ی سەر بە ئاژانسی (ناسا) کەماوەی زیاتر لە شەش ساڵە بە دەوری مەریخدا دەخولێتەوە، دەرکەوت کەوا کاتێك تەنۆچکە بارگاوییەکانی خۆر بە خێرایی 1 ملیۆن میل لەیەك کاتژمێردا لە چینە هەرە بەرزەکانی ئەو هەسارەیەدا کارلێك دەکەن و تێکدەشکێن، ئەوا ئەلیکترۆنەکان لە گەردیلەکان جیادەبنەوە، بۆیە ئەو ناوچەیە یەگجار زۆر گەیەنەر دەبێ بۆ هەر چالاکییەکی کارەبایی کە بە شێوەیەکی تیایدا ڕووەدات، ئەمەش وادەکات ئەو ئەلیکترۆنە و پرۆتۆنانەی کە لەم پرۆسەیەدا بە هۆی بارگە کارەباییە پێچەوانەییەکاندا سەربەست بوونە، بە شێوەیەکی بەرچاو دەربچن و جۆرێك لە (تەوژمی کارەبایی) یان لێ دەربچێ و پاشان لەو ناوچانەی کە خۆرەتاون بخزێ و دزەبکات بۆ ئەو ناوچانەی کە تیایدا شەوە، ئەمەش بواری ناسراو بە (بەرگی موگناتیسی تازەکراو) دێنێتە ئاراوە، لە دەرەنجامدا، ڕێگە دەگیرێت لە بڕێکی زۆر کەمی تیشکە زیانبەخشەکان کە لە خۆرو ئەستێرەکانەوە دەردەچن تا بە ڕووی ئەو هەسارەیە نەکەون، بەڵام بەداخەوە، ئەو بەرگە لاوازە هیچ کاریگەرییەکی نییەو ناشێبێت بۆ پاراستنی بەرگە هەواو ڕووی هەسارەکە لە هەڕەشە هەرە مەترسیدارەکان.

سەرەتای گەشتە بێ مرۆییەکان بۆ هەسارەی (مەریخ) و گەڕان بە داوی هێماکانی ژیاندا

لەسەر لووتکەی لیستی ئەو هەسارانەی کە شك و گومانی بوونی ژیانی لەسەریدا بکرێت، هەسارەی سوورە واتە (مەریخ) ە.

لە ڕووی فیزیا-فەلەکناسییەوەش، هەسارەی سوور بەمەودای 250 ملیۆن کم لەخۆرەوە دوورە، تیرەکەی دەگاتە 6794 کم، واتە کەمێك لە نیوە تیرەی زەوی گەورەترە، بەماوەی نزیکەی 600 ڕۆژ خولێك بەدەوری خۆردا تەواو دەکات و بە ماوەی 24.30 کاتژمێر خولێك بەدەوری تەوەرەی خۆیدا تەواو دەکات، لەبەر لاری ئاستی خولگەیی هەسارەکە بە 24 پلە، گۆڕانکاری لە بڕی پلەی گەرمی ڕووەکەیدا بەدیدەکرێت لە کورت بوونەوەی ماوەی شەوو ڕۆژ و لە ڕووی زانستیشەوە، مریخ هەرچوار وەرزی ساڵی هەیە، بەڵام وەکو زەوی بە گیان و خرۆش نییە !، واتە گۆڕانکارییە ناسراوەکانی تیادا ڕوونادات .

بەر لە ماوەیەکی یەکجار زۆرو ئێستاشی دەگەڵدا بێت، مەریخ ببووەو هەربۆتە سەرچاوەی گفتوگۆو مقۆ مقۆی زانایان لە چەندین بواردا، بەتایبەتی مەسەلەی ژیان لە سەریدا، سەرەتا یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین گالیسکەو کەشتی ئاسمانی بێ مرۆییان ئاڕاستەی هەسارەی سوور کرد، لەوانە، نێردراوەکانی (مارس - Mars probes) ی ڕووسیایی لە نێوان ساڵانی 1961 - 1975 دا، هەروەها نێردراوەکانی (ماریئنر - Mariner) لەنێوان ساڵانی 1964 - 1969 و گەشتی ناوداری (ڤایکینگ Viking 1&2) ی ساڵی 1975 کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ئەنجام درابوون .

کاری سەرەکی ئەم گالیسکانە بریتی بوو لە گەڕان و پشکنین و شیکردنەوە و گرتنی وێنەی فۆتۆگرافی و تۆمارکردنی دیاردە تۆپۆگرافی و کەش و هەواو و سروشتی خاك و خۆڵ و بەردی هەسارەکە، بەڵام بەر لە هەموو شتێك، وێنە سەرەتاییەکانی گالیسکەی ماریئنر 6، زانیانی حەپەساندو هەناسە ساردو دەستەوەستانی کردن ! کاتێك بە ئاشکرا لە نێو وێنە فۆتۆگرافییەکانیدا و بۆ یەکەمجاریش لە مێژووی زانستی فەلەکناسیدا، کەناڵی بە ئاو هەڵکەندراوی سروشتی و ئاسەواری ڕێڕەوی زێی کۆن و ڕووباری بچووك بچووك و نشێوی دەریایی دەرکەوتن ، بەڵام گشتیان بە وشکی کەوتنە بەر دیدی زانا داماوەکان ! .

ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە، دەبینین لە ساڵی 1877 ی زایینیدا، فەلەکناسی ئیتاڵیایی (جیۆڤانۆ شیباریللی) لەمیانەی چەند ڕوانگەکردنێکی تەلەسکۆپیدا چەندین شێوە - کەناڵی - هەڵکەندراوی (ناسروشتی) بینیوە !! ئەم کەناڵانەش بەبۆچوونی شیباریللی (بەدەستی بوونەوەرە هۆشمەندەکانی سەر ئەو هەسارەیە هەڵکەندراون بۆ هێنانی ئاو لە جەمسەرە بەستووەکانەوە بۆ نێو شارەکانیان !؟) .

بۆ زیاتر ڕوونکرنەوەی مەسەلەکەش، شیباریللی هەڵسا بە نەخشەکێشانێکی وردی دیمەنی بینراوی نێو تەلەسکۆپەکەی، چونکە ئەوکات کامێرای فۆتۆگرافی دانەهێنرابوو، ئەم بۆچوونەی شیباریللی و پاڵپشت بە نەخشە کێشراوەکەی، وەکو بۆمبێك لەنێو نێوەندە زانستی وفەلەکییەکان بەتایبەتی تەقییەوە، هەر لەو کاتەوەش پسپۆران و بگرە خەڵکی سادەش بەردەوام بیریان لە ئەگەری بوونی ژیانێکی زۆر پەرەسەندوو و پێشکەوتووتر دەکردەوە لەسەر ئەم هەسارەیەدا، بەڵام بەداخەوە ! ، گالیسکەی ماریئنر 6 لە ساڵی 1969 تەواوی ئەو بۆچوونانەی وەك چیرۆکێکی ئەفسانەیی لە قەڵەمدا کاتێك لە وێنەکانیدا، مەریخی وەکو بیابانێکی (ساردو وشکی !) بێ یەك مسقاڵە ئاوەدانی بە ئێمەی ناساند !

سەرەڕای ئەم دەرەنجامە وشك و دڵشکێنەرانە، زانایان کۆڵیان نەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، فەلەکناسان و ئەندازیاران، جارێکی دیکە و بە گوڕو توانایەکی بەهێزتر هاتنەوە نێوگۆڕەپانی لێکۆڵینەوە زانستییەکانیان، ئەوەبوو 55 پسپۆڕو لێکۆڵەرەوەی زانستی و ئەندازیار دوای چەندین کۆبوونەوە، بڕیاریاندا پڕۆژەی گالیسکەی ڤایکینگ 1 و 2 ئەنجام بدەن، پڕۆژەکەش بەکورتی بریتیی بوو لە نارەدنی کەشتییەکی ئاسمانی و نیشتاندنەوەی لەسەر ڕووی هەسارەکە .

لە 20 ی تەممووزی 1976 گالیسکەی Viking 1 لە ناوچەی (کریس پلانیشیا) لەنیوەگۆی باکووری هەسارەکەدا بەسەرکەوتوویی نیشتەوە، پاشان گالیسکەی ڤایکینگ 2 لە 3 ی ئەیلوولی هەمان ساڵ لە ناوچەی ناسراو بە (یۆتۆپیا پلانیشیا) نیشتەوە، لە ڕووی تەکنیکی و زانستیشدا هەردوو گالیسکەکە بریتی بوون لە دوو تاقیگەی پێشکەوتوو - هەڵبەتە بە پێوانەی ئەو کاتە - لە ڕووی گرتنی وێنەی فۆتۆگرافی سەر ڕووی هەسارەکە بۆ یەکەمجار و لەوەش گرنگتر ئەنجامدانی چەند تاقیکردنەوەو شیکردنەوەیەکی زانستیانە هەمدیس بۆ یەکەمجار، ئەمەش بۆ وەدەست هێنانی وەڵامێك بۆ پرسیارە میژوواییەکان !، ئەوەبوو لە ڕێگای باسکێکی ڕۆبۆتی چەند نموونەیەك لەخۆڵی مەریخ هێنرا بۆ نێو تاقیگەیەکی بچووك لەنێو گالیسکەکەداکەتیایدا سێ تاقیکردنەوەی زانستی - شیکردنەوەیی ئەنجام درا بۆ تۆمارکردنی هەر کاردانەوەیەکی بایۆلۆژی یان کیمیایی لە نێو خاکی مەریخدا، دوای پێبەخشینی ئەو نموونە خۆڵییەی مەریخ بەچەند پێکهاتەیەکی ئۆرگانی کەلە زەوییەوە نێردرابوو، هەروەها بەرزکردنەوەی پلەی گەرمیی نموونە خۆڵییەکە تا 625 پلەی سەدی بۆ وەدەستهێنانی هەندێ دەرەنجام، جگە لەوانەش (

تاقیکردنەوەی گازگۆرکێ) لەپاڵ دووتاقیکردنەوەی دیکە، کە گشتیان بە هەنگاوی گرنگ ژمێردران بۆ تۆمارکردنی ئەگەری ڕوودانی پڕۆسەی گازگۆرکێ لە ڕێگای هەر زیندەوەرێك - ئەگەر هەبێت - لە نێو ئەو نموونە خۆڵییە گەرمکراوو بەخش کراوە بە چەند پێکهاتەیەکی ئۆرگانیدا،کەچی بە داخەوە ، لە هیچ کامێك لەو تاقیکردنەوانە ئەنجامی پۆزەتیڤی سەد دەر سەدی لێ وەدەست نەهاتن، بەڵام هەمدیس زانایان کۆڵیان نەدا بەرامبەر ئەم دەرەنجامە سەرەتاییانە، ڕەنگە دڵخۆشکەرترین هۆکاریش بۆ وەدەست نەهێنانی دەرەنجامە پێشبینی کراوەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەوا هەدوو گالیسکەکە تەنها بەشێکی ئێگجار زۆر بچووکی خاك و ڕووی بەرفراوانی ئەم هەسارەیەیان پشکنیوە، هەروەها ئەم تاقیکردنەوانەش لە ڕێگای ئامێری زۆر سادەو ساکار ئەنجام دراون بەرامبەر بە ئاستی تەکنەلۆژی ئەمڕۆکەمان، سەرباری ئەوەش تاقیکردنەوەکان تەنها لەسەر ڕووی خاکی مەریخ ئەنجام دراون لەکاتێکدا هێشتا نەتوانراوە ئامێری تازەو پێشکەوتوو ڕووەو قوڵایی خاکی ئەم هەسارەیە بنێردرێت کەوا دەرکەوتووە زۆر دەوڵەمەندە بە سەهۆڵی ئاو! .



مێسی ئامادە نییە وەڵامی تەلەفۆنی سەرۆک بداتەوە

بارتۆمیۆ: ئەگەر مێسی بەئاشکرا لەبەردەم میدیاکان بڵێت من کێشەم لەگەڵ تۆ هەیە، ئامادەم دەست لەکار بکێشمەوە





هاوار مورتکەیی

مێسی.. مێسی دەڕوا.. مێسی.. مێسی نارۆات.. مێسی.. ئەمە هەواڵی سەرەکی چەند رۆژی رابردووی زۆربەی میدیاکانی جیهانە، هەریەکەو بەشێوەیەك ئاماژەی بۆ دەکات، بەشێوەیەك کەشوهەواکەی ناو کامپ نوو زیاتر گرێ گرتووە، بەتایبەتیش کە تادێت هەواڵەکان باس لەئەگەرێکی زۆری رۆیشتنی ئەو یاریزانە دەکەن لەم هاوینەدا.

بەرشلۆنە ناهێڵێت بڕۆات

پێشتر مێسی بەفەرمی فاکسێکی ئاراستەی دەستەی کارگێڕی یانەکە کردبوو، ئاگاداری کردبوونەوە کە نیازی ئەوەی هەیە بەرشلۆنە جێبهێڵێت، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە بەندی رێککەوتنەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە کە ئازادە و بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێك لەبەرامبەری دا هەبێت، یانەکەی جێبهێڵێت، دیارترین ئەو هۆکارانەی پاڵ بەمێسییەوە ناوە ئەو بڕیارە بدات و ئەوێ جێبهێڵێت، رازی نەبوونییەتی بە ما مە لە کر د نی دەستەی کارگێڕی یا نە کە ی بە سە ر ۆ کا یە تی ماریا بارتۆمیۆ، هەر بۆیەشە مێسی رەتیکردەوە کە بەمدواییە وەڵامی پەیوەندی تەلەفۆنی بارتۆمیۆ بداتەوە، ئەگەرچی بەرشلۆنە چەند جارێك لەزاری رامۆن بلانیس سکرتێری تەکنیکی یانەکەوە ئەوە دووپاتکراوەتەوە کە بەهیچ شێوەیەك رێگا نادەن ئەو یاریزانە ئەرژەنتینییە بڕۆات و هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی رازی بکەین بمێنێتەوە.

بارتۆمیۆ تەڵەی داناوەتەوە

لەلایەکی دیکەوە کاتێك بارتۆمیۆی سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە خۆی لەبەرامبەر نارەزایەتییەکانی جەماوەرەکە بینییەوە، هاتە دەنگ و ڕایگەیاند کە ئامادەم دەست لەکار بکێشمەوە، ئەگەر مێسی بێتە دەنگ و بەامبەر میدیاکان بڵێت کە کێشەی لەگەڵ منذا هەیە، بارتۆمیۆش زیرەکانە هاتە وەڵام و پێی وایە ئەمە تەڵەیەکی بۆ مێسی کە بتوانێت لەم قەرانانەدا دەربازی بکات، چونکە ئەگەر هاتوو مێسی لەبەرامبەر میدیاکان دەرکەوت و گوتی هۆکاری سەرەکی کێشەکان هەمووی بارتۆمیۆیە، ئەوا بارتۆمیۆ دەست لەکار دەکشێنێتەوە و خۆی بەرامبەر جەماوەرەکە خۆ بێ تاوان نیشان دەدات، بەپێچەوانەوەش ئەگەر مێسی بێدەنگی نواند و یانەکەی جیهێشت، ئەوا بۆ هەمووان دەردەکەوێت کە ئەو یاریزانە نیازی رۆیشتنی هەبووە بۆە ئەو تۆمەتانە دەگوترێنەوە.

مان سیتی چانسی گەورەی هەیە

ئەمانە لەناو ماڵەکەی کامپ نوو، لەدەرەوەش کێبڕکێ و بینەوبەردەیەکی زۆر هەیە و یانە گەورەکان خێرا کەوتوونەتە خۆ بۆ ڕاوکردنی مێسی ئەمە لەکاتێك دڵنیابوون لەوەی ئەو یاریزانە لەبەرشلۆنە دەڕوات، لەوانە یانەکانی مانچستەر سیتی، پاریس سان جێرمان، ئینتەر میلان، ئەگەرچی ئەو یانانە ئەوەی بەکارێکی هێندە ئاسان نابینن، بەتایبەتی لە زەبەلاحی نرخی یاریزانەکەو و قەیرانی دارایی یانەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەو لای خۆیەوە بەوردی چاودێری هەواڵەکانی کەتالۆنیا دەکەن، لێرەدا چانسی یانە ئینگلیزییەکە لەهەمووان گەورەترە، چونکە مێسی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەر هەیە.

یەک لێدوانی مێسی بەسە

جەماوەری بەرشلۆنە زۆر نیگەرانن لەئەگەری ڕۆیشتنی مێسی لە بەرشلۆنە، بەڵام زۆربەیان ئەو ڕایەیان لا دروستە بووە کە یاریزانێك 20 ساڵ لەبەرشلۆنە بێت، وا بەئاسانی ناتوانی بڕاری ڕۆیشتن بدات، بەڵکو هەموویان پێیان وایە مێسی ئەمە وەك فشارێك بۆ سەر دەستەی کارگێڕی یانەکە ئەنجامی دەدات، بەڵام دواجار هەموو ئەمانە بەیەك لێدوانی مێسی لەبەردەم میدیاکان یەکلایی دەبێتەوە و کۆتایی لەو هەلایەی ناو میدیاکان دەهێنێت، ڕۆژنامەی ئیسپانی لە ژمارەی پێرێدا بەمانشێتێك نوسیبووی (مێسی دەچێتە جەنگەوە).



مان ستی گەورەترین چانسی بردنەوەی مێسی هەیە

یاریزانە ئەرژەنتینییەکە بڕۆات و هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی رازی بکەین بمێنێتەوە.





دیۆکۆڤیچ

هەڕەشە لەخەونی لاوەکان دەکات

یاری نەکردنی هەریەك لە رافاییل نادال و ڕۆجەر فیدرێر لە پاڵەوانێتی کراوەی ئەمەریکادا، دەرفەتێك و هەلێکی زێڕینە بۆ نەوە تازەکان لە لاوان کە هەیمەنەتی خیان بخەنە سەر پاڵەوانێتییە گەورەکانەوە.

لەماوەی 21 ساڵدا ئەمە یەکەمجارە تیروپشکی راوندی سەرەکی لە چوار پاڵەوانێتییە گەورەکەدا، دوو لە دیارترین ئەستێرەی جیهانی تێدا نەبێت، ئەوانیش نادا و فیدرێر، بەمەش دەرفەتێکی باش بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕەخساوە جێی خۆیان بکەنەوە، بەڵام بەربەستێکی گەورەیان لەپێشە کە دیۆکۆڤیچی پۆڵینی یەکەمی جیهانییە، کە بۆتە هەڕەشەیەك لەسەر خەونی ئەو لاوانەدا، ئەو ئەستێرەیە نیگەرانی خۆی ڕاگەیاندبوو کە ئەم دوو یاریزانە بەشداری ناکەن و لەو پاڵەوانێتییەدا زۆر بیریان دەکات.

ئایا بایرن میونشن چوارینەی 2020 تەواو دەکات؟



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

یانەی بایرن میونشن یەکێکە لە یانە هەرە دیار وبەناوبانگەکانی ئەڵمانیا و وجیهاندا، هەروەها یەکێك بووە لەو یاناندی هەمیشە وبەردەوام لە یاریگاکاندا ڕۆڵی هەبووە و لەپێش چاواندا ون نەبووە ،بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە لە ململانێدایە بۆ بەدەستهێنانی ناسناو.

بایرن بە مانا و واتا جیهانیەکەی باڤاریایە یانەیەکی دێرین و کۆنە و بۆتە مێژوو نەوەك بەتەنیا بۆ ئەڵمانیا ،بەڵکو بۆ تەواوی تۆپی پێی ئەوروپا وجیهان ، ئەگەر سەیری مێژووی بکرێت بەردەوام ئەوە دێتە بەرچاوان کە زۆرجاران نیوەی پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە یاریزانانی ئەم یانەیە پێك دێت ، سەردەمی فرانز بیبکنباوەر و جێرد مۆللەر و بۆڵ براینەر و هێنس و سیب مایەر و زۆرانی دیکە ودواتر کارڵ هانز ڕۆمەنیگا و لۆتار ماتیاس بوو ، ئێستاش تۆماس مۆللەر و مانوێل نێوەر و سێرجی نابری ، جگە لە یاریزانانی دەرەوەی ئەڵمانیا لەسەرووی هەمووانەوە ئیڤاندڤسکی ، مێژووی بایرن مۆنشن ئەو مێژووە نیە بە سانایی لێی بروانرێت ، چونکە یەکێکە لە یانە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان وبەردەوام ڕووی گەشی تۆپی پێی ئەڵمانیانی نیشانداوە، بۆ وەرزی 2019-2020 ئەگەرچی پەتای کۆرۆنا بەهێزەوە هاتە گۆڕەپان زۆربەی وێستگەکانی ژیانی بە تۆپی پێ شەوە ڕاوەستاند ،بەڵام ئاستی بایرن لە جاران باشتر نمایشەکانی بەدیارخست وئاستی ڕانەوەستا، هەردوو خول وکۆپی ئەڵمانیا لەڵایەك وسەرکەوتنەکانی لە پاڵەوانێتی یانەکانی ئەوروپا چامپیۆنلیگ لەلایەکی دیکەدا جەماوەر و چاودێرانی تۆپی پێی خستە جۆرێك لەسەر سوڕمان، چونکە هەر یانەیەك بهاتبوایە پێشی بەگۆلی زۆر یاریگای پێ جێدەهێشت گەورەترینیان بەرانبەر بەرشلۆنە وچیلسی ولیۆن بوو، سێ ناسناوی ناوخۆیی وئەوروپی مێژوویەکی سەرفرازی دیکەی بۆ یانە ئەڵمانییەکە تۆمارکرد، ئێستاش چاوی لە چوارینەیە، ئەویش سوپەر کۆپی ئەوروپایە کە بڕیارە لە بۆدابست لە هەفتەی کۆتایی مانگی سێپتەمبەری دادێ واتا 24-9-2020 لە (بۆشکاش ئارێنا) ڕووبەڕووی سێفیلیای ئیسپانی بباتەوە ئەگەر لەمەشیان سەرکەوتووبێت چوارینەی ئەم وەرزە مسۆگەر و تەواو دەکات کە زۆر چاوی لەسەرە.



پاڵەوانانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا

یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، توانی لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، بە گۆڵێکی خاوێن، لە یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی بباتەوە و کۆی نازناوەکانی لەو پاڵەوانەتییەدا بگەێنێتە 6 نازناو، بەمەش بە پێش یانەی بەرشلۆنە کەوتەوە، کە خاوەنی 5 نازناوە و خۆی گەیاندە ریزی لیڤەرپوول، کە خاوەنی 6 نازناوە. یاریزانی فەرەنسی کینگسلی کومان، تاکە گۆڵکەری بایرنی تۆمار کرد، کە گۆڵی ژمارە 500 ی یانەکەی باڤاریا بوو لەو پاڵەوانەیەتییەدا، بەمەش بایرن هاتە پلەی سێیەمی ئەو یانانەی کە زۆرترین گۆڵیان لەو پاڵەوانەیەتییەدا تۆمار کردووە، ریال مەدرید (567) و بەرشلۆنە(517) گۆڵ.

خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، کە لە ساڵی 1956 دەست بە ئەنجامدانی کراوە، تاکو ئێستا 65 ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە. یانە ریال مەدرید بە گەورەی ئەو پاڵەوانەیەتییە دادەنرێت بە بەدەستهێنانی 13 نازناو، دوای ئەو یانەی میلانی ئیتاڵی دێت بە 7 نازناو، یانەکانی بایرن میونخ و لیڤەرپوول لە پلەی سێیەم دێن بە 6 نازناو، یانەی بەرشلۆنە لە پلەی چوارەم دێت بە 5 نازناو، ئەیاکس ئەمستردام لە پلەی پێنجەم دێت بە 4 نازناو، یانەکانی مانچستەر یونایتد و ئینتەرمیلان خاوەنی 3 نازناون، یانەکانی بەنفیکا، پۆرتۆ، یۆڤانتس و نۆتینگهام فۆریست خاوەنی 2 نازناون، یانەکانی چێلسی، بوروسیا دۆرتمۆند، مارسیلیا، ڕێدستار، ئایندهۆڤن، ستیوا بوخارست، هامبۆرگ، ئەستۆن ڤیلا، فینۆرد و سەلتیکیش خاوەنی 1 نازناون. لەسەر ئاستی وڵاتانیشەوە، ئیسپانیا یەکەمە بە 18 نازناو، ئینگلتەرا دووەمە بە 13 نازناو، ئیتاڵیا سێیەمە بە 12 نازناو، ئەڵمانیا چوارەمە بە 8 نازناو، هۆڵەندا پێنجەمە بە 6نازناو، پورتوگال شەشەمە بە 4 نازناو، وڵاتانی فەرەنسا، یۆگسلافیا، ڕۆمانیا و سکۆتلەندناش خاوەنی 1 نازناون.

ڕەمزی میرەکانی

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Sun.30 Aug. 2020 No.:(5995)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net


بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

دەیان سروود و گۆرانی بۆ پێشمەرگە و کوردستان گوتووە

هونەرمەند خدر خۆشناو، دوای زیاتر لە 40 ساڵ خزمەتی هونەری ماڵئاوایی لەژیان و هونەر کرد









هێمن ئاری

دوای تووشبوونی بەڤایرۆسی کۆرۆناو مانەوەی نزیکی 14 ڕۆژ لەنەخۆشخانە، سەرلەبەیانی ڕۆژی 27 ی ئەم مانگە بەهۆی ناجێگیری و خراپتر بوونی باری تەندروستی هونەرمەندی میللی و دەنگخۆشی شاری هەولێر خدر خۆشناو گیانی سپارد.

هونەرمەندی میللی خدر خۆشناو یەکێک بوو لە گۆرانیبێژە دەنگخۆشەکانی شاری هەولێر و خاوەنی چەندین سرود و گۆرانی و بەرهەمی هونەری جوانە، ئەو هونەرمەندە لەساڵی 1978دەوە هاتۆتە نێو بواری هونەری میوزیک و چەندین بەرهەمی جوانی پێشکەش بەهونەر و گۆێگرانیکردووە و لەسەرەتای هەشتاکان یەکەم گۆرانی بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکوک تۆمارکردووە و تابەر لەکۆچکردنیش هەر بەردەوام بووە.

وەک خۆی لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی ئاماژەی بۆ دەکات لەساڵی 1982 یەکەم گۆرانی بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکوک تۆمارکردووە، تاساڵی 1989 و تا ساڵی 1990 تەنها شەش گۆرانی تۆمارکراوی لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک هەبووە، دەڵێت: دوای ئەوەش چەندین سرود و گۆرانی و ئاهەنگم هەبووە و بەردەوامم لەخزمەت و کاری هونەریدابووم. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات لەساڵی 1981 دەوە لەکۆمەڵەی هونەری کوردی دەستی پێکردووە تاهەنووکەش لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەی شاری هەولێر ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردین و هەم لەم کۆمەڵەیە و هەم لەتیپی نەتەوەیی هونەرە میللییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەردەوام بووە لەکاری هونەری و چەندین ئاهەنگیان لەناوەخۆ و دەرەوەی کوردستان سازکردووە.

لەکاتی بەخاکسپاردنی کۆمەڵێک لەهونەرمەندان و هونەر دۆست و هاوڕێی و کەس و کاری ئامادەی مەراسیمی بەخاکسپاردنی خدر خۆشناو بوون. هونەرمەند عارەب عوسمان وەک هاوڕێیەکی نزیکی ئەم هونەرمەندە لەبارەی لەدەستدانی خۆشناو گوتی: ژیان ئاوایە ئەوەی بێت دەبێت بمرێت، ئەوە ڕێگەی هەموومانە. ئامادەی بەوەدا خدر خۆشناو نزیکی پەنجا ساڵە خزمەت بە هونەری کوردی دەکات،ئەو لەرۆژگارە سەخت و دژوارەکاندا کە ڕووبەرووی گەلەکەمان بۆتەوە لەڕێگەی سرود و گۆرانییەکانی پشتگیری پێشمەرگەوە میللەتەکەی کردووە. جیالەوەش کاک خدر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە خزمەتکردنی فۆلکلۆری کوردی و لەگەڵ کۆچکردوو کاک جەلال سەعید هەمیشە خزمەتی زۆرییان بەزیندووکردنەوەی هونەری میللی و فۆلکلۆر کردووە لەتیپی هونەرە میللییەکاندا.

کاک خدر هونەرمەندێکی ڕاستەقینە و چاو نەترس بوو،ئەو کاتانەی ئەو لەسەردەمە سەختەکاندا ئەو سرودانەی دەگوت هەموو کەس نەیدەتوانی وەک ئەو بیانڵێت. عارەب عوسمان دەشڵێت: داواکارم لەخودا هونەرمەند خدر خۆشناو بەهەشتی خۆی شاد بکات و سەبوری ئێمەو کەس و کاریشی بدات.

هەروەها ئازاد خۆشناو کەدەکاتە بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو گوتی: دوای 14 مانەوەی لە نەخۆشخانە و دوای هەوڵ و ماندووبوونی پزیشکان بەداخەوە کاتژمێر 6 ی سەر لەبەیانی باری تەندروستی بەهۆی ئەم ڤایرۆسە نەگبەتییە ناجێگیرتربوو چووە بەر دلۆقانی یەزدانەوە. هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆی و بنەماڵەکەی ئاراستەی تەواوی ئامادەبووان و و هونەرمەندان و هاورێیانی هونەرمەند خدر خۆشناوی بۆ ئاراستە کرد کە لەخەمی نەخۆش کەوتن و گیان لەدەستدانی براکەی دابوون. گوتیشی: ڕاستە بۆ ئێمەبوو ، بەڵام ئەو تەنها لەئێمە نەچوو،بەڵکو لەهونەر و تەواوی هونەر دۆستان و شاری هەولێر و کوردستان چوو.

هونەرمەند خدر خۆشناو لەساڵی 1961 لەشاری هەولێر لەدایکبووە، لەساڵی 1987 دەستی بەکاری هونەری و گۆرانی گوتن کردووە، لەساڵی هەشتاکان تا ڕاپەڕین شەش گۆرانی تۆمارکراوی لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک هەبووە. ئەندامی تیپی هونەرمەندە میللییەکانی هەولێر بووە. باوکی پێنج کچ و سێ کوڕ بوو. بەیانی 27/8/2020 کۆچی کرد لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەشاری هەولێر بەخاک سپێردرا.

عارەب عوسمان:

خدر خۆشناو خزمەتێکی بەرچاوی بەزیندوو کردنەوەی فۆلکلۆر و هونەرە میللییەکان کرد

براى خدر خۆشناو: خدر خۆشناو بەس لەئێمەو بنەماڵەکە نەچوو،ئەو لەهونەر و هەموو کوردستان چوو

فیلمی سینەمایی سەفەری نەمری لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی واشنتۆن وەرگیرا

ئا.ڕەوەند جەواد .ئەڵمانیا

فیلمی سینەمایی سەفەری نەمری لە دەرهێنانی سینەماکار فرانک گلبرد ، بۆ یەکەمین جار بەشداری فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە وڵاتی یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە واشنتۆن دەکات.

لە لێدوانێکی هونەرمەند و سینەماکار ناسر حەسەن بەڕێوبەری بەرهەم و ئەکتەری فیلمی سەفەری نەمری ڕایگەیاند ئەو فیلمە لە سەدا 90 لە کوردستان وێنەگیرا و لە سەدا 10 لە بەغدا وێنەگیرا،لەگەڵ چەند دیمەنێکی تر لە وڵاتی ئەمریکا وێنەگیرا،بە بەشداری ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی کریچ ڕۆبەرتس لەگەڵ چەندان ئەکتەری تر کورد وعەرەب لە ئەکتەرە کوردەکان یونس حەمە کاکە و تاریق ئاکرەیی ،ئەو فیلمە باسی ساڵانی 1985 و ساڵی 1986 دەکات، لە زیندانی ئەبوغرێب باس ئەکات چیرۆک ،لە گرتنی چەندین کەس بە تایبەت ئاشوریەکان و عێراقیەکان و کوردەکان پاڵەوانی چیرۆکی ئەو فیلمە لە زیندان ڕادەکات ، دوایی مانەوە لە چەند شوێنکی باخ جێگایەک ،دواتر دەچێتە کەرکووک و هەولێر و دواتر موسڵ و دواتر بۆ چیا بۆ لای پێشمەرگە ،دواتر دەچێتە وڵاتی تورکیا لەوێ ئەو کەسە دەگیرێ حەوت ساڵ زیندانی ئەکرێ ،لەوێش لە زیندان ڕادەکات،دەگاتە ئەمریکا ئەو پیاوە بۆ میدیاکانی ئەمریکا و ئەورووپا ڕۆژنامە باسی ئەو زیندانەی ئەبووغرێب ئەکات،ناسر حەسەن ئەوەش گوت، من لەو فیلمە وەک ڕۆڵ بینین و پڕۆدیسەری ئەو فیلمە بوومە،وەک تازەترین فیلم بۆیە کەمجارە لە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی قبوڵ بکرێ .



